

18 ئەو پیاوەی بەپەرداخێ ئاو شارێکی خنکاند


22 ئەو دەرزییەی مایکڵ جاکسۆن خۆی پێکوشت بە ٥ ملیۆن دۆلار فرۆشرا

23 کەیت وینسلت لەهاوسەرەکەی جیابووەوە

12 شوان قەرەداغی: بیرم لەهاوسەرگیری نەکردووەتەوە



# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (٢٤)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٣/٢٤
(٢٤) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


پاری بخوێنەرەوە
پاشکۆیەکی وەرزشیی رۆژنامەی دەستوورە، رۆژانی دووشەممە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

13 هاوسەرەکەی ساندرا بولوک داوای لێبوردن دەکات

# دەستوور ناوی کاندیدە کوردە دەرچووەکان بڵاودەکاتەوە

## پارتی ٢٨، یەکێتی ١٣، گۆڕان ٨، یەکگرتوو ٤و کۆمەڵ ٢ کورسی بەدەستدێنن

# چوار کاندیدی یەکێتی بۆ پارتی پاشەکشە دەکەن

**تایبەت بە دەستوور**

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان کە کۆمسیۆن بڵاویکردووەتەوە، پارتی ٢٨، یەکێتی ١٣، گۆڕان ٨، یەکگرتوو ٤و کۆمەڵ ٢ کورسییان بەدەستهێناوە، مەحمود عوسمانیش وەک پاڵێوراوی بێلایەن کورسییەکی بردووەتەوە.

بەپێی ئەنجامە بەراییە راگەیەنراوەکان ٩٠٪ تا ٩٨٪، لەپارێزگای هەولێر: پارتی ٩، گۆڕان ٢، یەکێتی ١، یەکگرتوو ١و کۆمەڵ ١ کورسییان بەدەستهێناوە.

لەپارێزگای سلێمانی: گۆڕان ٦، یەکێتی٥، پارتی ٢، یەکگرتوو ٢، کۆمەڵ ١و مەحمود عوسمان ١ کورسییان بەدەستهێناوە.

لەپارێزگای دهۆک: پارتی ٩و یەکگرتوو ١ کورسییان بەدەستهێناوە.

لەپارێزگای کەرکوک، یەکێتی ٤و پارتی ٢ کورسییان بەدەستهێناوە.

لەپارێزگای موسڵ: پارتی٦و یەکێتی ٢ کورسییان بەدەستهێناوە.

لەدیالەش تەنها یەکێتی یەک کورسی بردووەتەوە.

دەستوور لەدیاریکردنی کورسیو حیزبەکانو ناوی کاندیدەکان پشتی بەستووە بەو ئەنجامانەی کۆمسیۆن بڵاویکردوونەتەوە، لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنەکان کە ئەو کاندیدانە دەردەچن کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە، بەبێ رەچاوکردنی ریزبەندییان لەلیستەکانیاندا، هەروەها بەپێی یاساکە لەهەر ٤ کورسی لیستێک دەبێت یەکێکیان ژن بێت، بەو پێیەش چەند کاندیدێک پاشەکشەیان پێدەکرێت بۆ ژن، بەپێی ئەو رووپێوییەش ئەنجامی حیزبەکان لەلیستی هاوپەیمانی گۆڕانی بەسەردا دێت، دوو کاندیدی یەکێتی لەسلێمانی کە محەمەد حەمە عەلیو وریا فەرەجن پاشەکشە دەکەن بۆ دوو کاندیدی پارتی کە لانە محەمەد عەلیو ئەشواق جافن، لەهەولێریش دوو کاندیدی یەکێتی کە سەعدی پیرەو فریاد رەواندزین پاشەکشە دەکەن بۆ دوو کاندیدی پارتی کە شلێر عەزیزو نەسرین ئەنوەر رەشیدن.

لەکەرکوکیش ناسح غەفور کاندیدی پارتی پاشەکشە دەکات بۆ ئاڵا تاڵەبانی کاندیدی یەکێتی.

**ناوی کاندیدە دەرچووەکانی لیستە کوردستانییەکان لەلاپەرە ٢دا بخوێنەرەوە..**



شەش کاندیدی پیاو ناچاردەبن پاشەکشە بکەن بۆ شەش کاندیدی ژن لەلیستە کوردستانییەکاندا


2 5 9

## ماڵی کوردی یەکنەخراوە

کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی مەسعود بارزانی لەگەڵ لیستە براوەکانی هەرێمی کوردستان دوادەخرێت بۆ دوای راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان، مەگەر لەکاتێکدا گرژیەکی وا بێتەپێش کە پێویستی بەکۆبوونەوەیەکی کتوپڕی نێوان لایەنەکان هەبێت... 02

## گۆڕانو یەکگرتوو بەشی پێنج کورسی دەنگیان فەوتاندووە

بەرپرسێکی پارتی رەخنە لەلیستەکانی گۆڕانو یەکگرتوو دەگرێت، دەڵێت بەهۆی فرە لیستییەوە بەشی پێنج کورسی دەنگیان فەوتاندووە... 03

## عەلی باپیر رێکخستنەکانو مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی نیگەراندەکات

دوای ئەوەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی پشتگیری حیزبەکەی بۆ دووبارە کاندیدکردنەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار دەربڕی، لەلایەن مەکتەبی سیاسیو جەماوەرو ئەندامانی حیزبەکەیەوە رووبەڕووی نارەزایی بووەتەوە... 04

## «دەکرێت یەکێك لەجێگرەکانی سەرۆکی پەرلەمان ژن بێت»

ئاڵا تاڵەبانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانو کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەکەرکوک بۆ پەرلەمانی عێراق، دەڵێت ئاستی رۆشنبیرو هۆشیاری کۆمەڵگای عێراقیو پارتە سیاسییەکان نەگەیشتووەتە ئاستێک رێگە بەژنان بدەن پۆستە سیادییە باڵاکان وەرگرن... 06

## کوردەکان هەژموونی سیاسی لە کەرکوك لەدەستدەدەن

بەر لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ٧ی ئادار، کەس نەیدەپرسی لەڕووی سیاسییەوە کێ باڵادەستە بەسەر کەرکوک، هەردوو حیزبی سەرەکی هەرێمی کوردستانی عێراق دراوسێبوون، بەڵام لەگەڵ کۆتاییهاتنی بژاردنی دەنگەکان لەناو کەرکوکو دەوروبەری، دەرکەوت کە دیمەنی سیاسیی زۆر گۆڕاوە... 08


# پارتی رێگری کۆمپانیای نۆکان دەکات

**تایبەت بە دەستوور**

بەپێی ئەو نووسراوە ئاشکراو نهێنییانەی دەست دەستوور کەوتوون، پارتی لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆو دادگاو هێزی پۆلیسەوە، دەیەوێت رێگری لەکاری بازرگانی کۆمپانیای نۆکان بکات.

کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، بەنووسراوی تایبەتو بەپشتبەستن بەبڕیارێکی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر داوا لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس دەکات، رێگە بگرن لەهاوردەکردنی چەند جۆرە کەلوپەلێک، بەبێئەوەی روونبکرێتەوە کە هۆکاری قەدەغەکردنەکە چییە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەو بڕیارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی کەرکوکو سلێمانییەوە تائێستا کاری پێنەکراوە، بەهۆی ئەوەی ئەو جۆرە جگەرانە لەلایەن کۆمپانیای نۆکانەوە دەهێنرێنە کوردستان.

بەپێی نووسراوێکی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، بەژمارە (٦٧٠٧) لە٢٠٠٩/١١/١٧ کەئیمزای دادوەر فاخر سابر بایزی لەسەرەو ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کراوە، داوا دەکات بازرگانیکردن بەچەند جۆرێکی جگەرە قەدەغەبکرێت، لەنووسراوەکەدا هاتووە «لەتەواوی فرۆکەخانەکانو بازگەکانو ناوچە سنوورییەکان رێگە بەهێنانو بازرگانیکردن بەچەند جۆرێکی جگەرە نەدرێت، لەوانە جگەرەی (پاین، پلێشەر، سیما، زیست، ESSE)»، هەروەها داواشیکردووە هێنانی چای کوزیش لەپاڵ ئەوانەدا قەدەغەبکرێت، بەڵام هیچ بیانوویەکی لەهیچکام لەنووسراوەکاندا بۆ ئەو بڕیارانە نەهێناوەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کێشەیە بەدەستووری وت «تەواوی ئەو جگەرانە لەلایەن گروپی کۆمپانیاکانی نۆکانەوە دەهێنرێنە کوردستان، بۆیە ئەو دەزگا ئەمنیانەی کە لەژێر رکێفی یەکێتیدان پابەندی نەبوون».

هەروەها وتی «یەکێتی پێیوایە پارتی بەبەرنامە ئەو جگەرانە قەدەغەدەکات، بۆئەوەی دەسەڵاتی بازرگانی یەکێتی سنووردار بکات».

**راپۆرتێک لەلاپەرە ٥دا دەخوێنیتەوە**

# گۆڕان پارتی دەداتە دادگا

**دوێن هاشم لەهەولێر**

بزووتنەوەی گۆڕان سوورە لەسەر ئەوەی واز لەپارتی نەهێنێت، لەسەر ئەو «ساختەکاری»انەی لەهەڵبژاردنەکاندا لەپارێزگای هەولێر ئەنجامیداوەو هەڕەشەی ئەوەش دەکات ئەگەر سکاڵاکانی بێئەنجامبێتو لەلایەن کۆمسیۆنەوە سزای پارتی نەدرێت، ئەوا کێشەکە دەبەنە دادگا.

لەهەڵبژاردنەکانی ٣/٧دا لەکۆی ٥٩ بنکەی تایبەت بۆ ئەوانەی ناویان نەبوو، پێیاندەوترا (حەرەکەی سوکانی)، ٥٤ بنکەیان بەڕێوەبەری بنکەکەو زۆرێک لەو کارمەندانەی بەناوی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە چاودێری هەڵبژاردنەکانیان دەکرد، کادیری حیزبیو ئەندامی رێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستانی سەر بەپارتی بوون، بۆیە بزووتنەوەی گۆڕانیش زۆرترین سکاڵاکانی لەئەنجامی نیگەرانیان لەدەنگدانی ئەو بنکانەدا بوو.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر لە٥٠ سکاڵای لەدژی ئەو حیزبە لەکۆمسیۆنو دادگا تۆمارکردووە.

سەفینی مەلاقەرە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لەپارێزگای هەولێر، ئاماژە بەوە دەدات کەدوای ئەو «هەموو ساختەکاریانەی پارتی» لەهەولێر کردوویەتی، ئەوان وازیاننەهێناوەو بەردەوامن لەبەدواداچوون بۆ ئەو سکاڵایانە.


سەفین مەلاقەرە وتی «ئێمە بەئاسانی واز لەو هەموو پێشێلکارییانەی پارتی ناهێنین کە لەهەڵبژاردنەکاندا ئەنجامیانداوەو بەردەوامین لەتۆمارکردنی سکاڵا لەکۆمسیۆنو لەدادگاش».

سەفین وتی «پارتی ساختەکارییێکی زۆری کردووە، ئەوەش لای ئێمە جێگەی قبوڵ نییەو دەیاندەینە دادگا».

رۆژی ٣/٢٢ وتەبێژێک بەناوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، رایگەیاند «بۆ لابردنی هەر تارماییەک لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن، پێویستە خاڵەکانی کەموکوڕی دیاریبکرێنو بەڵگەی تەواویش لەسەر هەر پێشێلکارییێک یان ساختەکارییێک پێشکەش بەکۆمسیۆن بکرێت».

**راپۆرتێک لەلاپەرە ٥دا دەخوێنیتەوە.**

www.warvin.org



# بارزانی وەڵامی یاداشتەکانی لیستی گۆڕان ناداتەوە

دەستوور

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان ڕایگەیاند ئەگەر مەسعود بارزانی سەرۆکی هەموو هەرێمەو خۆی بەسەرۆکی هەموو لایەنەکان دەزانێت، دەبوو وەڵامی یاداشتەکانمانی بدایەتەوە کەماوەی دوو مانگە ئاراستەمان کردووە.

کاروان ساڵح پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "ماوەی دوو مانگ زیاترە چەند یاداشتێکمان ئاراستەی مەسعود بارزانی کردووە بەسیفەتی سەرۆکی هەرێم، بەڵام تائێستا وەڵامی هیچکام لەیاداشتەکانمانی نەداوەتەوە، ئەگەر ئەو خۆی بەسەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستان دەزانێت، دەبوو وەڵامی بدایەتەوە".



لیستی گۆڕان ڕەخنە لەمەسعود بارزانی دەگرێت

کاروان ساڵح وتی "سەرۆکایەتی هەرێم بەدڵنیاییەوە دەیڵێم هەوڵی فەرامۆشکردنی یاداشتەکانمان دەدات، چونکە ماوەی دوو مانگە چەند یاداشتێکمان پێشکەشی کردووە بەبێئەوەی وەڵامبداتەوەو هەڵوێستی هەبێت".

ڕەخنەی لەمەسعود بارزانیش گرت لەوەی تائێستا کۆبوونەوەیەکی بەلایەنە سیاسییەکانی کوردستان نەکردووە، وتی "کەچی داوای گوتارێکی یەکگرتووی کوردی دەکات لەبەغداد".

هەروەها وتی "دەبێت پارتیو یەکێتی لەمەودوا دانبەبوونی ئۆپۆزیسۆنێکی کامڵدا بنێن لەکوردستانداو کاریگەری ئەو ئۆپۆزیسیۆنەش گەیشتە عێراق".

لەماوەکانی ڕابردوودا بزووتنەوەی گۆڕان چەند یاداشتێکیان لەبارەی گرژییەکانی سلێمانیو مەسەلەی بوونی نانبڕاوەکانو دەستگیرکردنی لایەنگرانیان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ئاراستەی مەسعود بارزانیو سەرۆکایەتی هەرێم کرد، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەبووە.

# ئاشکراکردنی ئەنجامی دەنگدانی دەرەوە دوادەکەوێت

کاروخ نامیق

ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند ئاشکراکردنی ئەنجامی دەنگدانی دەرەوە دوا دەکەوێت بەهۆی ئەوەی کێشەی تێدابووە.

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "دووبارە جیاکردنەوەی دەنگەکان بەدەست شتێکە قابیلی جێبەجێکردن نییە، لەبەرئەوە ئەوە بەهیچ شێوەیەک ناکرێت تەنها مەگەر کێشەی گەورە هەبێت یان کەموکورییەکان هی ئەوەبن کاریگەریان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبێت، یان یاریکردنێکی زۆر بەئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕوویدابێت یان دەبێت دەستنیشانی بکەن لەچ ناوەندێک پێشێلکاریی لەوجۆرە کراوە".

لەبارەی ئاشکراکردنی ئەنجامی دەنگدانی دەرەوەی وڵات، سەردار عەبدولکەریم وتی "دەنگەکانی دەرەوە هەندێ کێشەی تێدابووە، پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، کارمەندەکانی دەرەوە لەپڕکردنەوەی فۆرمەکان کێشەیان هەبووە، لەبەرئەوە پێویستە ئەو فۆرمانە جارێکی تر پێداچوونەوەی بۆ بکرێت وردبینیان تێدابکرێت".

سەردار عەبدولکەریم ڕایگەیاند ڕۆژی هەینی تەواوی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن ڕادەگەیەنرێت.

# نەناساندنی نەورۆز وەکو جەژنی نەتەوەیی دەخرێتە ئەستۆی بەرپرسان

کاروخ نامیق لەسلێمانی

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەبەیاننامەیەکدا بەفەرمی جەژنی نەورۆزی وەکو جەژنێکی جیهانی نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست ناساند، بەڵام لەو بەیاننامەیەدا بەهیچ شێوەیەک ناوی کورد نەهاتووە، لەوبارەیەشەوە ڕێکخەرانی حکومەتی هەرێم لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان، بەکەمتەرخەم دادەنرێن.

د.محەمەد مەحوی مامۆستای بەشی کوردی لەزانکۆی سلێمانی، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ناو نەهێنانی کورد لەو بەیاننامەیەدا بۆ کەمتەرخەمی بەرپرسانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگێڕمەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئێمە خۆمان ئەو بایەخدانەی کەپێویستە بایەخمان پێنەداوەو بەرنامەمان بۆ دانەناوە، لەکاتێکدا بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە نەورۆز ڕەگو ڕیشەیەکی دوورو درێژی لەمێژووی خەڵکی کوردستاندا هەیە".

محەمەد مەحوی وتی "ئێستا چەند ڕێکخراوێک بەتەنها لەملاولا وەکو کۆڕی سەربەخۆیو ئەوانەی کەخۆیان بەنەتەوەیی دەزانن نووسراویان کردووە بۆ ئۆباماو کۆنگرێسی ئەمریکا، هەرچەندە ئەم هەوڵانە لەجێی خۆیایەتی، بەڵام جێگەی خۆی بەتەواوی ناگرێت، لەهۆیەکانی ڕاگەیاندن باس لەنەورۆز کراوە، بەڵام نەچووەتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە، تەنانەت کەسانێک لەکوردستاندا بیریان لەوەدەکردەوە کەگوایە نەورۆز بەپێچەوانەوەیە، بەواتا زوحاک کورد بووەو کاوە غەیرە کورد بووە، کار گەیشتە ئەوەی گومان لەنەورۆزیش بکەین گومان لەخۆشمان بکەین".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوایە ئەو کەمتەرخەمییە، دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمو دووپارتە سەرەکییەکەی کوردستان، وتی "ئەوان ئەو ڕۆڵە دەبینن، لەوە زیاتر خۆیان بەخۆیانەوە خەریککردووە میللەتەکەشیان بەخۆیانەوە خەریککردووە".

لەلایەکی ترەوە، فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستووری وت "ئێمە بەیانێکمان دەرکرد تێیدا دەستخۆشیمان لەنەتەوەیەکگرتووەکان کردو سوپاسمان کردن ئەم یادەیان بەبۆنەیەکی جیهانی ناساندووە، بەڵام لەهەمانکاتدا داوای ئەوەمانکردووە ناوی گەلی کوردیش بخرێتە ناو ئەو گەلانەی کەوا ئەم یادە دەکەنەوەو ئاماژەمان بۆ ئەوەکردووە کەگەلی کورد وەکو نەتەوەیەک ئەمە بەڕۆژی نیشتیمانی دەزانێت".

بەرپرسی فەرمانگەی دەرەوەی حکومەتی هەرێم وتی "ئێمە وەک گەلی کورد لەبەرئەوەی تەنها عێراق نوێنەرایەتی دەکات وەکو دەوڵەت نوێنەرمان نییە لەنەتەوەیەکگرتووەکانو ئەو بەیاننامەیە لەنیۆرک دەرکراوە ئێمەش هیچ نوێنەرێکمان نییە لەوێ".

لەبەیاننامەکەدا جەژنی نەورۆز بەجەژنی کازاخستانو ئێرانو ئەرمەنستانو ئەفغانستان دانراوە.

# گۆڕانو یەکگرتوو بەشی پێنج کورسی دەنگیان فەوتاندووە

فەرمان خێلانی

بەرپرسێکی پارتی ڕەخنە لەلیستەکانی گۆڕانو یەکگرتوو دەگرێت، دەڵێت بەهۆی فرە لیستییەوە بەشی پێنج کورسی دەنگیان فەوتاندووە.

دلێر باجەلان بەرپرسی هەڵبژاردنی لقی خانەقینی پارتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوە دەدات بەپێی ئەو داتایانەی لای ئەوان هەیە دەنگەکانی ئەو دوو لیستە سەربەخۆ کوردییە لەپارێزگاکانی کەرکوک، دیالە، سەلاحەدینو موسڵ لیستی گۆڕانو یەکگرتوو بای نزیکەی پێنج کورسی دەنگیان هێناوە ئەگەر کۆبکرێتەوە، وتی "فەوتاندنی ئەو دەنگانە زەرەبەیەکە لەپێگەی کورد لەبەغدا دراوە".

دلێر باجەلان وتی "ئەو لیستە سەربەخۆ کوردیانە پێشتر دەیانزانی لەناوچە دابڕاوەکان دەنگەکانیان دەفەوتێتو زیان بەپێگەی کورد دەگەیەنن لەبەغدا، جگە لەوەش ئەو دەنگانەی ئەوان لەم ناوچانە، عەرەبە شۆڤێنییەکان سودیان لێبینیوە، لەبەرئەوەی بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان ئەو لیستەی دەنگەکانی لەپارێزگایەکدا بەشی کورسییەک نەکات ئەوا دەچێتە سەر دەنگی ئەو لیستەی زۆرترین دەنگی هێناوە لەپارێزگاکەدا".

ئەو بەرپرسەی پارتی ئاماژە بەوە دەدات کە پێشتر ئەوان دەستپێشخەریان کردووەو لەگەڵ ئەو دوو لیستە گفتوگۆیان کردووە، لەسەر ئەوەی کە ئەو ناوچانە دابەشبکەن بۆئەوەی کەمترین دەنگی کورد بفەوتێت، بەڵام گۆڕانو یەکگرتوو ڕازی نەبوون، وتی "لێکدانەوەی هەڵەیان هەبوو، بۆیە ئێستا لەم ناوچانە شکستیان هێنا، بۆنمونە ئەگەر دەنگەکانی ئەم دوو لیستە لەکەرکوک بۆ لیستی هاوپەیمانی بووایە ئێستا ئێمە چەند هەزار دەنگێک لەپێش لیستی عێراقییە دەبووین، بەمەش دەبووین بەهێزی یەکەم لەکەرکوک، ئوسامە نوجێفیش هاواری نەدەکرد کە کەرکوک گەڕاوەتەوە باوەشی عەرەب".

ئارام شێخ محەمەد بەرپرسی دامەزراوەی هەڵبژاردنی گۆڕان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەپێی یاسای هەڵبژاردن هەر لیستێک نەیتوانی لەپارێزگایەک بەشی کورسییەک دەنگ بهێنێت، ئەوا دەنگەکانی بەدوور خراوە ئەژمار دەکرێنو دەفەوتێنرێنو ناچنە سەر دەنگی هیچ لیستێکی تر.

ئارام شێخ محەمەد وتی "دەنگەکانی ئێمەش لەو پارێزگایانە دەفەوتێتو هیچ لیستێکی تر ناتوانێت سودمەندبێت لێی، جگە لەوەش ئێمە بەئازادی سیاسی خۆمان ڕەوا بینیوە کە بەسەربەخۆو بەجیا دابەزین".

سەبارەت بەموبادەرەی پارتیو یەکێتی وتی "هیچ زانیارییەکم نییە لەسەر ئەو مەسەلەیە، گوایە ئەوان پێش هەڵبژاردن گفتوگۆیان کردبێت لەگەڵ ئێمەدا، تائێستا هیچ هەوڵێک نییە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە لەلایەن ئەوانەوە، تەنانەت لەپێش هەڵبژاردن لایەنگرانی گۆڕان لەسەرتاسەری کوردستان کەوتنە بەر هەڕەشەو توندوتیژی ئیتر چۆن گفتوگۆمان لەگەڵ دەکەن".



# وەزیری ئەوقاف: بەشێك لەمەلاکان نایانەوێت خەڵك سودمەندبن لەپێشینەی خانووبەرە

کامەران کەریم لەشارەزوور

لەوتاری ڕۆژی هەینی ڕابردوودا مەلەیەکی ئاینی لەکاتی پێشکەشکردنی وتاری هەینیدا، داوای لەهاووڵاتیانکرد، پێشینەی خانووبەرە وەرنەگرن، چونکە هێشتا سووی لەسەر ماوە.

مەلاموحسین پێشنوێژووتارخوێنی مزگەوتی سەلاحەدین لەناحیەی وارماوەی شارەزوور لەوتاری هەینی ڕابردوودا باسی لەوەکرد کەپێشینەی خانووبەرە هێشتا سووەکەی لەسەر ماوە، داوای لەهاووڵاتیان کرد کەمامەڵە نەکەنو ئەو پێشینەیە وەرنەگرن، ئەوەش نیگەرانیو دوودڵی لای هەندێک لەهاووڵاتیان دروستکرد کە چاوەڕوانبوون سودمەندبن لەو پێشینەیەی خانووبەرە.

لەو بارەیەوە کامیلی حاجی عەلی، وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئەم جۆرە مەلایانە نایانەوێت فەقیرو هەژار سودمەندبن، چونکە پێشتر پێشینەی خانووبەرەیان وەرنەدەگرت لەبەرئەوەی سووی لەسەربوو، بەڵام ئێستا سووەکەی لەسەر نەماوە، بۆیە ئەو مەلایانە دەیانەوێت خەڵکی هەژار وەرینەگرێت".

وەزیری ئەوقاف وتی "سوو ئەوەیە ١٠٠ دینار بدەیت بەکەسێک لەکۆتاییدا ١١٠ دیناری لێوەرگریتەوە، بۆیە ئەو بڕە پارەیەی کەهاووڵاتیان لەپێشنەی خانووبەرە وەریدەگرن لەکاتی دانەوەی قەرزەکە هیچ زیادەیەکی ناچێتە سەر، ئەم بابەتەش هەر لەشارەزوور هەیەو ئەگەرنا لەهەولێرو دهۆکو سلێمانی یەک کەس باسی شتی واناکات".



# مـاڵـی کـوردی یـەکـنـەخـراوە

## نزیکی دەنگەکانی هەردوو لیستەکەی عەلاویو مالیکی، پێکهێنانی حکومەت ئاڵۆز دەکات

دانا هەڵەبجەیی

کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی مەسعود بارزانی لەگەڵ لیستە براوەکانی هەرێمی کوردستان دوادەخرێت بۆ دوای راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان، مەگەر لەکاتێکدا گرژیەکی وا بێتەپێش کە پێویستی بەکۆبوونەوەیەکی کتوپڕی نێوان لایەنەکان هەبێت.

لەئێستاشدا گرژییەکانی نێوان هەریەکە لەعەلاویو مالیکی لەپێناو مسۆگەرکردنی پۆستی سەرەک وەزیران لەبارێکی ئاڵۆزدایە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هەردوولا دەنگەکانیان زۆر لەیەکەوە نزیکەو هیچ کامیش رێژەی کورسییەکانیان نەگەیشتۆتە (١٦٣) کورسی کە سێیەکی کورسییەکانی پەرلەمانە، بۆیە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ئەستەمە بتوانرێت حکومەتی داهاتوو لەکاتی خۆیدا پێکبهێنرێت.

محەمەد حەکیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "کۆبوونەوەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوادەخرێت بۆ دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردن کە بڕیارە هەینی داهاتوو ئاشکرابکرێت، مەگەر حاڵەتێکی کتوپڕ بێتە پێشەوەو پێویست بەوە بکات کە کۆبوونەوەکە پێشبخرێت، بەتایبەت لەکاتێکدا کە نێوان عەلاویو مالیکی بەرەبەرە ئاڵۆزتر دەبێت".

حەکیم بەپێویستیشی زانی کە ئۆپۆزسیۆن فۆڕمی ئیشکردنی خۆی بگۆڕێت لەبەغدادو جیاوازتر لەهەرێمی کوردستان ئیشبکات، ئەمەش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلی کورد.

سەبارەت بەوەش تاچەند لە بەرنامەیاندایە وەک سێ لیستە براوەکەی ئۆپۆزسیۆن کۆبوونەوەیەکی پێشوەخت ئەنجامبدەن لەنێوان خۆیاندا بەر لەدانیشتنەکەیان لەگەڵ مەسعود بارزانیدا، ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ وتی "تائێستا بڕیاری ئەوە نەدراوە، بەڵام گەر کۆشببینەوە هەر بەنەفەسی زیاتر یەکخستنی ماڵی کوردی دەبێت".

هەروەک بەپێویستیشی زانی کە هەر بەرپرسێکی لیستە عێراقییەکان کە روودەکەنە هەرێمی کوردستان وەکو کورد کۆبوونەوەیان لەگەڵدا ئەنجامبدرێت نەک وەک لیستێکی دیاریکراو.

لەماوەی کەمتر لەدوو هەفتەدا بۆ دووەمینجار ئەیاد عەلاویو چەند گەورە بەرپرسێکی تری لیستە عێراقییەکان سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد بەمەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیو پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، لەکۆبوونەوەی دواییشدا ئەیاد عەلاوی بەجیا لەگەڵ مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی کۆبوویەوە.

بەگوێرەی چەند هەواڵێکیش چاوەڕێدەکرێت کە بەمنزیکانە مام جەلال سەردانی بەغداد بکاتو لەگەڵ چەند لیستێکی براوەی هەڵبژاردن کۆببێتەوە.

چاودێرانی سیاسیش وای بۆ دەچن کەنزیکبوونەوەیەکی تەواو لەنێوان لیستی ئیتیلافی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکیو ئیتیلافی نیشتمانی حەکیم دروستبووەو بۆ ئەم مەبەستەش پێرێ دووشەممە کۆبوونەوەیەکی لوتکە لەنێوان هەردوو لیستەکەدا لەماڵی ئەحمەد چەلەبی لەبەغدا ئەنجامدراوە.

سەبارەت بەمەترسییەکانی دوورخستنەوەی کورد لەهاوکێشە سیاسییەکەشدا بەتایبەت دوای لێک نزیکبوونەوەی تەواوی ئەو دوو لیستە براوەیەو بەستنی هاوپەیمانێتی، هەردوولاش بەشی ئەوەندە کورسییان دەبێت کە حکومەتی پێ پێکبهێنن، حەکیم وتی "لەسەر ئاستی ناوخۆییو هەرێمیی کۆدەنگیەک هەیە بۆئەوەی کە کورد رۆڵی خۆی بگێرێت لەپرۆسەی سیاسی عێراقداو هیچ لایەک نایەوێت کورد دووربخاتەوە لەو دەورەی کەهەیەتی، بۆیە هیچ هاوپەیمانێتییەک بەبێ کورد نابێت".

ململانێکانی نێوان هەریەکە لەئەیاد عەلاویو نوری مالیکی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرەک وەزیران قوڵتربۆتەوەو بەرپرسانی دەوڵەتی یاساش ئاماژە بەوە دەکەن بەگوێرەی مادەی (٧٧)ی دەستووری عێراق دەبێت هەرکەسێک ئەو پۆستە وەربگرێت لەدایکو باوکێکی عێراقی بێتو لەبەرامبەریشدا تارق حەربی پسپۆڕی بواری یاسا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەگوێرەی مادەکە ئاماژە بەوەکراوە کە سەرەک کۆمارو سەرەک وەزیران دەبێت دایکو باوکیان عێراقی بێت، بەڵام مادەکە باسی ئەوەی نەکردوە کە دەبێت کاندیدەکە دایکو باوکی لەعێراق لەدایکبووبێتن.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بەگوێرەی لە (٩٥٪)ی ئەنجامە بەراییەکان لیستەکەی عەلاوی لەپێشەنگی سەرجەم لیستەکانی تردایەو بە (١١)هەزارو سێ سەدو چلو شەش دەنگ لەپیش لیستە رکابەرەکەیەوەیە، ئەم لێک نزیکیەش ئەو بۆچوونەی لای چاودێرانی سیاسی دروستکردوە کە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق زۆر لەکاتی خۆی دوا دەکەوێتو هیچ لایەک ناتوانن لەکاتی دیاریکراودا کابینە پێکبهێنن.

بەگوێرەی دەستووری عێراقیش لەڕۆژی راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان تەنها یەک مانگ ماوە دراوە بۆئەوەی کابینەی حکومەتی تیا پێکبهێنرێت.

## ناوی کاندیدە کوردە دەرچووەکان بۆ پەرلەمانی عێراق

کاندیدە دەرچووەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فەرهاد ڕەسوڵ (حاکم فەرهاد) | ١ | یەکێتی | ٣٢٩٦٩ |
| ٢ | ماجید محەمەد اسماعیل | ٧ | یەکێتی | ٣٢٢٢٠ |
| ٣ | عادل عەبدوڵڵا | ١٣ | یەکێتی | ٢٩٤٣٤ |
| ٤ | بورهان محەمەد فەرەج | ٩ | یەکێتی | ٢٤٢٢٧ |
| ٥ | سامان فەوزی | ٢٧ | یەکێتی | ٢٢٥٦٠ |
| ٦ | مەحمود عوسمان | ٢ | بێلایەن | ٢٠٤٥١ |
| ٧ | محەمەد حەمە عەلی ڕەشید | ٢٩ | یەکێتی | ١٨٥٠٢ |
| ٨ | وریا فەرەج | ٣١ | یەکێتی | ١٦١٨١ |

ناوی کاندیدە ژنەکان کە شوێنی ئەو دوو کاندیدی پیاوە دەگرنەوە لە خوارەوەی ریزبەندیەکە:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لانە محەمەد عەلی | ٤ | پارتی | ١٣٥٤٥ |
| ٢ | ئەشواق نەجمەدین | ٨ | پارتی | ١٠٦٢٤ |

کاندیدە دەرچووەکانی لیستی هاوپەیمانی کودستان لە پارێزگای هەولێر:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئازاد ئەبوبەکر | ٧ | پارتی | ٤٣٧٥٨ |
| ٢ | ئەحمەد حەسەن | ٥ | پارتی | ٤٢٣٢٦ |
| ٣ | سەبری دەروێش | ٢٤ | پارتی | ٣٩٣٣٦ |
| ٤ | ڕەوەز مەهدی | ٢١ | پارتی | ٣٤٨٤٢ |
| ٥ | سامی شۆڕش | ١ | پارتی | ٣٣٩٩٧ |
| ٦ | سەعید ڕەسوڵ | ٩ | پارتی | ٣٣٤٩٢ |
| ٧ | شوان محەمەد | ٣ | پارتی | ٣٣٢٠٢ |
| ٨ | فوئاد مەعسوم | ٢ | یەکێتی | ٢٣٩٨٧ |
| ٩ | سەعدی پیرە | ٤ | یەکێتی | ٢٣٧٨٣ |
| ١٠ | فریاد رەواندزی | ٨ | یەکێتی | ٢١٦١١ |

ناوی کاندیدە ژنەکان کە شوێنی ئەو دوو کاندیدە پیاوە دەگرنەوە لە خوارەوەی ریزبەندیەکە:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شلێر عەزیز | ١٩ | پارتی | ١٧٣٤٠ |
| ٢ | نەسرین ئەنوەر ڕەشید | ١١ | پارتی | ١٤٠٩٧ |

کاندیدە دەرچووەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پارێزگای کەرکوک:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خالید سەلام (خالید شوانی) | ٣ | یەکێتی | ٦٠٥٤٥ |
| ٢ | نەجمەدین کەریم | ١ | یەکێتی | ٢٢٢١٤ |
| ٣ | عارف تەیفور | ٢ | پارتی | ١٧٠٤٠ |
| ٤ | سیروان ئەحمەد (مەلاسیروان) | ٩ | یەکێتی | ١٢٦٧٠ |
| ٥ | عەدنان عوبێد کەریم | ٤ | پارتی | ٩٩٣٥ |
| ٦ | ناسیح غەفور رەحمان | ٦ | پارتی | ٨٥٧٦ |

ناوی ئەو کاندیدە ژنەی کە شوێنی ئەو کاندیدە پیاوە دەگرێتەوە لە خوارەوەی ریزبەندیەکە:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاڵا تەحسین تاڵەبانی | ٧ | یەکێتی | ٦٤٢١ |

کاندیدە دەرچووەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پارێزگای دهۆک:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | حەمید عادل یەزدین | ١٧ | پارتی | ٤٤٠٩٤ |
| ٢ | فەرهاد ئەمین | ١١ | پارتی | ٢٨٠٣٤ |
| ٣ | سوبحی سلێمان | ١٣ | پارتی | ٢٤٧٠٦ |
| ٤ | قاسم محەمەد قاسم | ٩ | پارتی | ٢٣٩٢٤ |
| ٥ | موئەیەد تەیب | ٣ | پارتی | ٢٣٧٦٠ |
| ٦ | مەهدی حاجی عیسا | ١٤ | پارتی | ٢١٥٨٥ |
| ٧ | مەهدی یوسف | ٦ | پارتی | ٢١٤٩٣ |
| ٨ | پەریزاد شەعبان | ٤ | پارتی | ٢١٢٨٧ |
| ٩ | عەبدول حەلیم خسرۆ | ١٠ | پارتی | ١٩٥١٣ |

ناوی ئەو کاندیدە ژنەی کە شوێنی ئەو کاندیدە پیاوە دەگرێتەوە لە خوارەوەی ریزبەندیەکەدا:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | جۆڵا حاجی عومەر | ٨ | پارتی | ١١٨٦١ |

کاندیدە دەرچووەکانی لیستی هاوپەیمانی لەپارێزگای نەینەوا:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | محما خەلیل قاسم | ١ | پارتی | ٢٢٩٨٨ |
| ٢ | محسن سەعدون | ٣ | پارتی | ٢٠٨٩٦ |
| ٣ | ڤیان دخیل | ٨ | پارتی | ١٤٩٩٢ |
| ٤ | قاسم حسین برجس | ٣٠ | پارتی | ١٤٦٠٤ |
| ٥ | شەریف سلێمان | ١٠ | پارتی | ١٠٩٧٩ |
| ٦ | حسێن حەسەن پرمو | ٩ | یەکێتی | ١٠٣٥٢ |
| ٧ | عەبدولعەزیز سلێمان | ٥ | پارتی | ١٠٢٩٦ |
| ٨ | وهیبە ئەحمەد مستەفا | ٣٩ | یەکێتی | ٧٥٠٠ |

کاندیدە دەرچووەکانی لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شێخ لەتیف مستەفا | ١ | گۆڕان | ٨٤٢٩٦ |
| ٢ | بایەزید حەسەن | ٢ | گۆڕان | ١٨٤٢٣ |
| ٣ | هەڤاڵ کوێستانی | ٩ | گۆڕان | ١٨٣٤٤ |
| ٤ | سەردار عەبدوڵا | ١٥ | گۆڕان | ١٤١٠٣ |
| ٥ | عومەر حاجی عینایەت | ٧ | گۆڕان | ١٠٣٥٠ |
| ٦ | مەسعود حەیدەر | ٢٧ | گۆڕان | ٩٩٠٨ |

ناوی ئەو کاندیدە ژنەی کە شوێنی ئەو کاندیدە پیاوە دەگرێتەوە لە خوارەوەی ریزبەندیەکەدا:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کوێستان کەریم عەلی | ٣٢ | گۆڕان | ٣٨٧٦ |

کاندیدە دەرچووەکانی لیستی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شۆڕش حاجی | ٢ | گۆڕان | ١٤٦٢٠ |
| ٢ | محەمەد کیانی | ١ | گۆڕان | ١٠٤٩٨ |

کاندیدە دەرچووەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانی:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەلا عوزێر حافز | ٨ | یەکگرتوو | ٤٢٨٧٩ |
| ٢ | بەکر حمەسدیق | ١ | یەکگرتوو | ١١٣٩٢ |

کاندیدە دەرچووەکەی یەکگرتووی ئیسلامی لە پارێزگای هەولێر:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئوسامە جەمیل | ١ | یەکگرتوو | ٤٨٢٢٤ |

کاندیدە دەرچووەکەی یەکگرتووی ئیسلامی لە پارێزگای دهۆک:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نەجیب عەبدوڵا حەمەعەلی | ١ | یەکگرتوو | ١٦٦٨٢ |

کاندیدە دەرچووەکەی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانی:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فاتیح ئەحمەد قادر | ٥ | کۆمەڵ | ١٨٧٨٢ |

کاندیدە دەرچووەکەی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای هەولێر:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی باپیر | ١ | کۆمەڵ | ٤٧٢٩٣ |

لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپاریزگای دیالە ٤٣٧٥٧ دەنگی بەدەستهێناوە، ناوی کاندیدە دەرچووەکەی هاوپەیمانی کوردستان لە پارێزگای دیالە:

| ژ | ناو | ژمارە | لایەن | ژ. دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | حەسەن جیهاد ئەمین | ١ | یەکێتی | ١٣٥٥٢ |

info@destur.net



عەلی باپیر: نابێت بەتەلەفۆنی ئەمریکا سیاسەتی خۆمان لەبەغدا دارێژین
لاپەڕە٧



# پارتی لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆو دادگاوە، ڕێگری لەکۆمپانیای نۆکان دەکات

## نووسراوە تایبەتیو نهێنییەکانی کەریم سنجاریو دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بۆ قەدەغەکردنی چەند جۆرێکی جگەرەو کەلوپەلی تر، لەسلێمانیو کەرکوک کاری پێنەکرا

**تایبەت بەدەستوور**

بەپێی ئەو نووسراوە ئاشکراو نهێنییانەی کە لەوەزارەتی ناوخۆو دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێرو دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، دەست دەستوور کەوتووە، پارتی لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆو دادگاو هێزی پۆلیسەوە، دەیەوێت ڕێگری لەکاری بازرگانی کۆمپانیای نۆکان بکات.

کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، بەنووسراوی تایبەتو بەپشتبەستن بەبڕیارێکی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر داوا لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس دەکات، ڕێگە بگرن لەهاوردەکردنی چەند جۆرە کەلوپەلێک، بەڵام ئەو بڕیارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی کەرکوکو سلێمانییەوە تائێستا کاری پێنەکراوە، بەهۆی ئەوەی ئەو جۆرە جگەرانە لەلایەن کۆمپانیای نۆکانەوە دەهێنرێنە کوردستان.

بەپێی چەند نووسراوێک، لەنێویشیاندا نووسراوێکی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمو دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێرو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پۆلیس لەپارێزگاکان کە دەست دەستوور کەوتوون، ڕێگە لەهاوردەکردنی چەند جۆرێکی جگەرە گیراوەو داواش لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیو بنکەکانی پۆلیس کراوە کە ڕێگە بەفرۆشتنو بازرگانیکردن بەو جۆری جگەرانە نەدرێتو دەستبەسەر تەواوی ئەو جۆری جگەرانەدا بگیرێت، بەڵام بڕیاری وەزیری ناوخۆ لەهیچکام لەشارەکانی کەرکوکو سلێمانی جێبەجێنەکراوە.

ئەگەرچی ئەو کێشە کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سێ مانگێک لەمەوبەر، بەڵام تائێستا لەسنووری دەسەڵاتی یەکێتیدا ئەو بڕیارانەی دادگای هەولێرو وەزیری ناوخۆ جێبەجێنەکراونو پارتیش نیگەرانی جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارانەیە.

دەستوور ئەوەی زانیوە کەپارتی دەیەوێت هەرچۆنێک بێت ڕێگری لەهێنانی ئەو کاڵایانە بکات کە لەدەرەوەی حیزبەکەی خۆیەوەو لەلایەن کۆمپانیای تری سەر بەحیزبەکانی ترەوە دەهێنرێنە کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بۆ وەزارەتی ناوخۆو دادگاو دەزگاکانی پۆلیس بردووە.

لەبەدواداچوونێکی دەستووردا، لەکەرکوکو سلێمانی تێبینی ئەوە کراوە کە تائێستا لەبازاڕەکانی ئەو دوو پارێزگایە بازرگانیکردنو فرۆشتنی ئەو جۆرانەی جگەرە بەردەوامە، دەستوور ئەوەی زانیوە کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئەو دوو پارێزگایە بەهۆی ئەوەی ئینتیمایان زیاتر بۆ یەکێتییەو کۆمپانیای نۆکانیش سەر بەو حیزبەیە، بۆیە ئەو بڕیارەیان جێبەجێنەکردووە.

بەپێی نووسراوێکی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، بەژمارە (٦٧٠٧)، لە٢٠٠٩/١١/١٧ کەئیمزای دادوەر فاخر سابر بایزی لەسەرەو ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کراوە، داوا دەکات بازرگانیکردن بەچەند جۆرێکی جگەرە قەدەغەبکرێت.

دەستوور ئەوەی زانیوە کەپارتی هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە، بۆئەوەی ڕێگری لەهێنانی چەند شتومەکێک بکاتو هەوڵیشدەدات ئەو هەوڵانە بەیاساو لەڕێگەی حکومەتەوە جێبەجێبکات.

بەپێی نووسراوەکە کەکۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووە، هاتووە "لەتەواوی فرۆکەخانەکانو بازگەکانو ناوچە سنوورییەکان ڕێگە بەهێنانو بازرگانیکردن بەچەند جۆرێکی جگەرە نەدرێت، لەوانە جگەرەی (پاین، پلێشەر، سیما، زیست، ESSE)"، بەبێئەوەی هۆکاری قەدەغەکردنی ئەو جگەرانە ڕوونبکەنەوە، هەروەها داواشیکردووە هێنانی چای کوزیش لەپاڵ ئەوانەدا قەدەغەبکرێت، بەڵام هیچ بیانوویەکی لەهیچکام لەنووسراوەکاندا بۆ ئەو بڕیارانە نەهێناوەتەوە.

دەستوور لەچەند سەرچاوەیەکی تایبەتی خۆیەوە ئەوەی زانیوە کەتەواوی ئەو جۆرانەی جگەرە لەلایەن کۆمپانیای نۆکانەوە دەهێنرێنە کوردستان، بۆیە هەریەکە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کەرکوکو سلێمانی کە بەڕێوەبەرەکەیان یەکێتییە، ئامادەنین ئەو بڕیارانەی وەزیری ناوخۆو دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر جێبەجێکەن، پارتیش دەیەوێت هەرچۆنێک بێت، ئەو هەوڵانەی سەر بگرێت.

ئەو نووسراوەی کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ کەداوای قەدەغەکردنی سەرجەم ئەو جۆرە جگەرانەی کردووە، لەڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٧ بەنووسراوی ٢٣٠٣٩ ئاراستەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پۆلیسی پارێزگاکانی کردووە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی دەستوور تەنها لەهەولێرو دهۆک جێبەجێکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ماوەیەکە ئەو نووسراوانەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمو دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، گرژی خستووەتە نێوان یەکێتیو پارتییەوە، بەڵام گرژییەکان ئەوکاتە زیاتربوون کەوەزارەتی ناوخۆ زانیویەتی یەکێتی ڕێگری کردووە لەوەی دەزگا ئەمنییەکان پابەندی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ ببنو ئەو بڕیارە جێبەجێبکەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کێشەیە بەدەستووری وت "تەواوی ئەو جگەرانە لەلایەن گروپی کۆمپانیاکانی نۆکانەوە دەهێنرێنە کوردستان، بۆیە ئەو دەزگا ئەمنیانەی کە لەژێر ڕکێفی یەکێتیدان پابەندی نەبوون".

هەروەها وتی "یەکێتی پێیوایە پارتی بەبەرنامە ئەو جگەرانە قەدەغەدەکات، بۆئەوەی دەسەڵاتی بازرگانی یەکێتی سنووردار بکات".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستوور کە لەو سەرچاوەیەوە دەستی کەوتووە، پارتیش بەتایبەت خودی کەریم سنجاری دڵگران بوون لەوەی یەکێتی پابەندی بڕیارەکانی حکومەتو وەزیری ناوخۆ نابن، وتی "دوای ئەوەی وەزیری ناوخۆ زانیویەتی بڕیارەکانی جێبەجێ ناکرێن، گرژییەکانی نێوان پارتیو یەکێتی لەمەڕ ئەو کێشەیە زیاتربوون".

بەپێی نووسراوێکی تر، بەژمارە ١٣٩٠٢ کەئیمزای بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق بۆ کاروباری پۆلیس، ئایدن خالد قادری لەسەرەو لەسەری نووسراوە (زۆر بەنهێنی)و ئاراستەی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک کراوە، داوا دەکرێت بەپەلە ڕێگری بکرێت لەهاوردەکردنی ئەو کەرەستانەی کە لەنووسراوێکی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

ئەو نووسراوەی بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق پشتی بەستووە بەنووسراوی کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم.

ئەو سەرچاوەیە وتی "پارتی هەوڵیشیداوە لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە، ئەو جۆرە جگەرانە بەشێوەیەکی گشتی قەدەغەبکات".

# گۆڕان پارتی دەداتە دادگا

## ئەگەر سکاڵاکانی لیستی گۆڕان لەسەر پارتی بێئەنجامبێت، ئەوا گۆڕان کێشەکە دەباتە دادگا

**دوێن هاشم لەهەولێر**

بزووتنەوەی گۆڕان سوورە لەسەر ئەوەی واز لەپارتی نەهێنێت، لەسەر ئەو "ساختەکاری"انەی لەهەڵبژاردنەکاندا لەپارێزگای هەولێر ئەنجامیداوەو هەڕەشەی ئەوەش دەکات ئەگەر سکاڵاکانی بێئەنجامبێتو لەلایەن کۆمسیۆنەوە سزای پارتی نەدرێت، ئەوا کێشەکە دەبەنە دادگا.

بزووتنەوەی گۆڕان لەپارێزگای هەولێر لەیەکەم ڕۆژی هەڵبژاردنەوە ڕایانگەیاند حیزبەکانی دەسەڵات بەتایبەت پارتی ساختەکارییەکی زۆری ئەنجامداوە، بۆیە چەندین سکاڵایان لەکۆمسیۆن لەدژی پارتی بەرزکردەوە، ئێستاش هەڕەشەی ئەوە لەکۆمسیۆنو ئەو حیزبەش دەکەن ئەگەر سکاڵاکانیان بێئەنجام بوو، ئەوا کێشەکەیان دەبەنە دادگاو لەوێ یەکلاییدەکەنەوە.

لەهەڵبژاردنەکانی ٣/٧دا لەکۆی ٥٩ بنکەی تایبەت بۆ ئەوانەی ناویان نەبوو پێیاندەوترا (حەرەکەی سوکانی)، ٥٤ بنکەیان بەڕێوەبەری بنکەکەو زۆرێک لەو کارمەندانەی بەناوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە چاودێری هەڵبژاردنەکانیان دەکرد، کادیری حیزبیو ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستانی سەر بەپارتی بوون، بۆیە بزووتنەوەی گۆڕانیش زۆرترین سکاڵاکانی لەئەنجامی نیگەرانیان لەدەنگدانی ئەو بنکانەدا بوو.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر لە٥٠ سکاڵای لەدژی ئەو حیزبە لەکۆمسیۆنو دادگا تۆمارکردووە.

هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنن ئەوان بەئاسانی واز لەو ساختانە ناهێنین، بۆیە چاوەڕوانی هەڵوێستی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکەنو ئەگەر ئەوان لەو ساختەکارییانەی پارتی بێدەنگبن، ئەوا پارتی دەدەنە دادگاو دەستبەرداری سکاڵاکانیان نابن.

سەفینی مەلاقەرە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لەپارێزگای هەولێر، ئاماژە بەوە دەدات کەدوای ئەوەی ئەو "هەموو ساختەکارییەکانی پارتی" لەهەولێر کردوویەتی، ئەوان وازیان نەهێناوەو بەردەوامن لەبەدواداچوون بۆ ئەو سکاڵایانە.

سەفین مەلا قەرە وتی "ئێمە بەئاسانی واز لەو هەموو پێشێلکارییانەی پارتی ناهێنین کە لەهەڵبژاردنەکاندا ئەنجامیانداوە، بەردەوامین لەتۆمارکردنی سکاڵا لەکۆمسیۆنو لەدادگاش".

سەفین وتی "پارتی ساختەکارییەکی زۆری کردووە، ئەوەش لای ئێمە جێگەی قبوڵ نییەو دەیاندەینە دادگا".

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، محەمەد کیانی سەرۆکی لیستی گۆڕان لەپارێزگای هەولێر، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دەستوور، ڕایگەیاند "ئەگەر پارتی دەستبکات یەساختەکاریی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەگەر نەوشیروان مستەفاش قبوڵی ئەو ساختەکارییانە بکات، من قبوڵی ناکەم".

هەروەها هەڕەشەی ئەوەیکرد کەدێتە سەر شەقامو خۆپیشاندان لەدژی ئەو حیزبە دەکات.

ڕۆژی ٣/٢٢ وتەبێژێک بەناوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، ڕایگەیاند "بۆ لابردنی هەر تارماییەک لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن، پێویستە خاڵەکانی کەموکوڕی دیاریبکرێنو بەڵگەی تەواویش لەسەر هەر پێشێلکارییەک یان ساختەکارییەک پێشکەش بەکۆمسیۆن بکرێت، ئەویش دەبێت بەپێی یاساو پابەندبوون بەدەستوور مامەڵە لەگەڵ سکاڵاکان بکات". هەروەها وتی "ئەو هەڵوێستانەی کە لەلایەن هەندێک لیستی بەشداربووی هەڵبژاردنەکانەوە ڕادەگەیەنرێت نیشانەی دەربڕینی ناڕەزاییە، لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە، بەڵام هەندێک لایەن پێیانوایە پرۆسەکە بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو بەڕێوەدەچێت".

هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان چاوەڕوانی ئەنجامی سکاڵاکانیان دەکەن، لەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لەحاڵەتی ڕەتنەکردنەوەی ئەو سندوقانەی کەسکاڵایان لەسەرە، گۆڕان کێشەکە دەباتە دادگا.

هەندرێن محەمەد بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕایگەیاند "سکاڵاکان کاریان بۆ دەکرێت، بەڵام تاکو ئێستا هیچکام لەو سکاڵایانە نەگەیشتووەتە حاڵەتێک کەسندوقی پێ ڕەتبکرێتەوەو ببێتە سکاڵایەکی سوور".

زەردەشت مەلا حەسەن نوێنەری لیستی گۆڕان لەکۆمسیۆن بەدەستووری وت "ئێمە ٤٥ لەو سکاڵایانەی کەتۆمارمان کردوون، بەقورسی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێتو ئەوانیتریش لەدادگا ماونەتەوە". هەروەها وتی "لیژنەیەک پێکهاتووە بەسەرپەرشتی چەند کەسێکی یاسایی بۆئەوەی سکاڵاکان بەباشی لەدادگا بەڕێبخرێن".

نوێنەری لیستی گۆڕان لەکۆمسیۆن ئاماژەی بەوەدا کە زۆرترین سکاڵایان لەدژی پارتی تۆمارکردووەو وتی "چەندین سکاڵاش لەسەر خودی کۆمسیۆن تومارکراون".



لەبارەی هەڕەشەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، دەستوور پەیوەندی بەژمارەیەک بەرپرسی پارتییەوە کرد، بەڵام پەیوەندییەکە دروست نەبوو.

# عەلی باپیر ڕێکخستنەکانو مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی نیگەراندەکات

## بۆچوونێک لەنێو مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی داوایدەکرد بەمەرج پشتگیریان لەکاندیدکردنەوەی تاڵەبانی بکردایە

دلێر عەبدوڵلا لەسلێمانی

دوای ئەوەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی پشتگیری حیزبەکەی بۆ دووبارە کاندیدکردنەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار دەربڕی، لەلایەن مەکتەبی سیاسیو جەماوەرو ئەندامانی حیزبەکەیەوە ڕووبەڕووی ناڕەزایی بووەتەوە.

بەهۆی پشتگیریکردن لەدووبارە کاندیدکردنەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی لەخۆی نیگەران دەکاتو بەرپرسێکی باڵای ئەو حیزبەش رایدەگەیەنێت کەتێبینیو پێشنیار بۆ ئەو پرسە خراوەتە بەردەم عەلی باپیر، بەڵام بێسود بووە.

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق بەلیستێکی جیاواز بەشداریکردو پاش هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستانو شکستهێنانیان لەچوارچێوەی لیستی چوار حیزبەکە، بوونە حیزبێکی نەیاری دەسەڵاتو خۆیان خزاندە نێو بەرەی ئۆپۆزسیۆن، جیاواز لەدوو لیستەکەی تری ئۆپۆزسیۆنو پێشوەخت



ئەو سەردانەی جەماوەری حیزبەکەی نیگەرانکرد

هەڵوێستی خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمارو کاندیدکردنەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ ئەو پۆستە ئاشکراکرد، ئەوەش نیگەرانی دروستکردووە لەلای ئەندامانو مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی بەتایبەت.

ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵی ئیسلامی کە لەخودی عەلی باپیری ئەمیرەوە سەرچاوەی گرتووە، نیگەرانییەکی زۆری لای مەکتەبی سیاسیو چەند بەرپرسێکی ئەو حیزبە دروستکرد بەوەی بێمەرجو بێوەرگرتنی هیچ ئیمتیازاتێک ئەو هەڵوێستە ڕاگەیەندراوە.

کامەران بابان زادە ڕاوێژکاری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی جگە لەوەی بوونی نیگەرانی لەمەکتەبی سیاسی بۆ دەستوور پشتڕاستکردەوە ڕایگەیاند کەچەند تێبینیو پێشنیارێکی لەوبارەوە هەبووە تا بیداتە دەست ئەمیرو لەمەکتەبی سیاسی تاوتوێ بکرێت.

ڕاوێژکارەکەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەشی ڕاگەیاند "لەبەر چەند هۆکارێک نەیتوانیوە ئەو پێشنیارانە پێشکەش بکات، بۆیە نیازی ئەوەی هەیە لەئایندەیەکی نزیکدا کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەمیری کۆمەڵدا بکاتو تاوتوێی ئەو پرسەی لەگەڵدا بکات".

لەبارەی چۆنیەتی پێشنیارو تێبینییەکان کامەران بابان زادە ئەوەی ڕاگەیاند کەناتوانێت ئەوە بدرکێنێت، چونکە ئێستا کاتی ئەوە نییەو وتی "ڕەنگە بەدرکاندنی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لێبڕەنجێت، بەتایبەت پاش ئەوەی لەو کۆبوونەوەیە بەشداری نەکردووە کە لەمەڕ تاوتوێکردنی ئەو پرسە گرێدراوە".

ئەگەرچی کۆمەڵی ئیسلامی پاساوی پرسە نەتەوەییەکە بۆ ئەو هەڵوێستەیان دەهێننەوەو پێیانوایە حیزبەکەیان ئەو پرسەی لەپێش هەموو بەرژەوەندییە حزبییەکان داناوە.

زانا ڕۆستایی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بەدەستووری وت "کۆمەڵی ئیسلامی پرسە نەتەوەییەکەی بەلاوە گرنگەو پێش بەرژەوەندییە حزبییەکانی دەخات، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە هەڵوێستی خۆی بۆ پرسی کاندیدکردنەوەی تاڵەبانی یەکلاییکردووەتەوە."

لەبارەی بوونی نیگەرانی لەنێو مەکتەبی سیاسی حیزب، ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ وتی "کۆمەڵ وەک حزبێکی کراوە هەمیشە دەنگو بۆچوونی جیاوازی تێدابووەو ڕێدراوە بەوەی بۆچوونی جیاواز هەبێت."

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ بوونی ئەو نیگەرانییەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی، بەڵام بڕیاری خۆی لەوبارەوە داوەو نیگەرانییەکانی پشتگوێخستووە.

ڕۆستایی وتی "بەپێی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆ ئەمیری کۆمەڵ بۆی هەیە سەربەخۆیانە بڕیار بدات، بەڵام پرسی بەمەکتەبی سیاسی کردووەو لەوبارەشەوە ڕاوێژی لەگەڵ کەسانی تردا کردووە."

لەبارەی ئەگەری لاوازبوونی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنبوونی کۆمەڵ پاش ڕاگەیاندنی ئەو هەڵوێستە، ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ وتی "داهاتوو دەیسەلمێنێت کەئۆپۆزسیۆنبوونی کۆمەڵ جیاوازترە لەحیزبو گروپەکانی تر."

لەلایەکی ترەوەو بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەو هەڵوێستەی عەلی باپیر کاردانەوەی لەنێو ڕێکخستنەکانو جەماوەری حیزبەکەدا لێکەوتەوە، بەجۆرێک زۆرێک لەکادرانو هەڵسوڕاوانی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە، دژایەتی ئەو هەڵوێستەیان کردووە، بەتایبەت کە بێمەرجو ڕێککەوتنی سیاسی ڕازی بووە.

# دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن، ترسی ئاڵۆزبوونی کێشەی کەرکوکی لێدەکرێت

## سیاسەتمەداران دەڵێن پێشکەوتنی لیستی عێراقییە لەکەرکوک، باڵانسی نوێنەرایەتی ئەو پارێزگایە لەبەغدا دەگۆڕێت

کاروخ نامیق لەسلێمانی

کوردەکان بەپەرتبوونی دەنگەکانیان لەپارێزگای کەرکوکو زیادبوونی دەنگی لیستی عێراقییە کەنوێنەرایەتی نەتەوەکانی عەرەبو تورکمانەکان دەکات، ترسیان لەئاڵۆزبوونی کێشەی ئەو پارێزگایە هەیە.

نووسەرو سیاسەتمەدارانی کورد گومان دەکەن دەستێک بۆ گۆڕینی تەرازووی نوێنەرایەتی کوردەکانی پارێزگای کەرکوک هەبێت لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆیە دەڵێن گۆڕینی باڵانسی نوێنەرایەتی ئەو شارەش لەکەمکردنی کوردەکانەوە بۆ زیادکردنی نەتەوەکانی تر بەتایبەت عەرەبەکان، ئاڵۆزبوونی کێشەی شاری کەرکوکی لێدەکەوێتەوە.

ترسی کوردەکان لەئاڵۆزبوونی کێشەی کەرکوک لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەپێی مادەیەکی یاسایی دەستووری عێراق کەمادەی ٢٣یە، بەپێی ئەو مادەیە دەبێت نوێنەرانی کەرکوک لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لیژنەی جێبەجێکردنی مادەکە بن کەتایبەتە بەکەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان، بەڵام ئەگەر ڕێژەی عەرەب لەو لیژنەیە زیاتربێت لەڕێژەی کورد ئەوا مەترسی دەبێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی کورد لەو شارە.

کامەران مەنتک مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین بەدەستووری وت "ئەو هەڵبژاردنەی کە کرا وەک ریفراندۆمێک وابوو ئەگەر ریفراندۆمیش نەبێت، بەڵام شێوەیەکە لەشێوەکانی ریفراندۆم، چونکە ڕێژەی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی کەرکوک پیشاندەدات".

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە لەسەرەتای هەڵبژاردنەکانەوە ئاماژەی پێدەکرا، لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەو پارێزگایە زۆرترینی دەنگەکانیان بەدەستهێنابوو، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کەلیستی عێراقییە لەپێشەوەی هاوپەیمانییە، بۆیە کوردەکان گومانیان هەیە لەوەی دەستێک هەبێت بۆ یارییپێکردنی ئەنجامەکانی پارێزگای کەرکوک لەبەرژەوەندی لایەنێک.

کامەران مەنتک وتی "ئێستا دەوترێت لیستی عێراقیە ژمارەی زیاتری دەنگەکانی هێناوە، ئەوە مانای وایە یاری بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکرێت بۆئەوەی مەسەلەی چارەنووسی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان لەبەرژەوەندی کورد یەکلایی نەکرێتەوە". مەنتک بەردەوامبوو "ئێمە ئاگادارین ئەمریکا لەم ماوەیەدا فشارێکی زۆری دەخستە سەر کورد بۆئەوەی دەستکاری ئەنجامەکان بکات، ئەوان دەیانەوێت لەکەرکوک هاوسەنگییەک هەبێت لەبەرژەوەندی هیچ لایەنێک یەکلایی نەبێتەوە، ئەوەش لەبەرژەوەندی کورد نییە".

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەماڵپەڕی ئەلیکترۆنی خۆیدا بڵاویکردووەتەوە، لەجیاکردنەوەی ٤٦ ,٩٠٪ی دەنگەکانی پارێزگای کەرکوک لیستی ئەلعێراقییە ١٨٢٨٩٦ دەنگو هاوپەیمانی کوردستانی ١٧٩٩٨٢ دەنگیان هێناوە کە لەپلەی یەکەمو دووەمدان، هەروەها لیستی گۆڕان لەپلەی سێیەمدا لەو پارێزگایە بەکۆکردنەوەی ٣٠٥٢٨ دەنگو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش دوابەدوای ئەو دێت بە٢١٧٧٢ دەنگو بەرەی تەوافقیش ١٥٠٣٧ دەنگو ئیئتیلافی نیشتیمانی ١٢٥١٧و دەوڵەتی یاساش ١١٨٦٢و کۆمەڵی ئیسلامی ٦٣٦٣ دەنگیان بەدەستهێناوە، بەو پێیە لیستە کوردییەکان ١٦ هەزارو ٣٣٣ دەنگ لەپێشەوەی لیستەکانی ترەوەن، بەڵام بەهۆی سوتانی دەنگی هەریەکە لەلیستی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامییەوە کە ٥٨ هەزارو ٦٦٣ دەنگە ڕەنگە لیستی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی عێراقییەدا لەهێنانی کورسی یەکسان بێت یاخود کورسییەک کەمتر بێت.

ژمارەی کورسییەکانی ئەو پارێزگایە ١٢ کورسییە، بۆیە ئەگەر لیستی هاوپەیمانی ٦ کورسی بهێنێت ئەوا هاوتا دەبێت لەگەڵ لیستی عێراقییەدا، بەڵام لەو ڕێژەیە کەمتر بهێنێت بەلای کوردەکانەوە مەترسی دەبێت.

کامەران مەنتک وتی "کورسییەکانی لیستی عێراقییە بەزۆری لەو کەسانە پێکدێت کەدژی ئەوەن کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەربێتو عێراقییە لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان زیاتر دەنگبهێنێت ئاماژەیەکی زۆر ترسناک دەبێت بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکوکو چارەسەری کێشەی کەرکوک زیاتر ئاڵۆزدەکات".

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نابێتە پێوەر بۆ دیاریکردنی چارەنووسی شارەکە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی کەرکوک نابێت، لەمادەی پێنجەمو لەخاڵی چوارەمی یاسای ژمارە ١٦ی هەڵبژاردنی عێراقی ساڵی ٢٠١٠دا هاتووە: ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک یان پارێزگایەک کە گومان لەتۆماری دەنگدەرانی بکرێت، بەر لەتەواوبوونی پرۆسەی وردبینیکردنی، تۆماری دەنگدەرانی ناکرێتە بنەمای هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی داهاتوو یان ڕابوردوو بۆ هەر ڕەوشێکی سیاسی یان ئیداری.

ناسیح غەفور پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپارێزگای کەرکوک، پێیوایە زۆربوونی دەنگەکانی لیستی عێراقییە نابێتە ڕێگر لەبەردەم کێشەی کەرکوک، ڕایوایە ئەوە هیچ کاریگەری نییە، "چونکە کێشەی کەرکوک پەیوەندی بەوەوە نییە".

ئەو وتی "ئەگەر هاتە سەر ئەوەی ڕاپرسی لەسەر ئەوە بکرێت کەرکوک کوردستانییە یان نا، من پێموایە زۆرینەی خەڵکی کەرکوک دەنگ بەکوردستانی بوونی کەرکوک دەدەت".

دوای ئەوەی سکاڵای زۆر لەلایەن نەتەوەو لیستە جیاوازەکانی کەرکوک، بەتایبەت لیستی هاوپەیمانیو عێراقییە ئاراستەی یەکتر کرا، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئەو شارەی کرد، بەڵام کوردەکان ئێستاش بەگومانەوە لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەڕوانن و پێیانوایە هەوڵێکی جدی هەبووە بۆ دەستکاریکردنی باڵانسی نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەکانی ئەو شارە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

ناسیح غەفور وتی "ئەو نوێنەرەی یونامی ناردوویەتی بۆ کەرکوک نوێنەرێکی بیانی نییە، کابرایەکی فەلەستینیان ناردووە، ئەویش لایەنگری لیستی عێراقییە دەکات، بۆیە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەو نوێنەرەی ڕەتکردووەتەوە".

عارف قوربانی نووسەرو ڕۆژنامەنووس بەدەستووری وت "ئەگەر لەحاڵەتێکدا لیستی عەلاوی یەکەم بێت لەکەرکوک، دەرئەنجامێکی ترسناکی دەبێت، چونکە هەندێک کێشەی کەرکوک ماوە کەدواتر لەڕێگەی پەرلەمانەوە ڕێوشوێنی بۆ دەگیرێتەبەر".

عارف دەڵێت "تا ڕێژەی نوێنەرانی عەرەب لەکەرکوک زیاتر بێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی پارێزگاکە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، زیاتر کێشەی کەرکوک ئاڵۆزتر دەکات".

ئەگەر کوردەکان لەشاری کەرکوک یەکگرتوو بوونایە، ئەوا بەپێی ئەنجامەکانی ئێستا، کوردەکان کورسی زیاتریشیان بەدەستدەهێنا.

قوربانی وتی "زۆر هاوارمان کرد لەسەر ئەوەی کورد بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان بکات، ئێستا دەنگێکی زۆری کورد پارچەپارچە بووە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کێ بەیەک دەنگیش لەپێشەوە بێت، دەستکەوتەکان زۆرینە دەدرێتە ئەو".





ئاوات محەمەد ئەمین سەرۆکی لیستی گۆڕان لەکەرکوک: "ئەنجامی هەڵبژاردن کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر مەسەلەی کەرکوک نابێت"
لاپەڕە٩

# "نابێت بەتەلەفونێکی ئەمریکا سیاسەتی خۆمان لەبەغداد دارێژین"

## عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

**مامۆستا عەلی باپیر ئەمینداری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەڵێت پێگەی جەماوەری کۆمەڵ بەرفراوان بووەو دڵخۆشن بەو دەنگانەی لیستی کۆمەڵ بەدەستیهێناوە.**
**عەلی باپیر پێی باشە کورد بە بەرنامەیەکی یەکگرتوو تۆکمەوە بچێتە بەغدادو پێ لەسەر جێبەجێکردنی مافە ڕەواکانی کوردستان دابگرێت، نەک بودجەو پۆست.**
**لەبارەی هەوڵەکانی بۆ کۆتایهێنان بەگرژییەکانی نێوان گۆڕان و یەکێتی، دەڵێت هەوڵەکەی بێ ئاکام نەبووەو بەردەوامە.**

.................................

**دەستوور:** ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبینی؟ بەشێوەیەکی گشتیو بەتایبەتیش سەبارەت بە کۆمەڵی ئیسلامی؟

**عەلی باپیر:** ئێمە هەڵبژاردنی ئەمجارە بەتایبەتی بەئارامی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە لەڕووی کەمبوونەوەی ڕێژەی ساختەکردنو کەمبوونەوەی ڕێژەی پێشێلکاری وایدەبینین کە باشتربوو لەهی جاران، بەڵام بەتەئکید ئەو سلبیاتانەی لەهەڵبژاردنەکانی پێشتردا هەبوون بەڕێژەیەکی کەمتریش ئەمجارەش هەر هەبوون، دواقسەشمان کاتێک دەکەین کە کۆمسیۆنی باڵا دوا قسەی خۆیو دوا ئەنجامی خۆی ڕادەگەیەنێت، سەبارەت بەخۆشمان ئەوە بۆ هەموو کەس دیارە کە ئێمە دەنگەکانمان زۆر زیادیکردووە بەتایبەت لەدەڤەری هەولێر بەرەوپێشچوونێکی باشمان بەخۆمانەوە بینیوەو بنکەی جەماوەریمان فراوانتر دەبینینەوە، لەو ڕووەوە پێی دڵخۆشین، بەڵام هەڵبەتە ئەوەش لەوەدا نابینین کە ئامانجمان هاتۆتەدی، چ لەڕووی فراوانبوونی بنکەی جەماوەریمان چ لەڕووی ڕێژەی ئەو کورسییانەی هێناومانە، هەڵبەتە نازانین کورسیەکانمان هەرئەوەندە مسۆگەرە یان دەبێت بەسێ کورسی یان زیاتر دەبن ئەگەری هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە بەهێندەی چوار کورسی دەنگمان هێناوە ئەگەر بەمشێوەیە نەبوایە، ئەگەر هەموو دەنگەکانمان کۆبکرێنەوە بەشی چوار کورسی دەکات، کاتی خۆی یەک کورسیمان لەئەنجومەنی نوێنەران هەبوو، مانای وایە ئێمە گەشەکردنو بەرەوپێشچوونمان بەخۆمانەوە بینیووە.

**دەستوور:** بەڵام ٢٠٠٥یش کۆمەڵ بەلیستی جیا بەشداریکردوو ٢ کورسی بەدەستهێنا، ڕەنگە تەنها ئەوە گۆڕابێت ژمارەی دەنگەکانتان هەندێک زیادیکردبێت؟

**عەلی باپیر:** ژمارەی دەنگەکانمان زیادیکردووەو سێ بەرامبەر بووەتەوە، ڕێژەی دەنگدەرانیش زیادیکردووە، بەڵام ئەو ئەندازەیەشنا، ئێمە لەو ڕووەوە وەسفی خۆمان بەحاڵەتێکی گەشەسەندوو دەبینین، نەک لەڕووی ڕێژەی کورسییەوە، لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا کورسیەکان دەنگی کەمتر لەئێستایان دەویست، ئێستا نزیکەی ٥٠ هەزار دەنگی دەوێت ئەوکاتە ڕەنگە ١٥ هەزار دەنگی ویستبێت، دیارە ئەو کاتە بۆخۆم لەزیندان بووم، ئێستاش دوو کورسیمان هێناوە، ئەگەر هەر ئەم دوو کورسییە بێت، بەڵام خۆ دەبێت حسابی ئەو دەنگانەش بکەیت کە پەرشوبڵاودەبێتەوەو ناگەنە ڕێژەی کورسی، چ لەسلێمانی کە ڕەنگە ٣٠ بۆ ٤٠ هەزار دەنگمان بمێنێتەوە، لەوانەیە لەکەرکوکو موسڵو بادینانیش ٢٠ هەزار دەنگمان بمێنێتەوە.

**دەستوور:** کۆمەڵ چۆن دەڕوانێتە بەشداری سیاسی لەبەغداد، مەسەلە گرنگەکان کەئێوە لەئەولەویاتی کارەکانتان دای دەنێن کامانەن؟

**عەلی باپیر:** بەشداری سیاسی لەبەغداد بەگرنگ دەزانین، هەڵبەتە ئەوەش پێویستی بەڕاوێژی نێوان خۆمان دەبێت، وەک لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەدیدارم لەگەڵ کاک نەوشیروانو مام جەلالو کاک مەسعود بارزانیو لەگەڵ کاک نێچیر بارزانیش باسی ئەوەمانکردووە، کە پێویستە بەزووترین کات کۆبونەوەبکرێتو بیروڕا ئاڵوگۆڕبکرێت بۆئەوەی بزانین چۆن لەگەڵ ئایندەی سیاسی عێراقدا مامەڵە بکەین، لەنێو خۆماندا بەدەنگێکی یەکگرەنگیو یەکگرتوو بچینە پێش، ئەوەش بەوەدەکرێت ئەو شتانەی ڕێیانگرتووە لەتەبایی نەیانهێڵینو کەشی خۆمان سافبکەین، تەبایی خۆمان مەحکەم بکەینەوە، بەڕاستی پارتیو یەکێتیش چاو بەڕابردووی خۆیاندا بگێڕنەوە کە جارێکی تر بەو شێوەیە لەگەڵ هەرێمی خۆیان مامەڵەنەکەن، حسابی خۆیان بکەنو هەر خۆیان بەنوێنەری کوردو خەڵکی هەرێمی کوردستان بزانن، تەباییەکە لەسەر بنەمای عەدالەتو فەرقو جیایی دەبێت، هەرکەسەو بەهێندەی خۆی، بەڵام دەبێت حساب بۆ هەموو لایەک بکرێت، ئێمە ئەوە بەبنەمای کار دەزانین، جا دوایی لەبەغداد چیدەکەین، ئەوە دەکەین کە لەکۆبوونەوەو ڕاوێژی خۆمان پێیدەگەین، پێویستە ئەولەویەت بدرێت بەوە.

**دەستوور:** کورد چۆن بەشداری حکومەت بکات باشە، چاودێران دەڵێن ئەزمونی ٧ ساڵی ڕابردوو هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەبووە؟

**عەلی باپیر:** وەک خەڵکی هەرێمی کوردستان تەماشا بکەین بزانین کام لەو لایەنانە لەگەڵماندا هاوکارتر دەبێت، بەکورتی قسەی خۆمانیان لەگەڵدا بکەین، بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی بەهەڵواسراوی لەنێوان هەرێمو بەغدادا ماونەتەوە، کێ لەگەڵمان هاوکارتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەدا بینو لێیان نزیکبینو پشتگیرییان بکەین، بەشتی عاتفیش نەچینە نێو ئەو وەزعە سیاسییەوە، دواتریش بەتەلەفونی ئەمریکا نەکەین، بڵێین ئەمریکا تەلەفونی کردووەو دەیەوێت وابکاتو دەبێت وابکەین، دەبێت قسەی خۆمان بۆ خۆمان بکەینو خاوەنی ئیرادەی خۆمان بین، بچینە سەرووی ئاستی ئەو حیزبایەتیو بازنە تەسکانەی کە ئێستا خۆمان تێدا قەتیسکردووە، پێیموایە پارتیو یەکێتی زیاتر خەریکی بەدەستهێنانی دەستکەوتی حیزبی بوون، ڕەنگە ئەوەندەی خەریکی مەسەلەی بودجە بوون، هێندە خەریکی چارەسەری کێشە سیاسیەکان نەبوون، لەکەرکوکو موسڵیش بەشێوەیەک مامەڵەکراوە نەک عەرەبو تورکمان بەڵکو نەیانتوانیوە کوردەکانیش لەخۆیان ڕازیبکەن، بەڕاستی دەبێت چاو بەوشتانەدا بگێڕدرێتەوە.

**دەستوور:** ئێوە بڕیارتانداوە پشتگیری کاندیدکردنەوەی تاڵەبانی بکەن؟ لەبەرامبەر ئەوەدا تاڵەبانیو لیستی هاوپەیمانی چی بەئێوە دەدەن؟

**عەلی باپیر:** ئێمە کاتێک هەڵوێستێکی سیاسی دەنوێنین مامەڵەی پێوەناکەین، هیچیان بۆمان نەکردووە، کاتێک ئەوەمان بۆ بکەن ئێمەش وادەکەین، هەر تەعبیرمان لەقەناعەتی خۆمانکرد، بەتایبەتی کە وەزعی مام جەلالو یەکێتیمان بەو شێوەیە بینی، لەڕابردووشدا مام جەلال توانیوویەتی ڕۆڵی خۆی ببینێت، نەک لەسەر ئاستی عێراق بەتایبەت، بەڵکو لەسەر ئاستی پەیوەندی عێراقیش لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێش، کاتێک بارگرژییەک لەنێوان هەرێمو تورکیا یان هەرێمو ئێراندا هەبووبێت مام جەلال توانیوویەتی زۆر لەو گرێکوێرانە بکاتەوە، ئەگەر کەسێکی لەوباشتر هەبێت کە کاری باشتر بکات بەهەرحاڵ، ئەگەرنا وەک میللەتی کوردیش مافی خۆمانە پۆستێکی سیادیمان هەبێت، مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ناتوانێت لەبەر ئەوە ئەندامی پەرلەمان نییە، کەواتە ئەگەر سەرۆک کۆماریش نەبێت دەبێت خەم لەپۆستێکی تر بخۆین، بیر لەسەرۆک کۆمارێکی تر بکەینەوە، ڕەنگە ئەوەی خەڵک بۆ مام جەلال ئامادەیە بەتایبەت لایەنە شیعەیەکانو هەندێک لەدەوڵەتانیش ڕەنگە بۆ کەسێکی تر ئامادە نەبن ئەوە بکەن، بۆیە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێرین، پێیموایە هەرچۆن بێت پۆستی سەرۆک کۆماری وەکو مەرکەزێکی سیادی بەهێزترە، سەرۆکی پەرلەمان مامەڵە لەگەڵ ٣٢٥ ئەندام دەکات، بەڵام سەرۆک کۆمار لەگەڵ سەرۆک وەزیرانو دەوڵەتانو مەرکەزە سیادییەکانی وڵاتدا مامەڵەدەکات، پێیموایە بەو دەستکاریەش کە کراوەو سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆی نامێنێت، بەڵام پۆستێکی ڕەمزی بەهێزە دەبێت بمێنێت، بەتایبەتیش یەکێکی وەک مام جەلال کە بەهێزی کەسایەتی خۆی زیاتر دەتوانێ پێ ببینێت.

**دەستوور:** هەمیشە کۆمەڵ وتویەتی ئێمە کاتێک دەبین بەشەریکو پشتگیری یەکێتیو پارتی دەکەین، لەدەستکەوتەکانیشدا شەریکمان بکەنەوە، نەک هەموو پۆستەکان بۆ خۆیانو ئێمەش هەر دەنگمان لەگەڵ ئەواندا بێت؟ چۆن بێ بەرامبەر بەو سەودایە ڕازی بوون؟

**عەلی باپیر:** ئێمە ئەوەمان بەمامەڵە نەکردووە، لەبەرامبەر بوونی خۆماندا داوای مافی خۆمان دەکەین، ئەگەر پشتگیری بۆ شتێک بێت لەبەرژەوەندی گشتی میللەتەکەمان بێت، ئەوا بە بەرامبەر نایکەین، ئەوە وەک ئەرکی سەرشانی خۆمان دەیکەین، بەڵام بۆ هاوکاریکردنمان لەگەڵ ئەو دوو حیزبە دەبێت حسابو کتاب هەبێت، دەبێت ئەوان حسابمان بۆ بکەن، بۆ غەیری ئێمەش، واتە شتەکە دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکیان کە ئێمە بەئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵدەستین ئەگەر ئەوان هەبن یان نەبن، لەئیمتیازاتدا بەشداریمان پێدەکەن یاخود نا، بەڵام هەندێک شتی تریش هەیە کە لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیەیە ئەوکاتە دەڵێت دەبێت تۆ هاوکارم بیتو بەناوی تۆشەوە قسەدەکەم، دەبێت لەئیمتیازاتدا بەشمبدەیت ئەوکاتە بەناوی منەوە قسە بکەیت، ئەگەر نا هەردەبێت بڵێی پارتیو یەکێتی.

**دەستوور:** ڕایەک هەیە دەڵێن سەرۆکی پەرلەمان باشترە لەسەرۆک کۆمار، تۆ کامەت پێ پەسەندە؟

**عەلی باپیر:** پێیموایە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیش دەوری خۆی دەبینێت، بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستای میللەتەکەماندا کە پێویستیمان بە کۆمەڵێک یاساو بڕیار هەیە بۆئەوەی ئەو کێشە هەڵواسراوانە چارەسەربکرێ، بەڵام لەبەرئەوەی بەپێی یاسا مام جەلال ناتوانێت ببێت بەسەرۆکی پەرلەمان، دەبێت بیر لەکەسێکی تر لەبری مام جەلال بکرێتەوە، گەر نەگونجێت مام جەلال سەرۆک کۆمار بێت یان پێکهاتەکانی تری لەگەڵدا نەبن، ئەوکاتە دەبێت بیر لەوەبکرێتەوە کەسێکی تر بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دیارییبکرێت، پێشموایە ئەگەر سەرۆک پەرلەمانێکی چالاکو باشمان هەبێت لەوانەیە لەهەندێک ڕووەوە باشتر بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵواسراوانەی لەنێوان هەرێمو بەغدادا ماونەتەوە.

**دەستوور:** ماوەی پێشوو سەردانی تاڵەبانیت کردو ئەوەشت ڕاگەیاند لەهەوڵی ئەوەدایت بارگرژییەکانی نێوان گۆڕانو یەکێتی هێوربکەیتەوە، چۆن ئەوە ڕوویدا؟

**عەلی باپیر:** پێمناخۆشە میللەتەکەم، لایەنە سیاسیەکان عەیبوعاری یەکتر بڵاوبکەنەوە، وەزعێک بێتەپێشەوەو ئاڵۆزی لەوڵاتدا بێت، من ئەوە بەزیانی هەموو لایەک دەزانم، پێش ئەوەی بچمە لای جەنابی مام جەلال سەردانی کاک نەوشیروانم کرد لەبارەی ئایندەی سیاسی عێراقو هەرێمی کوردستانەوە قسەمانکرد، لەسیاقی قسەکاندا باسی ئەو بارگرژییەی نێوانیانم کرد، پێیموت دەڵێی چی ئەگەر وەک جاری پێشوو قسەیەک لەنێوانتاندا بکەم وتی سوپاستدەکەمو هەندێک تێبینی خۆی خستەڕوو، کاتێکیش مام جەلالم بینی بۆمباسکرد ئەویش هەڵوێستی ئیجابی بوو، دواتریش کاک مەسعودم بینیو لای ئەویش باسمکردو داواملێکرد بێنە ناو قەزیەکەوە، پێیموت هەندێک شت هەیە دەبێت تۆ ڕێگە لەپێشەکییەکانی بگریت بۆئەوەی ئەنجامی بەدوادا نەیەت، ئێستاش هەر لەهەوڵداین، جەنابی مام جەلال وتی لیستی ئەو کەسانەی ئەوان دەڵێن موچەیان بڕاوە بۆمبێنن، ئەو کەسانەی بەناحەق نانی بڕابێتو فەسڵکرابێت بۆی چاکدەکەینەوەو مافەکەی بۆ دەگێڕینەوە، ئێستا هەر لەنێوانیاندداین، داواشمان لەگۆڕانکرد لیستی ئەو کەسانەی دەڵێن گیراون بماندەنێ.

**دەستوور:** هەوڵەکان بەکوێ گەیشتوون، هیچ ئەنجامێکی لێکەوتووەتەوە؟

**عەلی باپیر:** تائێستا ئەوەیکردومانە بەئیجابی هەڵوێستی جەنابی مام جەلالو کاک نەوشیروانمان گواستووەتەوە، لەهەردوولاش ئامادەیی هەبووە ئەو گرژییە نەهێڵرێتو شەڕی ڕاگەیاندن بوەستێندرێت، گۆڕان داوایانکرد کە خەڵکیان نانبڕاو فەسڵکراوە دەبێت ئەوانە چارەسەربکرێن، مام جەلالیش وتی بەسەرچاو با لیستەکانم بۆ بێنن، ئێمەش لیستەکەنمان لەگۆڕان وەرگرتوونو داوامان لەبرادەرانی یەکێتیش کردووە بەزوویی هەوڵبدەن، داواشمان لەکاک مەسعود کرد ئەویش بەزوویی هەوڵبدات، ئەویش د.فوئاد حسێنی ڕاسپارد کە بەرپرسی ئەو لیژنەیە کە کاتی خۆی دانرابوو تا دووبارە بەخێرای لێیپێچینەوە بکات، بۆئەوەی وەڵامی ئەوەمان دەستبکەوێتەوە بزانین ئەوەی گۆڕان دەڵێت بەناحەق نانبڕاو کراون بزانین چەندی وایەو چەندی وانیە، چونکە برادەرانی گۆڕان وتیان تا ئەوە چارەسەر نەبێت قسەکردن لەهێورکردنەوەو ئاشتەوایو تەبایی هیچ پاساوێکی نییە.

**دەستوور:** جگە لەوە، تاڵەبانی داوای چیکردووە؟ ڕای گۆڕانو نەوشیروان مستەفا چییە؟ ئەوان چیان دەوێت؟

**عەلی باپیر:** گۆڕان هەرئەوەیان دەوێت کە مەسەلەی نانبڕاوەکانیان چارەسەربکرێتو ئەو کەسانەیان گیراون ئازادبکرێنو ئەو ئیجرائاتانە ڕابگیرێن، ئەوانەی مافیان خوراوە بۆیان بگێڕدرێتەوە، ئەوە مەرجی ئەوانە بۆئەوەی ئەو بارگرژییە نەمێنێت.

مام جەلالیش ئامادەی خۆی دەربڕی، بەڵام وتی ئەو کەسانەی کادیری حیزبی ئێمە بوونو ئێستا موچەمان لێبڕیون مافیان نییە داوای ئەوەبکەن، بەڵام ئێمە وتمان ئەگەر ئەو کەسانە کارمەندی حکومەتن یان خانەنیشکراون مافی خۆیانە، ئەویش وتی بالیستەکەم بۆ بێنن ئەگەر وابو ئەوا ئەو جۆرە کەسانە مافەکانیان بۆ دەگێڕینەوە.

**دەستوور:** دەڵێن گۆڕان هەموو گفتوگۆو ڕێککەوتنێک لەگەڵ یەکێتی ڕەتدەکەنەوە؟ چونکە پێیانوایە ئەمەش تاکتیکێکی تاڵەبانیەو هیچی تر؟

**عەلی باپیر:** واهەستمنەکردووە هەموو شتێک ڕەتبکەنەوە، قسەمان لەگەڵ هەردوولا کردووەو لیستەکەشمان لەگۆڕان وەرگرتووە، ئەوە ڕەنگە قسەی هەندێک ڕۆژنامە بێت، ئەوەی ئێمە بینیومانە ئەوان ڕەتیناکەنەوە، بەڵکو دەڵێن کۆمەڵێک حەقمان لێزەوتکراوە با حەقەکانمان بۆ بگێڕنەوە، ئەوە مەرجی پێشوەختی ئێمەیە بۆئەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ یەکتر هەڵبدەینەوە بۆ ئەوەی ئەو بارگرژییە نەمێنێت.



عەلی باپیر

> برادەرانی گۆڕان وتیان تا کێشەی نانبڕاوەکان چارەسەر نەبێت، قسەکردن لەهێورکردنەوەو ئاشتەوایو تەبای هیچ پاساوێکی نییە

> مام جەلال وتی لیستی ئەوکەسانەی ئەوان دەڵێن موچەیان بڕاوە بۆمبێنن، ئەو کەسانەی بەناحەق نانی بڕابێتو فەسڵکرابێت بۆی چاکدەکەینەوە

# "دەکرێت یەکێك لەجێگرەکانی سەرۆکی پەرلەمان ژن بێت"

## ئالا تاڵەبانی کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەکەرکوک بۆ دەستوور

سازدانی: زانا ئەحمەد

**ئالا تاڵەبانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانو کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەکەرکوک بۆ پەرلەمانی عێراق، دەڵێت ئاستی رۆشنبیرو هۆشیاری کۆمەڵگای عێراقیو پارتە سیاسییەکان نەگەیشتووەتە ئاستێک رێگە بەژنان بدەن پۆستە سیادییە باڵاکان وەرگرن.**

**تاڵەبانی پێیوایە لەهەرێمی کوردستان دەرفەتی لەبارتر بۆ ژنان رەخساوە لەچاو ناوچەکانی تری عێراقدا.**

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنەکەی ئەمجارەدا ژنان دووچاری شکستێکی گەورە هاتن لەبەرامبەر رکابەرە پیاوەکانیان، ئەمە شەرعیەت نادات بەوەی کە لەکابینەی داهاتووشدا رێگە بۆ ژن نەکرێتەوە بۆئەوەی لەپۆستە هەستیارو سیادییەکاندا جێگیر بکرێن؟

**ئالا تاڵەبانی:** بەڵی، کەباس لەپۆستە سیادییەکان دەکەین بەشێوەیەکی گشتی دەستنیشانی ناکەین، چونکە ئەوە بەپێی دەستوورو بەپێی یاساکانیش لەعێراقدا بەمافێکی رەوای ژنان دەزانرێت، دیارە ئێمە کەباس لەکابینەی حکومەتی نوێ دەکەین، رەنگە لەئاستی وەزیردا کێشە نەبێت، بەڵام بۆ پۆستە سیادییەکان کێشە لەبەردەم ژناندا هەبێت، تائێستا زەمینە خۆش نەکراوە، دەکرێت یەکێک لەجێگرەکانی سەرۆکی پەرلەمان ژن بێت، چونکە ئەوە دەستەبەری خۆیەتی جگە لە (٢٥٪) ەکە، چونکە هەموو ئەندامێکی سوێند خواردووی تازە دەتوانێت خۆی کاندید بکات بۆ سەرۆکی پەرلەمانو بۆ دوو جێگرەکەی، دیارە ژنانیش دەتوانن، بەڵام بەدڵنیاییەوە دانانی ئەم پۆستانە بەتەوافوقی سیاسی دەبێت لەنێوان کوتلەکاندا، ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ کوتلە سیاسییەکان کە ئەوان پێشنیازی ژنیش بکەن بۆ یەکێک لەجێگرەکانی سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام دەگەڕێمەوە سەرئەوەی هێشتا زەمینەی ئیشکردن لەعێراقدا پەیوندیدارە بەوەی کە هەموو سەرکردە سیاسییەکان لەعێراقدا لەپیاو پێکهاتووە.

لەناو کۆمەڵگاشدا رەنگە ژن ئامادەباشی نەبێت بۆئەوەی ژن بچێتە ئەو پۆستە سیادییانەوە، بۆیە تەئکیدی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە ئەو رێژەی کەدیاریکراوە لەدەستووردا کەمنەکرێتەوە، دواتر جەخت لەسەر ئەو رێژەیە بکەین لەکابینەی نوێدا.

**دەستوور:** تۆ باست لەوە کرد کە ئێستا زەمینە لەبار نییە واتە لەکابینەی داهاتووشدا ژن ناتوانێت بگاتە هەرەمی پۆستە سیادییەکان؟

**ئالا تاڵەبانی:** بەتەئکید ئەوەی کە هۆکارە سەرەکییەکانە زەمینەی کۆمەڵایەتییە رەنگە تائێستا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ئەو پشگیرییە دروست نەبووبێت بۆ ژن، پاشان زەمینە سیاسییەکەیە واتە بەشی دووەمی دەکەوێتە سەر پارتەسیاسییەکان کە ئەوان خەڵک کاندید دەکەن بۆ پۆستی باڵا، کوتلە سیاسییەکانیش هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە لەگەڵ کاندیدێکی پیاودا ژنێکیش کاندید بکەن.



ئالا تاڵەبانی

**دەستوور:** پێتوانییە بەشێکیشی پەیوەندیدارە بەوەی کە تائێستا لەناو حیزبە سیاسییەکانیشدا ژن نەیتوانیوە وەکو پێویست بگاتە ئاستی باڵاو ناوەندی بڕیار، ئەمە وای کردوە کە تاڕادەیەک لەپێدانی پۆستە هەستیارەکاندا ژن پەراوێزبخرێت؟

**ئالا تاڵەبانی:** راستە ژن نەگەیشتووەتە ناوەندی بڕیاری پارتە سیاسییەکان، نەک تەنها پارتە دینییەکان، بەڵکو بەپارتە لیبراڵیو عەلمانییەکانیش، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ژنی بەتوانا نییە لەناو پارتە سیاسییەکاندا کە کاندید بکرێت بۆ پۆستی باڵاو ژن خۆی نەیویستبێت بگاتە ئەو ئاستە، وەک ئاماژەم پێکرد زەمینەکە تائێستا لەبار نییەو هێشتا دروستنەبووە، نە لەناو کۆمەڵگا نە لەناو پارتە سیاسییەکاندا.

**دەستوور:** روونت نەکردەوە کە چانسی ژن لەوەرگرتنی پۆستە سیادییەکان لەچ ئاستێکدا دەبێت لەکابینەی داهاتوودا؟

**ئالا تاڵەبانی:** ئێمە کارمان بۆ کردوەو داوامان کردوە وەک بزووتنەوەی ژنان لەعێراقدا لەپارتە سیاسییەکان کە دەچنە ناو پێکهاتەی حکومەتەوەو لەپەرلەماندا پشکی زۆریان هەیە، ژن کاندید بکەن بۆ ئەو پۆستە باڵایانە، بەڵام دیسانەوە ئێمە پێمانوایە چانسی ژن بۆ ئەو مەبەستە کەمترە.

**دەستوور:** ئێوە وەک ژنان تاچەند لەبەرنامەتاندایە کە فراکسیۆنێکی تایبەتی لەسەرجەم کوتلە جیاوازەکان بۆ ژنان دروستبکەن بەجیاوازی ئایدۆلۆژیاو بیرکردنەوە، ئەمەش لەپێناو جێگیرکردنی ژمارەیەک لەژنان لەناوەندی بڕیاردا؟

**ئالا تاڵەبانی:** ئێمە لەچەند ساڵی رابردوودا ئەو هەنگاوەمان نا، هەرچەندە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەبۆنەی لاوازی ئەدای هەندێک لەژنەکان لەسەرجەم کوتلەکاندا، هەروەها نەبوونی ئیرادەیەکی زۆر بەهێزی ژنان لەو فراکسیۆنەی کەباست کرد، بەڵام بەتەئکید لەم پەرلەمانە تازە هەڵبژێردراوەش هەمان هەوڵ دووبارە دەکەینەوە بۆ دروستکردنی ئەو کوتلەیە، بەڵام ئەمە کاتی دەوێت، دەبێت ئێمە وەکو جاری پێشوو رێکبکەوین لەسەر میکانیزمەکان لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان، چونکە هەندێک کار کراوە لەبەرژەوەندی ژنانو ئیشی باشی بۆ کراوە لای ئێمە، بەڵام لای هەندێک لایەنی تر ئیشی لەسەر نەکرابێت.

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنەکەی ئەمجارەی (٣/٧)دا کاندیدانی ژنان لەبەرامبەر پیاواندا دووچاری شکستهێنان هاتنو زۆرینەیان پێویستیان بەوەیە کە بەدەنگی کۆتا سەرکەون، تۆ ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟ ئایا بەشێکی پەیوەندی بەلاوازی ئەدای ژنانەوە نەبووە لەخولی رابردووی پەرلەماندا؟

**ئالا تاڵەبانی:** راستە ژنان کەمتر توانیویانە بگەنە دەنگی پیاوان، رەنگە ئەگەر بەدەنگی کۆتا نەبێت نەتوانن بچنە نێو پەرلەمانەوە، بەڵام من پێموانیە ئەمە شکست بێت، بەڵکو یەکەم ئەزمونە بۆئەوەی بتوانن لەبەرامبەر پیاواندا دابەزنو بەشێک لەدەنگەکان بۆ خۆیان ببەنو تیاشیاندایە دەنگی زۆرباشی هێناوە.

دەستوور: ئەگەر بەراوردکارییەک لەنێوان کاندیدانی ژنانی هەرێمی کوردستان بەجیاوازی لیستەکانیانەوە لەگەڵ کاندیدانی ژنانی ناوەڕاستی باشوور بکەین، لەچ لایەکدا ژنان توانیویانە زۆرترین دەنگ بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن؟

**ئالا تاڵەبانی:** بەدڵنیاییەوە لەهەرێمی کوردستان ژنان ئاستێکی باشیان بڕیوە، لەچاو پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشوور، رەنگە ژنێک ژمارەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی نەگەیشتبێتە دوو هەزار دەنگ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە سەرکردەکەی دەنگێکی زۆری بەدەستهێناوە سەرکەون، بەڵام رەنگە لای ئێمە ژنێک لەسەرو (١٠) هەزار دەنگیشی بەدەستهێنابێت، چانسی سەرکەوتنی کەمبێت، مەگەر بەکورسی کۆتا سەربکەوێت، بۆیە من ئەمە بەشکست نازانم بۆ ژنانی هەرێمی کوردستان، بەپێچەوانەوە بەسەرکەوتنێکی زۆری ژنانی دەزانم ئەگەر بەراوردی بکەین بەپارێزگاکانی ناوەڕاستی باشوور، ژنی کورد لەپێش ژنی هەموو کوتلەکانی ترەوەیە لەبەدەستهێنانی دەنگدا.

**دەستوور:** وەک لەهەندێک لەمیدیاکاندا باسکرا، ئێوە توانیتان رکابەری سەرەکی زۆرێک لەپیاوانی کاندیدکراو بن لەپارێزگای کەرکوکدا، بەگوێرەی ئەنجامە بەراییەکان توانیتان چەند دەنگ بۆ خۆتان مسۆگەر بکەن ؟

**ئالا تاڵەبانی:** تا ئەنجامی کۆتایی وەرنەگرم ناتوانم ئاشکرای بکەم، بەڵام توانیومە رکابەری زۆربەی پیاوەکان بکەم.

# رێوی بەکونەوە نەدەچوو، هەژگێشی بەدوای خۆیدا رادەکێشا

## عەرەبو تورکمانەکانی لیستی عێراقییە مادەی ١٤٠ بەمردوو دەزاننو بەنیازی هاوپەیمانیشن

زانیار داقوقی

بەشێکی زۆری عەرەبو تورکمانەکانی نێو لیستی عێراقییە، مادەی ١٤٠ بەمردوو دەزانن، لەولاشەوە سەرۆکی لیستەکەیان بەمەبەستی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات.

تائێستا بەشێکی زۆر لەو عەرەبو تورکمانانەی کە لەنێو لیستی عێراقییەدا بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کردووە، مادەی ١٤٠ بەمردوو دەزاننو دژی جێبەجێکردنی ئەو مادەیەن، ئاماژە بەوەش دەکەن ئامادەی بەستنی هاوپەیمانێتین لەگەڵ کوردەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق.

لەچەند رۆژی رابردوودا ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییە بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق، سەردانی هەریەکە لەجەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانیان کرد، بەڵام ئەو سەردانەی عەلاوی لەلایەن بەشێک لەلایەنەکانی نێو لیستی عێراقییە، بەسەردانی سەرۆکی لیستی عێراقییە نەدرایە قەڵەم، بەڵکو سەردانەکەیان تەنها وەکو سەرۆکی حیزبەکەی خۆی ئاماژە پێکرد.

ئەرشەد ساڵح بەرپرسێکی بەرەی تورکمانیو کاندیدی لیستی عێراقییە لەشاری کەرکوک لەلێدوانێکیدا، بەدەستووری وت "ئێمە وەک تورکمانەکان هاوپەیمانێتی لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستاندا بەکارێکی ئاسایی دەبینین، بەڵام لەگەڵ ئەو مەرجانەدانین کەهاوپەیمانی کوردستان داوایدەکات بەتایبەت لەمەسەلەی مادەی ١٤٠دا".

ساڵح وتی "سەردانەکەی عەلاوی بۆ هەرێمی کوردستان بەهیچ جۆرێک بەناوی لیستی عێراقییەوە نییە، بەڵکو بەناوی حیزبەکەی سەردانی هەرێم دەکات".

ئەو بەرپرسەی بەرەی تورکمانی روونیشیکردەوە کەدەبێت عەلاوی نیازی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر لیستیک بێت، دەبێت ئاگاداری سەرجەم ئەو لایەنانە بکاتەوە کەهاوپەیمانن لەنێو لیستی عێراقییەدا.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەئەو لایەنانەی هاوپەیمانیان لەگەڵ لیستەکەی عەلاویدا کردووە، سەرجەمیان مادەی ١٤٠یان لا مردووەو وتیشی "بەڵام حکومەتی عێراقی بەبێ بەشداری کورد پێکناهێنرێت، بەڵام هیچ عێراقییەک واز لەکەرکوک ناهێنێت".

هەروەها ئوسامە نجێفی سەرۆکی لیستی عێراقییە، لەپارێزگای موسڵ، پێشتر ئەوەی راگەیاندبوو هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورددا لەسەر مادەی ١٤٠ رەتدەکرێتەوە.

کوردەکان سوورن لەسەر ئەوەی نابێت سازش لەسەر مافە رەواکانیان بکەن، بەتایبەت مادەی ١٤٠، بەڵام زۆرێک لەوانەی ئێستا لەنێو لیستی عێراقییەدان پێیانوایە مادەی ١٤٠ مادەیەکی دەستووریی مردووە.

مەحمود عوسمان کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەپارێزگای سلێمانی رایگەیاند "شۆڤێنیە عەرەبەکانی ناو لیستی عێراقییە دەبنە کێشەو ئاڵۆزی بۆ مافە رەواکانی کورد دروستدەکەن".

عوسمان وتی "دەبێت کورد وریابێتو پێشوەخت گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا بکات، پاشان لەگەڵ ئەوانی تر".

ئەرشەد ساڵح، ئاماژەی بەوەدا کە تائێستا لەنێو خۆیاندا وەکو لیستی عێراقییە، کۆبوونەوەیان نەکردووە، تاوەکو بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، بەچ شێوەیەک هاوپەیمانێتی بکەن. ئەو وتی "بەمەبەستی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، دەبێت پێشتر خۆمانی بۆ ئامادە بکەینو گفتوگۆی سەرجەم لایەنەکانی پێویستە، نەک تەنها یەک لایەن".


ئاماژەی بەوەشدا کە عەلاوی بەو مەرجانەی کورد رازینابێت کە باس لەمادەی ١٤٠ دەکەنو وتی "چونکە زۆربەی ئەوانەی هاوپەیمانێتیان لەگەڵ عەلاویدا کردووە، مادەی ١٤٠یان لا مردووە".

لەلایەکی ترەوە، محەمەد خزر جبوری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک رایگەیاند "لیستی هاوپەیمانی کوردستانی روویەکی سەرەکییەو دەبێت کورد لەحکومەتی عێراقی بەشداربێت، بەڵام عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقییەیە ئێمەش لەگەڵ ئەوداین، بەڵام نابێت عەلاوی لەسەر کەرکوک هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە کوردییەکاندا دروستبکات".

ئاماژەی بەوەشدا کە عەرەبی کەرکوک، ئەگەر هاوپەیمانی عەلاویو کوردەکان لەسەر مادەی ١٤٠بێت، ئەوا رەتیدەکەنەوە.



www.arsivakurd.org



# …ی داهاتوودا کەرکوک نەگەڕێنرێتەوە …ـەتا هەتایە ناگەڕێنرێتەوە"



بکرێت. چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە هەتا زووتـر بێت بۆ عێراق باشترە، بەپێچەوانەوە مانەوەی بەهەڵپەسێردراوی کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر ئایندەی عێراق.

**دەستوور:** لەئێستادا دەبێت کورد چی بکات بۆ یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی کەرکوک؟

**د. نـوری تـاڵـەبـانـی:** دەبـێـت لـەمـەسـەلـەی بـەشـداریـکـردنـی کـورد لەحکومەتی داهاتوودا، هێزە کوردییەکان جەخت لەسەر مەسەلەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوک بکەنەوە، دەبوایە کورد لەگەڵ دروستکردنەوەی حکومەتی عێراقدا جەختی لەسەر چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە بکردایەتەوە، بەبڕوای من ئەگەر لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا کێشەی کەرکوک چارەسەرنەکرێتو نەگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا بۆ هەتا هەتایە نابێتەوە بە بەشێک لەکوردستان. لەساڵانی رابـردوودا، دەســەڵات لەبەغداد هـەوڵـیداوە ئەو مەسەلەیە دوابخاتو کارینەکردووە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠.

**دەستوور:** پاش ٧ساڵ لە روخانی سەدام، تاچەند توانراوە شوێنەوارەکانی تەعریبو تەبعیس بسڕێنەوە؟

**د. نـوری تاڵەبانی:** بـەداخـەوە لەماوەی چەند ساڵی رابـردوودا، کورد دوو ئیدارەی لەشاری کەرکوک هەبووە، دوو پـەروەردەو دوو دەزگای ئاسایش، ئـەمـەش کـاریـگـەریـی خـراپـی بـووە لەسەرئەوەی نەتوانرێت شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردنی کەرکوک بسڕێنەوە.

**دەسـتـوور:** کەباس لەوەدەکرێت ژمارەی دەنگەکانی ئەلعێراقیە لەپێش هاوپەیمانێتی کوردستانەوەیە، ئەوە کاریگەری لەسەر ناسنامەی کەرکوک دەکات؟

**د. نوری تاڵەبانی:** ئەو ئامارانەی لەو بارەیەوە دەخرێنەڕوو راست نین، چونکە عەرەبو تورکمانەکان لەحەویجەو زابو چەند شوێنێکی تر ساختەکاریی زۆریان کردووەو نەیانهێشتوە چاودێرانی لیستە کوردییەکان بچنە هیچ ناوەندێکی دەنگدانی ئەو شوێنانەوە، بۆیە ئەو ژمارانە راستنینو کورد هەمان دەنگی ساڵی ٢٠٠٥ بەدەستدەهێنێتەوە کەرێژەی ٦٢٪ەو هەر زۆرینەیە لەشاری کەرکوک.

ئەمە جگەلەوەی هێشتا ناوچەکانی کفریو دوزو شوێنەکانی تری لە رووی ئیدارییەوە نەخراوەتەوە سەر، ئەگەر ئـەو شوێنانەیشی بخرێتەوە سـەر، دەردەکەوێت ژمـارەی کوردی شارەکە لەچاو پێکهاتەکانی تر چەند زۆرە، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی بەهێز لەهەر رێککەوتنێکی کورد لەگەڵ هێزەکانی عێراق لەبارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوکەوە.

# …ی سیاسی لە کەرکوک لەدەستدەدەن

…ککناجێل

دابـەشـکـردنـی دەســەڵات رازیـبـوون بەشداریی لەبەڕێوەبردنی پارێزگاکەدا بکەن، بەپێی ئەو رێککەوتنە پارێزگار کورد دەبێت لەکاتێکدا دوو جێگرەکەی عەرەبێکو تورکمانێک دەبێت، بەڵام ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکوک هێشتا جێی مشتومڕە دوای ئەوەی عەرەبو تورکمان تاڕادەیەکی زۆر دوورکەوتنەوە، دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥و کوردەکان بـوونـە زۆریـنـە، حکومەتی عێراق کەرکوکی لەهەڵبژاردنی پارێزگاکانی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ بێبەشکرد لەترسی هەڵایسانی ئاڵۆزیی تایەفی.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێشهاتانە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەپارێزگای کـەرکـوک بەشێوەیەکی ئاشتییانە مـایـەی سەرسوڕمانێکی گەورەیە، بۆ دڵنیابوون لەبەڕێوەچوونی ئاشتیانەی پرۆسەکە پۆلیسی عێراق ٥٦ دەوریەی گەڕۆکی لەناو شاری کەرکوک لە رۆژی دەنگداندا بڵاوکردبووەوە.

پـەیـامـنـێـری رادیـــۆی عێراقی ئـــازاد دەڵـێـت هاوپەیمانێتی کـورد پێشبینیکردووە ئەنجامێکی زۆر باش لەکەرکوک بەدەستهبێنێتو لەسەرەتادا لەئەنجامی هەڵبژاردنەکە دڵنیا نەبووە، بەڵام دواتر بەئاگاهاتووەتەوە، پێشبینی دەکـرد ژمارەیەکی زۆری دەنگەکان بەدەستبهێنێت، بــەڵام پێدەچێت دابەشبوونی دەنگی کوردەکان بەسەر ژمـارەیـەک لەحیزبەکان کەیەکێکیان گۆڕانە پەرشو بڵاوبووبێتەوە.

ئـامـاژە بـۆئـەوەش دەدات کە هاوپەیمانی کوردستان ململانێیەکی توند لەگەڵ لیستی ئەلعێراقییە دەکات کە زۆرینەی عـەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک دەنگیان پێداوە.

**چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوک**

دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، سەرکردە سیاسییەکانی کـورد وەکو هاوتا تورکمانەکان جەخت لەسەر یەکێتی هەڵوێستیان لەمەسەلەی کەرکوک دەکەنەوە، کوردەکان پێیانوایە کەرکوک پایتەختی مێژوویی‌و سروشتی هەرێمەکەیانە لەباکوری عێراقو سوورن لەسەر ئەنجامدانی راپرسییەک بۆ دیاریکردنی ئایندەی پارێزگاکە.

رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەڵێت "مەسەلەی کەرکوک پێشتر لەگۆڕەپانی سیاسی عێراقدا خـراوەتـەڕوو بۆئەوەی بەپێی مـــادەی ١٤٠ی دەســتـــووری عێراق چارەسەربکرێت".

هەنگاوە سەرەکییەکانی مادەی ١٤٠ بـریـتـیـن لـەچـارەسـەرکـردنـی کێشەی خاوەندارێتی‌و سەرژمێریی گشتی‌و ئەنجامدانی راپرسی بۆئەوەی دانیشتوانی پارێزگاکە بڕیار لەئایندەی بـدەن، بـەڵام تائێستا لەهیچکام لەو بوارانەدا کاری زۆر نەکراوە، زۆربەی داواکـانـی چـارەسـەرکـردنـی کێشەی خـاوەنـدارێـتـی یـەکـلانـەکـراوەتـەوە، هەربەپاساوی دروستنەبوونی بارگرژی لەناوچە جێیناکۆکان سەرژمێریی گشتیی بۆ مـاوەی ساڵێک دواخـراوەو ئەو راپرسییەی دەبوایە لەکۆتایی ٢٠٠٧ ئەنجامبدرایە نەکرا.

لـەبـیـرکـردن لای کـوردەکـان قبوڵنەکراوەودڵنیان‌لەوەی‌نوێنەرەکانیان لەبەغدا بەپەرلەمانتارەکانیانیشەوە لەناوچە جێیناکۆکەکان بەردەوام دەبن لەدروستکردنی فشار بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، بەهەمان شێوە پێدەچێت تورکمانو عەرەبەکان دەنگە نوێیەکانیان لەپەرلەمانی داهـاتـوو بەکاربهێننو هەوڵبدەن بۆئەوەی جارێکی تر مادەی ١٤٠ بخەنە دانوستانەوە.

راکـان سەعید جێگری عەرەبی پارێزگاری کەرکوک دەڵێت "ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم مانگە زەمینەی بۆ دیالۆگ رەخساندووە، ئێستا دوو لایەنی سەرەکی هەن لەمەسەلەی کەرکوکدا: یەکەمیان لیستی ئەلعێراقیەو ئـەوەکـەی تـریـشـیـان هاوپەیمانی کوردستانی، بەم شێوەیە سیستمی سەرەکی گفتوگۆ بەبێ دەستوەردان روونو ئاشکرایە".

**دیمەنی نوێی سیاسیی**

ئەلعێراقییە کە سەرۆک وەزیرانی پێشووتر ئەیاد عـەلاوی سەرۆکایەتی دەکات، بەرنامەیەکی نیشتمانی بەدەر لەبنەمای تایەفی لەهەڵبژاردنەکەدا خستەڕوو، سەرکەوتوبوو لەدروستکردنی بـەرەیـەکـی هـاوبـەش لـەسـەر ئاستی عـێـراقـی بـۆ رووبـەڕووبـونـەوەی هاوپەیمانێتیی دەوڵەتی یاسایی سەرۆک وەزیران نوری مالیکی بۆ خۆگونجاندنی سیاسەتی عێراق لەگەڵ لایەنەکانی خاوەن باکگراوەندی تایەفی‌و ئیتنیکی دەرکەوتووە.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ژماردنی دەنگەکان لەخاڵی کۆتایی، هاوپەیمانێتی عێراقی نیشتمانی حیزبە مەزهەبییە شیعیەکان لـەپـلـەی سێیەمدایەو هاوپەیمانیی کوردستانیش چوارەمە، تائێستا سیاسەتی پەرلەمانی لەعێراقدا خـۆی لەپێکهێنانی هاوپەیمانێتیدا دەبینێتەوەو لـەڕابـردوودا کوردەکان دەریاخستووە شارەزان لەپیادەکردنی رۆڵێکی سیاسیی کاریگەر، ئەگەر حیزبە کـوردیـیـەکـان بــەردەوام بن لەبینینی ئەو رۆڵە لەئێستادا یان رۆڵیان کەمبووبێتەوە، ئـــەوە لەدواقۆناغدا کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت لەسەر رەوشـی کـەرکـوک، کـورد دەیـەوێـت ببێتە بەشێک لەهەرێمی کوردستان، لەم دواییانەدا هەژموونی تورکمانەکانی کەرکوکو فراکسیۆنی عەرەبی بەسەر دەســەڵات دەیـەوێـت ئـەو مـەرامـە سەرنەگرێت.

کــوردو عـــەرەبو تورکمانەکان هـەمـوویـان داوای شـاری کـەرکـوک دەکەن لەسەرئەو بنەمایەی ماوەیەکی دوورودرێژی مێژووییە لەو ناوچەیەن.

وتەبێژەکەی بەرەی تورکمان دەڵێت "تورکمانەکان دووەم گەورەترین گروپن لەباکووری عێراق لەدوای کوردەکانەوە، هەبوونیان لەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی سەلجوقی، ئەو کاتە هۆزی تورک رووبەرێکی فراوان زەوییان داگیرکردووە کە لەئێرانەوە تا تورکیای نوێ درێژدەبێتەوە".

> پێدەچێت تورکمانو عەرەبەکان دەنگە نوێیەکانیان لەپەرلەمانی داهاتوو بەکاربهێننو هەوڵبدەن بۆئەوەی جارێکی تر مادەی ١٤٠ بخەنە دانوستانەوە

# کەرکوک لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمان

ئا: دەستوور

بـەگـوێـرەی رۆژنـــامـــەی نـیـویـۆرک تایمز، ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنی پەرلەمان دابەشبوونی قوڵی کوردو عـەرەبـو تورکمانەکان دەردەخـات، ئەمەش هەوڵەکانی واشنتۆنو نەتەوە یەکگرتووەکان بـۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوک ئاڵۆز دەکات.

ئـامـاژەی بـــەوەداوە کـە زۆربـەی عەرەبە سونەکانو تورکمانەکان دەنگیان بەلیستی ئەلعێراقیە داوە کە ئەیاد عـەلاوی سـەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق سەرۆکایەتی دەکات، بەتایبەتی دەنگیان بـەو کاندیدانەی لیستەکە داوە کە زۆر بەتوندی دژی گێڕانەوەی کەرکوکن بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

پێشتر عەلاوی داوای کرد، بارێکی تایبەت بدرێت بەکەرکوک بەجۆرێک سەر بەحکومەتی ناوەند بێتو ئیدارەیەکی هاوبەشی پێکهاتەکانی بەڕێوەبەرێنو نوێنەرایەتی هەریەکێکیان بەشێوەیەکی یەکسان بێت. بەڵام کورد ئەو بۆچوونە رەتدەکاتەوەو جەخت دەکاتەوە لەسەر جێبەجێکردنی مـادەی ١٤٠ کەخۆی لەئاساییکردنەوەی رەوشـی کەرکوکو سازدانی سەرژمێریی‌و دواتر راپرسیدا دەبینێتەوە، تیایدا خەڵکی کەرکوک دەتوانن دەنگبدەن لەسەر گەڕانەوەی شارەکەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان یان بەشێک بێت لەحکومەتی ناوەند.

بـەشـداریـکـردنـی کـــورد لەهەرحکومەتێکدا بەندە بەهەڵوێستی ئـەو حکومەتە لەمەسەلەی کەرکوک بەپێی کەناڵی BBC، هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق بایەخێکی زۆری هەیەو ئەنجامەکەی خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە دەبێت لەئایندەی عێراق.

باسی لە راپۆرتێکی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی کـردووە کەبارەگاکەی لەبرۆکسلەو تیایدا هاتووە "کوردەکان لەهەر حکومەتێکدا بەشداریی بکەن مەرجی سەرەکییان پابەندبوونی ئەو حکومەتەیە بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوکەوە".

هەر بەپێی راپۆرتەکە، مەسەلەی کـەرکـوک گـەورەتـریـن کێشەیە کە روبـەڕووی عێراق دەبێتەوەو هەندێک لەچاودێران پێیانوایە دەروازەیـەکـەو دەبێتەهۆی پارچە پارچەبوونی عێراق.

لە راپۆرتەکەی BBC دا هاتووە، بەپێی مادەی ١٤٠ی دەستوور، دەبوایە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ راپرسی لەکەرکوکو ناوچە جێیناکۆکەکان بکرایە، بەڵام تائێستا لەبەر چەند هۆکارێک نەکراوە لەوانە نەبوونی ئامارێکی نوێی دانیشتوانو تۆمەتبارکردنی حیزبە کوردییەکان بـەوەی ژمـارەیـەکـی زۆری کوردیان لەناوچەکانی هەرێمی کوردستانەوە هێناوەتە ناو کەرکوک بۆئەوەی رێژەی کـورد زیـاد بکەن، جگەلەوەش بڕی زۆری ئەو نەوتەی کەرکوک هەیەتی گەیشتنی لایەنەکانی بەهەر رێککەوتنێک لەبارەی شارەکەوە ئاڵۆزکردووە، ئەمە جگەلەوەی هـەر رێککەوتننامەیەک لەبارەی شارەکەوە بکرێتو پێکهاتەکانی رازی نەبن لەسەری، قەیرانێکی سیاسیی لێدەکەوێتەوەو دەروازە واڵادەکـات لەبەردەم ململانێی ئیتنیکی لەکەرکوکو ئەو ناوچانەی تری دانیشتوانەکانیان تێکەڵەنو رەنگە وڵاتانی دراوسێش بگرێتەوە.

هەروەها ناڕەزایی سوریاو تورکیاو ئێران بەگێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەترسی راگەیاندنی دەوڵـەتـێـکـی سـەربـەخـۆ فشارێکی تـرە بۆسەر عێراق بـۆئـەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە نەدات.

**هەموو سەوداو سازشێک رەتدەکرێتەوە**

ئەگەرچی تائێستا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەڕەسمی ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی رۆژی ٧ی ئەم مانگەی رانەگەیاندووە، بەڵام هـەرزوو هەندێک لایەنی بەشدار لەهاوپەیمانێتیی ئەلعێراقیە رایانگەیاند مەسەلەی کـەرکـوک هێڵی سـوورەو ئامادەنین هیچ جۆرە سازشێک لەسەر کەرکوک بکەن.

محەمەد تەمیم کاندیدی لیستی ئەلعێراقیە لەپارێزگای کەرکوک بە رادیۆی سەوای وت "ئەلعێراقییە ئامادەنییە هیچ سەوداو مامەڵەیەک بەکەرکەوە بکاتو ئەوە هێڵێکی سوورە".

لای خۆشییەوە، ئوسامە نجێفی سەرۆکی لیستی عێراقیون لە لیستی ئەلعێراقیەدا کەبە لێدوانە ئاگرینەکانی لــەدژی کــورد نــاســراوە، جەخت لەوەدەکاتەوە، لیستی ئەلعێراقییە هیچ سازشێک لەگەڵ کورددا لەسەر مەسەلەی کەرکوکو ناوچە جێیناکۆکان ناکات، وتی "نابێت ئەو مەسەلەیە ببێتە بەشێک لەهەر گفتوگۆیەکی لیستەکە لەگەڵ کورد کەتایبەت بەپێکهێنانی حکومەتە".

ئاماژە بەوەشدەکات وێڕای ئەوەی لیستەکە لـەو ناوچانە دەنگی باشی هێناوە، بـەڵام موڵکی هیچ قـەوارەو لیستێک نیین تا سازشیان پێوەبکات.



تورکمانەکان دژی خواستەکانی کوردن

# "ئەنجامی هەڵبژاردن کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر مەسەلەی کەرکوك نابێت"

## ئاوات محەمەد ئەمین سەرۆکی لیستی گۆڕان لەکەرکوک بۆ دەستوور

**سازدانی: دەستوور**

**ئاوات محەمەد ئەمین سەرۆکی لیستی گۆڕان لەپارێزگای کەرکوک، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی دەستوور، دەڵێت ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٧ی ئەم مانگە کاریگەریی راستەوخۆی نابێت لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوک، بەڵکو لەمەسەلەی بەشداریکردنی کورد لەهەر هاوپەیمانێتییەکی پێکهێنانی حکومەتدا کاریگەریی دەبێت.**

**ئاوات محەمەد ئەمین ئەوە رەتدەکاتەوە کە بەتەنیا کورد لەکەرکوک بەفرە لیست بەشداریی لەهەڵبژاردنەکەدا کردبێت، بەڵکو باس لەوەدەکات تورکمانو عەرەبەکانیش بەسەر چەند لیستو فراکسیۆنێکدا دابەشبوون، وتی "هەندێک لەو لایەنانە بردوویانەتەوەو هەندێکیشیان شکستیانهێناوە".**

................................

**دەستوور:** ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوک؟

**ئاوات محەمەد ئەمین:** ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر مەسەلەی کەرکوک نابێت، لەبەرئەوەی بەگوێرەی یاسای ١٦ی هەڵبژاردن کە هەموارکراوەتەوە، لەمادەی پێنجەمو لەخاڵی چوارەمیدا هاتووە: ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک یان پارێزگایەک کە گومان لەتۆماریی دەنگدەرانی بکرێت، بەر لەتەواوبوونی پرۆسەی وردبینیکردنی تۆماری دەنگدەرانی ناکرێتە بنەمای هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی داهاتوو یان رابردوو بۆ هەر رەوشێکی سیاسی یان ئیداری، مانای ئەوەیە ئەگەر هاتوو گومان لەئەنجامی هەڵبژاردنەکە کرا لیژنەیەک پێکدەهێنرێت کە لەئەنجامو تەنانەت لەئاماری دانیشتوانیش دەکۆڵێتەوەو ئەمەش بۆئەوەبوو کەرکوک بەمەرجو بەحاڵەتی تایبەتی بەشداریی لەهەڵبژاردندا بکات.

بەڵام لەسەرئاستی عێراقو لەگەڵ گۆڕینی نەخشەی سیاسییدا کاتێک دروستکردنی حکومەت بە پرۆسەی ئاڵۆزدا تێپەڕبێتو کورد بچێتە ریزی هاوپەیمانێتی نوێوە، بەدڵنیاییەوە ئەوکاتە کاریگەریی دەبێت لەسەر مەسەلەی کەرکوکو گفتوگۆکانی تایبەت بەو مەسەلەیەوە.

**دەستوور:** ئێستا هەندێک هێزی تر لەکەرکوک دەرکەوتوون، دەرکەوتنی ئەو هێزانەش کاریگەرییان نابێت لەسەر مەسەلەی کەرکوک بەچاک بێت یان خراپ؟

**ئاوات محەمەد ئەمین:** ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ نەبووە لەنەخشەی ئەو هێزانەدا، چونکە لەکۆی ئەو ١٣ کورسییەی بۆ کەرکوک تەرخانکراوەو کورسییەکی کۆتای کەمینەکان بۆ مەسیحییەکان دەبێت، ١٢ کورسی دەمێنێتەوەو لەباشترین حاڵەتدا ٦ کورسی بۆ هاوپەیمانیی کوردستانی دەبێت کەئەوانیش بۆ پارتیو یەکێتی دەبێت، ئەوانیشی تر بۆ تورکمانو عەرەبەکان دەبێت، ئەگەر هەندێک ئاڵوگۆڕیش بووبێت، بەڵام لەکۆتاییدا ئەو نوێنەرانەی دەچنە ناو پەرلەمانەوە گوزارشت لەهەمان بۆچوونی سیاسی دەکەنەوە، هەرچەندە هەندێک لیستو هێزی تر بەشدارییان لەپرۆسەکەدا کرد، بەڵام نەیانتوانی کۆسپی رێژەیەی هەڵبژاردن کە ژمارەی دەنگەکانی هەر کورسییەکە ببڕنو بگەنە پەرلەمان.

**دەستوور:** ئەگەر گوتاری سیاسیی ئەم لایەنانەی ئەمجارەش دەچنەوە ناو پەرلەمان هەمان گوتاری سیاسی لایەنەکانی ساڵانی رابردووبێتو چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوکیش بەجۆرێک لەبنبەست گەیشتووە، پێتوانییە ئەوە ئەگەری چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە ئاڵۆزتر بکات؟

**ئاوات محەمەد ئەمین:** چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوک خۆی مەسەلەیەکی قەیراناوییەو لەچاوەڕوانی چارەسەردایە، دەبێت رێگایەکی تر بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی لەنێوان لایەنەکاندا بگرینەبەر.

**دەستوور:** ئایندەی مادەی ١٤٠ بەکوێ دەگات؟

**ئاوات محەمەد ئەمین:** لەئێستادا ئەو مادەیە ئایندەیەکی روونی نییە، لەبەرئەوەی ماوەی جێبەجێکردنەکەی لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ تەواوبووە، هەروەها هیچ هەنگاوێک نییە بۆ جێبەجێکردنی، چ لەلایەن حکومەتەوە چ لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، من پێموایە جێبەجێکردنی ئەو مادەیە بەر لەهەموو شتێک پێویستی بەویستی سیاسییە، پێویستی بە بوێری سیاسیی هەیە، دەبێت لەو حاڵەتە دەربهێنرێت کە هەندێک لایەن باس لەوەدەکەن مادەیەکی مردووەو جێبەجێناکرێت، ئەو مادەیە بۆ کورد زۆر جێی بایەخە لەبەرئەوەی پەیوەندی بەدیاریکردنی چارەنووسی ناوچەیەکی فراوانی کوردستانەوە هەیە، کەئەویش ناوچە جێیناکۆکەکانو دەبێت سەرکردایەتی کورد هەموو هەوڵێک بخاتەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە.

**دەستوور:** لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، زۆربەی لیستەکان جێبەجێکردنی ئەو مادەیەیان کردبوو بەئەولەویەتی خۆیان، تۆ پێتوایە لەپەرلەمانی داهاتوودا دەکرێت لەژێر فشاری کورددا میکانیزمێک بۆ جێبەجێکردنی بدۆزرێتەوە؟

**ئاوات محەمەد ئەمین:** لەبەرئەوەی مەسەلەی کەرکوک مەسەلەیەکی نەتەوەییە، لەو بڕوایەدام هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەولەویەتی هەموو لیستە کوردییەکان دەبێت لەبەغدا، ئەو مادەیە لەپەرلەمان گەڵاڵەکراوەو بووەتە مادەیەکی دەستووری، بەڵام پێویستە پەرلەمان لەوەبپێچێتەوە کەبۆچی تائێستا حکومەتی عێراق جێبەجێی نەکردووە، لەوە بپچێتەوە کە مادەیەکی دەستوورییی وا لیژنەی باڵای بۆ پێکهێنراوەو بودجەی بۆ تەرخانکراوە جێبەجێناکرێت.

**دەستوور:** بەشداریکردنی تورکمانو عەرەبەکان لەناو لیستی ئەلعێراقیەو بەشداریکردنی کورد بەچەند لیستێک مانای وانییە کە لایەنی بەرامبەری کورد خەریکە ورد ورده ریزەکانی یەکدەخاتو کوردیش دابەش دەبێت؟

**دەستوور:** هیچ مانایەکی لەو جۆرە ناگەیەنێت، لەبەرئەوەی عەرەبەکان بیست قەوارەی سیاسی بوون نەک یەک، تورکمان پێنج لیستی سەربەخۆی هەبووە، شەش لیستیشیان لەناو هاوپەیمانێتییەکانی ئەلعێراقیەو هاوپەیمانێتیی نیشتمانی ئەلعێراقیو هاوپەیمانێتییەکانی تر بەشدارییان کردووە، لەبیست قەوارەی عەرەبی، ئەلعێراقییە دەرچووە لەبەرئەوەی هاوپەیمانێتیی گەورەیە لەسەر ئاستی عێراقو ئەو قەوارەو لیستە تورکمانیو عەرەبییانە دەیانەوێت بچنە ناو هاوپەیمانێتی ترەوە بۆئەوەی چانسی دەرچوونیان هەبێت.

لەناو کوردیشدا، لیستی هاوپەیمانی بەهێزترینی قەوارە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنە لەکەرکوکو لیستەکانی تر ناتوانن رکابەری بکەن، بەم شێوەیە لەبیست لیستی عەرەبی لیستێک دەرچووەو لە ١١ لیستی تورکمانی لیستێک دەرچووەو لیستە کوردییەکانیش بەهەمان شێوە.

**دەستوور:** بەو پێیەی جەنابت یەکێکیت لەسەرۆکی لیستە کوردییەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنی کەرکوک بوویت، پێت وانییە دەبوایە کورد بەیەک لیست بەشداریی بکردایە، بەتایبەتی کەباس لەوەدەکرێت دەیان هەزار دەنگی کورد لەناوچە جێیناکۆکەکان بەهۆی فرەلیستییەوە بەفیڕۆچووە؟

**ئاوات محەمەد ئەمین:** هەڵبژاردن تەواوبووەو تائێستا من نەگەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کورد بەیەک لیست بەشداریی بکردایە، ئەو دەنگانەی ئێستای دەهێنا. رەنگە رێژەی بەشدارینەکردنی دەنگدەران زۆر بوایە، تۆ ناتوانیت گەرەنتی بدەیت کە هەموو کورد دەنگ بەیەک لیست دەدات، هەندێک کەس هەن پێیانباشە تورکمانەکان لیستی سەربەخۆیان هەبێت، بەهەمان شێوە هەندێک کەس پێیانباشە هەروەکو چۆن گۆڕان بەرنامەو پەیڕەوی خۆی لەهەرێمی کوردستان لەلایەنەکانی تر جیاکردووەتەوە پێویستە لەکەرکوکیش بەهەمان شێوە بەشداریی بکات، لەبەرئەوە رەنگ بوو ئەگەر چەند لیستێکی کوردی نەبوایە هەندێک دەنگدەری کورد دەنگیان بەلیستو هاوپەیمانێتییەکانی تری غەیرە کورد بدایە، باشترە هانی خەڵک بدەیت بەشداریی بکاتو مەرج نییە تۆ خەڵک ناچاربکەیت دەنگ بەیەک لیست بدات، ئەگەر سەیری عەرەبەکانیش بکەین دەبینین لەکەرکوکو لەموسڵو لەناوچەکانی تر کە کێشەیان لەگەڵ کورد هەیە بەپتر لەلیستێک بەشداریی لەهەڵبژاردندا دەکەن، نابێت ئێمەی کورد هەمیشە سەنگەر لەعەرەبو تورکمانەکان بگرینو دەبێت کاربۆئەوە بکەین گیانی هەستکردن بەرامبەر بەیەک لەئایندەدا قوڵبکەینەوە، بەقەد ئەوەی کورد لەعەرەبو تورکمان لەکەرکوک دەترسێت، عەرەبو تورکمانیش لەکورد دەترسن.



ئاوات محەمەد ئەمین



نوێنەرانی کەرکوک چی بۆ شارەکەیان دەکەن؟

# "ئەگەر لەچوار ساڵ ... سەر هەرێم، بۆ هـ

## د. نوری تاڵەبانی بۆ دەستوور

**سازدانی: دەستوور**

**د.نوری تاڵەبانی قانونزانو ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی، لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا دەڵێت ئەگەر کورد نەتوانێت لەماوەی چوارساڵی داهاتوودا، کەرکوک بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا بۆ هەتا هەتا کەرکوک نابێتەوە بە بەشێک لەکوردستان.**

**نوری تاڵەبانی کەپێشنیازێکی لەبارەی کەرکوکەوە داوەتە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەعێراقو چەند لایەنێکی سیاسی، داوادەکات بۆ ماوەیەک کەرکوک وەکو ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی سەر بەهەرێمی کوردستان بێت.**

................................

**دەستوور:** دوای ٧ ساڵ لەئازادکردنی کەرکوک لەژێر دەستی بەعس، ئایا ئێستا چانسی گەڕانەوەی ئەو شارە بۆ سەر هەرێمی کوردستان چۆنە؟

**د. نوری تاڵەبانی:** چانسی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەندە بەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، کەتیایدا رێوشوێنەکانی چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوک باسکراوە، بەڕای من چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە لەساڵی ٢٠٠٤ یان ٢٠٠٥ زیاتر بوو لەچاو ئێستادا.

ماوەیەک لەمەوبەر وەفدێکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی کردمو لەو بارەیەوە پێشنیازێکم خستوەتەڕوو، کەتیایدا داوادەکەم کەرکوک بۆ ماوەیەک بکرێتە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی سەر بەهەرێمی کوردستانو بۆئەوەش دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق



د. نوری تاڵەبانی

# کوردەکان هەژموونـ

## رادیۆی عێراقی ئازاد، چارلز رێـ

**ئا: دەستوور**

بەر لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ٧ی ئادار، کەس نەیدەپرسی لەڕووی سیاسییەوە کێ باڵادەستە بەسەر کەرکوک، هەردوو حیزبی سەرەکی هەرێمی کوردستانی عێراق دراوسێبوون، بەڵام لەگەڵ کۆتاییهاتنی بژاردنی دەنگەکان لەناو کەرکوکو دەوروبەری، دەرکەوت کە دیمەنی سیاسیی زۆر گۆڕاوە.

پێدەچێت هاوپەیمانێتی عەلمانی ئەیاد عەلاویو هاوپەیمانیی کوردستانی بەفیعلی یەکسانبن، لەگەڵ بوونی هاوسەنگییەک لەنێویاندا هەرچەندە جیاوازییەکی کەم لەنێوانیاندایە.

ئەگەر ئەو هاوسەنگییە بمێنێتەوە، ئەمە مانای وایە دانیشتوانە دابەشبووەکەی عەرەبو تورکمانی پارێزگاکە لەجاران زیاتر دەنگیان دلێرتر دەبێتو بەم شێوەیەش هیوای کوردەکان بە رۆژێکی گەڕانەوەی شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بەنەوت بۆ سەر هەرێمی حوکمڕانییان هێنانەدی قورستر دەبێت.

سیاسەتمەدارانی تورکمانی کەرکوک نەیانشاردووەتەوە کە لەکێبڕکێی هەڵبژاردنی پەرلەماندا بەتایبەتی لەدژی ئەو ئامانجە رکابەرییان کردووە.

### یەکگرتن لەدژی خواستی کوردەکان

لێپرسراوی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەرەی تورکمانی عێراق بە بەشی تورکمانی رادیۆی ئەوروپای ئازادی وت "کاندیدەکانی تورکمان لەهەڵبژاردنەکەی ٧ی ئادار لەچەندین هاوپەیمانێتی جۆراوجۆردا بەشدارییان کردووە".


وتی "هەموو ئەو کاندیدانە لەسەر یەک شت کۆکن، سەرەڕای ئەو راستییەی تورکمانەکان لەڕێی چەندین هاوپەیمانێتی جیاوازدا بەشدارییان لەهەڵبژاردنەکەدا کردووە، بەڵام لەیەک مەسەلەی سەرەکیدا یەکیانگرتووە، کەئەویش ئایندەی کەرکوکە، هەموویان نارازین لەسەر لکاندنی کەرکوک بەهەرێمی فیدراڵییەوە، هەمووشیان کۆکن لەسەرئەوەی زمانی تورکمانی بکەنە یەکێک لەزمانە رەسمییەکانی عێراق".

### نەخشەی پێکهاتەی ئیتنیکی عێراق

زۆربەی سیاسەتمەدارانی تورکمانو عەرەب بۆ یەکەمجار لەژێر یەک چەتری سیاسیی لەکەرکوک کۆدەبنەوەو زۆربەی کاندیدەکانی لیستی ئەلعێراقییە لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی شاری کەرکوک پێکدەهێنن، ئەمەش پێچەوانەی نوێترین هەڵبژاردنی شارەکەیە کەتیایدا هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی شارەکە، کورد تورکمانو عەرەب کێبڕکێی یەکترییان دەکرد.

لەساڵانی دوای رووخانی رژێمی سەدام حسێن لەلایەن ئەمریکاوە، هەریەک لەتورکمانو عەرەبەکان بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگایان کرد، تووڕەیی خۆیان دەربڕی لەوەی کەباسیان دەکرد گوایە کورد دەیەوێت باری دیفاکتۆ بەسەر پارێزگاکە بسەپێنێت، دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە هاتنە ناوچەکەوە بۆ پشتیوانیکردن لەهێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق.

تورکمانو عەرەبەکان تەنیا لەساڵی ٢٠٠٨و دوای رێککەوتننامەی



# ئاکەپە ڕەشنووسی گۆڕانکارییەکانی دەستوور دەباتە پەرلەمان

## بەدەپە: ئێمەش هێڵی سووری تایبەت بەخۆمان هەیە

ئا: محەمەد عەلی خەفاف

دوای ماوەیەکی ئێجگار زۆرو مشتومڕێکی چڕوپڕ لەکۆتاییدا پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار ئەو ڕەشنووسەی بۆ کردنی گۆڕانکارییەکان لە دەستووری تورکیادا ئامادەکرد کە ٢٦ مادده دەگرێتەوە سیان لەو ماددانەش کاتین.

لەڕەشنووسی ئەو پرۆژە یاسایەدا هەریەک لە ماددەکانی (١٠، ٢٠، ٢٣، ٤١، ٥٣،٦٩، ٧٤، ٨٤، ٩٤، ١٢٥، ١٢٨، ١٢٩، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٦، ١٥٩) چاوەڕوان دەکرێت گۆڕانکارییان تێدا بکرێت.

هەروەک لە پرۆژەیەکی دیکەدا کە باسی گۆڕانکاریی لە ماددەی ١٥ی دەستووردا دەکات کە ماددەیەکی کاتییە، ئەگەر پرۆژەکە پەسەند کرا ماددەکە کاری پێناکرێت، لەپاڵ ئەو ماددەیەشدا دوو ماددەی دیکەی کاتی هەن کە لە نێو پرۆژەیەکی تایبەتداو جیا لە ماددەکانی دیکە پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێن.

لەنێو گۆڕانکارییەکاندا "قورسکردنی داخستنی پارتە سیاسییەکان"و "کردنەوەی دەرگای دادگایکردنی کەسانی سەربازی لەدادگا مەدەنییەکان"و "گۆڕینی پێکهاتەی دادگای دەستووری" بوونیان هەیە. لەحاڵەتی پەسەندکردنی پرۆژە یاساکاندا ئەندامانی دادگای دەستووری هەر دوانزە ساڵ جارێک هەڵدەبژێرێن‌و هیچ یەک لەئەندامەکان مافی دووبارە خۆ هەڵبژاردنەوەی نییە، جگە لەمانەش دادگا لە ١٩ ئەندام پێکدێت‌و سیانیان لەلایەن پەرلەمان‌و ١٦کەی دیکەشیان لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە هەڵدەبژێرێت.

هەر لەو گۆڕانکارییانەدا کە بڕیارە پرۆژەکەی پێشکەشی پەرلەمانی تورکیا بکرێت گۆڕانکاری بەرچاو لە ئەنجومەنی دادوەری وڵاتدا دەکرێت‌و ژمارەی ئەندامە سەرەکییەکانی ٢١ کەس دەبن‌و ١٠ ئەندانی یەدەکیشی دەبێت.

لەبارەی قورسکردنی داخستنی پارتە سیاسییەکانەوە، داواکاری بۆ داخستنی هەر پارتێک لەسەر داخوازی داواکاری گشتی دادگای باڵای کۆمار دەبێت‌و پێویستە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بەدەست بهێنێ، کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی پەرلەمان‌و ئەندامێتی ٥ نوێنەری هەریەک لە پارتەکانی ناو پەرلەمان پێکهاتووە، ئەوکات سکاڵاکە بە مەبەستی داخستنی پارتەکە تۆماردەکرێت. هەروەک لە ڕەشنووسەکەدا هاتووە هەر بیانوویەک بۆ داخستنی پارتێک تەنها جارێک کاری پێدەکرێت‌و بۆ جاری دووەم لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەو سەرنەگرتنی یەکەمجاریدا کاری پێناکرێت‌و تەماشا ناکرێت.

بەشێکی دیکەی گۆڕانکارییەکان پەیوەستن بەشورای باڵای سەربازی تورکیاوە بڕیاری قەدەغەکردنی چوونە دەرەوە لە وڵات یان گەڕان بەدوایاندا لە وڵاتانی دەرەوە، بەو پێیەش هەموو ئەو کارانە دەبەسترێتەوە بە دەسەڵاتی دادوەرەوە.

جەمیل چیچەک جێگری سەرۆک وەزیری تورکیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند لەماوەی ئەم مانگەدا پرۆژە یاساکان پێشکەش بە پەرلەمان دەکەن‌و هەر پێشنیارێکیش بە گونجاوی بزانن بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێدەکەن، دەڵێت ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە دەستووردا کاری حکومەت نییەو ئەو مەرجەعەی کە پێویستە بەم کارە هەستێت پەرلەمانی تورکیایە.

چیچەک وتی "ئەو دەستوورەی ئێستای تورکیا بەکەڵکی وڵات نایەت‌و بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەورووپاش ئەو گۆڕانکارییانە پێویستە بکرێن".

بڕیاریشە پێش ئەوەی پرۆژەکان لەلایەن فراکسیۆنی ئاکەپەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێن‌و بد ر ێنه هەریەک لەپارت‌و گروپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نێو پەرلەمان بۆ ئەوەی تێبینی‌و پێشنیاری خۆیانی لەبارەوە پێشکەش بکەن، دواتریش وردەکاری‌و ناوەڕۆکی پرۆژەکان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاشکرا بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە ئایلا ئاتا کات پەرلەمانتاری پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی ڕایگەیاند ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنێکی بنیاتنەر لە نێو پەرلەماندا دەبینن لەبارەی گۆڕانکارییەکانی دەستوورەوە.

ئاتاکات ڕایگەیاند پارتەکەی ئەوان دوای ئەوەی تاوتوێی پرۆژە یاساکانی کرد، بیروڕا لەگەڵ جەماوەرەکەیدا ئاڵوگۆڕ دەکات، وتی "ئێمەش هێڵی سووری تایبەت بە خۆمان هەیەو لەکاتی خۆیدا لە کۆمسیۆنی گۆڕینی دەستوور لە پەرلەمان باسیان لێوە دەکەن.



گۆڕانی دەستووری تورکیا چی بۆ کورد تیایە؟




> ئێمەش هێڵی سووری تایبەت به خۆمان هەیەو لەکاتی خۆیدا لە کۆمسیۆنی گۆڕینی دەستوور لە پەرلەمان باسیان لێوە دەکەن

# ئەگەر کوڕ بوو نەورۆزو کچیش بوو ناوی بنێن بەهار

مەهمەت ئاڵتان
و. لە تورکییەوە: محەمەد عەلی کەمال

لە ڕۆژی ٢٠ دیسەمبەرەوە تا ٣٠ کانوونی دووەم چەند ڕۆژە؟ چل ڕۆژە، ئەم ماوەیە پێی گوتراوە "خەمی گەورە" بەماوەی نێوان ١تا ٢٠ی شوباتیش گوتراوە "خەمی چکۆلە"بۆچی؟

چونکە مرۆڤ زستانی وەک دەردوبەڵاو ناڕەحەتی‌و لەکۆتایشدا وەک مەرگ بینیوە.

ئەمڕۆ نەورۆزە سروشت بەخەبەر دێ‌و بەهار بەڕێوەیە، واتە لە خەم ڕزگارو لە دەردو بەڵا قوتار دەبین، بۆئەوەی کە بە هەڵە تێنەگەن ئەمە بەومانایەی کە لە نێو ئەفسانەکاندا هەیە.

ئەمڕۆ ڕۆژەکان بەیەکتری یەکسان دەبن، لەمڕۆ بەدواوە دەچینە وەرزێکەوە هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژی پێش خۆی درێژترە، ئەی ئایا ئەم گۆڕانە جوگرافییە لە کوێی گۆی زەویدا ڕوودەدات؟ لە نیوەگۆی باکووردا، لە هندستانەوە تا سربیاو لە شورای چینەوە تا ئەورووپاو لە سەرانسەری ئەمریکای باکووردا، بەواتای ئەوەی لە ڕووبەرێکی بەرفراونی گۆی زەویدا.

لە مەراسیمی پیرۆزکردنەکان لەم ڕووبەرە فراوانەدا گەر بەپێی ئەفسانەکانیش بێت،خەمەکانمان لە ڕابردوودا جێهێشتووەو بەو پێیەش: ئەگەر ئەمڕۆ بەسەر ئاگردا بازتان دا بیرتان نەچێت بڵێن: قورسایی لەش‌و ماندوو بوون‌و بێ تاقەتی‌و خراپەکانم بکەوێتە نێو ئاگرەکەوەو بسوتێ.

ئەگەر دوو گیان بوون‌و منداڵەکان ئەمڕۆ ویستیان بێنە نێو ژیانەوە: ئەگەر کوڕ بوو ناوی بنێن نەورۆز واتە جەژن‌و ئەگەر کچیش بوو بەهار، گۆنجا، سەمەنی، نێرگز، یاسەمین، یان مەنەفشەی ناوبنێن.

ئەگەر ناوتان نا نەورۆز ئەوا: لە ناوچەی ئەنادۆڵ بەنێرگز دەڵێن گوڵی بەفر کونکەرە، یان گوڵی نەورۆز یاخود گوڵی نەورۆزی سوڵتان، ئەم گوڵە هەواڵدەری هاتنی بەهارە، چونکە بێ ئەوەی چاوەڕێی توانەوەی بەفر بکات لە نێو کلووەکانیەوە سەر دێنێتە دەرێ‌و دەبێتە مایەی دڵخۆش کردن‌و ئومێد بەخشین بەو کەسانەی کە دەیبینن.


ئەو وشەی سوڵتانەی لێرەدا هاتووە لەوانەیە لەو کارەی سوڵتان مەلیک شاهەوە هاتبێت کە ناوی (تەقویمی جەلالی)یە.

بەڵام پێویستە ئەو گۆرانییە خەمبارەشمان لەیاد نەچێت کە لە یادەوەریماندا هەڵکۆڵراوەو دەڵێت: نەورۆز دەڵێ من نازدارم، لەنێو تاشەبەردە زۆر سەختەکاندا شاراوەم، چاوم شینە وەکو ئاسمان، تۆ بڵێی ئەم گۆرانییە خەمبارە بۆ کورتی تەمەنی گوڵە نێرگز گوترابێت؟

ئەمڕۆ تەنها نەورۆز نییە، بەڵکو پشووەو یەکشەممەشە، لەبەر ئەوە دەتوانن نەورۆزانەی خۆتان وەربگرن، نازانم دەزانن یان نا، بەڵام بەو جۆرە شیرینییە کە مەبەست لێی نوێبوونەوەیەو لەڕۆژی نەورۆزدا دروستدەکرێت دەوترێت نەورۆزانە، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ئەم شیرینییە لە لایەن خاوەن دەرمانخانەکانەوە دروستدەکراو بە تایبەتیش لەلایەن داناکانەوە لە ڕۆژی نەورۆزدا ئامادەدەکراو بەسەر دانیشتوانی کۆشکەکاندا دابەشدەکرا.

ئاگری نەورۆز سونبولە بۆ سەرەتایەکی نوێ، ئەوانەی یادی دەکەنەوە باوەڕیان وایە ئەو دونیایەی کە داڕزاوەو هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە لەو ڕێگەیەوە نوێ دەکرێتەوە.

نەورۆز دووبارە خولقاندنەوەی گەردونیش لەخۆ دەگرێت. ئەگەر هەمووان هۆشمان بێنینەوە سەر خۆمان‌و لە پێناوی مرۆڤایەتیدا جارێکی دیکە خولقاندنەوەیەکی نوێ لەنێو کۆمەڵگەدا وەدی بهێنین، ئەو ژیانە نوێیەش کە وەدی دێ تامی وەک تامی نەورۆزانە وابێت.



مەهمات ئاڵتان

# ئاسۆی په‌رله‌مانی داهاتووی عێراق‌و پێگه‌ی ئێران

میهرداد فه‌رهمه‌ند
بی بی سی فارسی


سیکۆلاره‌کان پێگه‌ی ئێران لاوازده‌که‌ن

هه‌ڵبژاردنه‌کانی عێراق کێبڕکێ له‌نێوان سێ سه‌رۆک وه‌زیراندا بوو، که به‌له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌نجامه به‌راییه‌کانی هه‌ڵبژاردنه‌کان، پێده‌چێ ناچار به‌دابه‌شکردنی ده‌سه‌ڵات له‌داهاتوودا بن.

نوری مالیکی سه‌رۆک وه‌زیرانی ئێستای عێراق، ئه‌یاد عه‌لاوی‌و ئیبراهیم جه‌عفه‌ری دوو سه‌رۆک وه‌زیرانی پێشووتری ئه‌و وڵاته، ڕابه‌رایه‌تی سێ ئیئتیلافی سه‌ره‌کی له هه‌ڵبژاردنه‌کانی عێراقدا ده‌که‌ن.

ئه‌نجامه به‌راییه‌کانی هه‌ڵبژاردنه‌کان نیشان ده‌دا که له‌ناوچه سوننه‌کان یان ئه‌و ناوچانه‌ی که دانیشتوانه‌که‌ی تێکه‌ڵاوێکه له شیعه‌و سوننه، ئیئتیلافه‌که‌ی ئه‌یاد عه‌لاوی ناسراو به ئه‌لعێراقیه له‌پێشه‌وه‌ی لیسته‌کانیتردایه، له‌ناوچه شیعه نشینه‌کانیشدا ئیئتیلافی ده‌وڵه‌تی یاسا به ڕابه‌ری نوری مالیکی زۆرترین ده‌نگی به‌ده‌ستهێناوه، به‌شوێن ئه‌وانیشدا له به‌شێک له ناوچه‌کان، ئه‌یاد عه‌لاوی‌و له به‌شێکی دیکه‌شدا، ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق به ڕابه‌ری ئیبراهیم جه‌عفه‌ری جێگیربوون، به‌م پێیه پێده‌چێ له په‌رله‌مانی داهاتووی عێراق، هیچ باڵ‌و ئیئتیلافێک زۆرینه‌ی پێویستی ده‌نگه‌کان بۆ پێکهێنانی ده‌وڵه‌ت به‌ده‌ست نه‌هێنێت‌و ئیئتیلافه‌کان ناچارن له‌سه‌ر پێکهێنانی ئیئتیلافی نوێ‌و بۆ ده‌ستنیشانکردنی سه‌رۆک وه‌زیران دانووستان بکه‌ن‌و بکه‌ونه گفتوگۆ.

له په‌رله‌مانی ئێستادا که دوایین ڕۆژه‌کانی خۆی تێپه‌ڕده‌کات، ئیئتیلافه‌که‌ی ئه‌یاد عه‌لاوی خاوه‌ندارێتی ٢٥ کورسی له ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق ده‌کات، به‌ڵام وادیاره له په‌رله‌مانی داهاتوودا کورسییه‌کانی ئه‌یاد عه‌لاوی هه‌ڵکشانێکی به‌رچاو به‌خۆیه‌وه ببینێ‌و ئه‌م بابه‌ته ده‌توانێ بۆ پێکهێنانی ده‌وڵه‌ت، هێزو وزه‌یه‌کی زیاتری مانۆڕدان به‌م لایه‌نه ببه‌خشێت.

له‌لایه‌کیتره‌وه ئاشکرابووه که قه‌واره‌ی په‌رله‌مانی ئیئتیلافی یه‌کگرتووی عێراق له ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌ران که له ده‌وری ئه‌نجوومه‌نی باڵای ئیسلامی کۆبوونه‌وه‌و له‌م دواییانه‌دا یه‌کپارچه‌یی خۆیان له‌ده‌ستدا، بۆ پله‌و پێگه‌یه‌کی نزمتر دابه‌زن، مه‌رگی عه‌بدولعه‌زیز حه‌کیم، ڕابه‌ری پێشووی ئه‌نجوومه‌نی باڵا، کاریگه‌رییه‌کی گه‌وره‌ی له‌سه‌ر به‌ختی گشتی جه‌ماوه‌ر بۆ لای ئه‌م ڕێکخراوه شیعه داناوه، عه‌ممار کوڕه گه‌نجه‌که‌ی عه‌بدولعه‌زیزیش سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی هه‌وڵی دا ئاسۆی سیاسه‌تێکی کراوه‌تر ڕه‌چاو بکا، نه‌یتوانیوه سه‌رکه‌وتن له پڕکردنه‌وه‌ی جێگه‌ی باوکو ڕاکێشانی متمانه‌ی گشتی به‌ده‌ست بێنێ، ئه‌نجوومه‌نی باڵا له‌گه‌ڵ ڕه‌وتی سه‌درو حیزبی فه‌زیله‌ی ئیسلامی، سێ ڕێکخراوی ئیسلامگه‌رای شیعه‌ن که له به‌ره‌یه‌کی یه‌کگرتوودا به‌ڕابه‌ری ئیبراهیم جه‌عفه‌ری کۆببوونه‌وه، به‌ڵام ڕوون نییه که ناکۆکی نێوان ئه‌م سێ حیزبه تاچه‌ند ده‌توانێ گه‌ره‌نتی به‌رده‌وامبوون به چالاکی‌و هه‌ڵسورانی ئه‌م ئیئتیلافه بدات.

حیزبی ده‌عوه، کۆنترین ڕێکخراوی شیعه‌ی عێراق، به‌ڕابه‌ری نوری مالیکی به دوورکه‌وتنه‌وه له ئیسلامگه‌رایی شیعه به‌ره‌و ڕووی پێشوازیه‌کی زیاتر له‌لایه‌ن ده‌نگده‌ران بووه‌ته‌وه، ئه‌م پێشوازییه هاوته‌ریب له‌گه‌ڵ سه‌رکه‌وتنی به‌رچاوی سیکۆلاره شیعه‌و سوننه‌کان به ڕابه‌ری ئه‌یاد عه‌لاوی ده‌کرێ وه‌ک هێمایه‌ک بۆ پشتکردنی خه‌ڵکی عێراق له ڕه‌وته ئیسلامگه‌راکان ناودێر بکرێ، وادیاره عێراقییه‌کان به شیعه‌و سوننه‌وه له‌دوای تێربوون‌و خاڵیبوونه‌وه‌ی دوای چه‌ند ساڵ گرێی بێبه‌شبوون له چالاکیی سیاسیی ئیسلامگه‌راکان‌و پڕبوونه‌وه‌ی ئه‌و چاندساڵه‌ی بۆشاییه ئایینیه‌کان، به‌م ده‌ره‌نجامه گه‌یشتوون که ئه‌مجاره چانسی حکومه‌تی عورفی‌و نائیسلامگه‌را بۆ چاره‌سه‌رکردنی پرسی عێراق ئه‌زموون بکه‌ن، ئه‌م ڕه‌هه‌نده له نێوان سوننه‌کانی عێراق به‌رجه‌سته‌تره، له‌به‌رئه‌وه‌ی که ئه‌گه‌ر بڕیار له‌سه‌ر ئیسلامگه‌رایی بێ، ئه‌وا زۆرینه‌ی شیعه‌کان به تێڕوانینی تایبه‌تی خۆیان بۆ ئیسلام، ده‌ستێکی باڵایان ده‌بێ، سوننه‌کانی عێراق کارامه‌ترین‌و گونجاوترین ڕێگه‌چاره‌یان له کۆبوونه‌وه له ژێر ئاڵای ئه‌یاد عه‌لاویی شیعه‌دا دیته‌وه‌و به‌م پێیه به‌شداری به‌رچاوی ناوچه سوننه‌کان‌و پێشکه‌وتنی ئیئتیلافی سیکۆلاره‌کان به ڕابه‌ری عه‌لاوی له‌م ناوچانه‌دا به دیارده‌ی ئه‌م قۆناغه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کان پێناسه‌ده‌کرێ.

ئه‌مه له‌حاڵێکدایه که سه‌دان که‌س له کاندیده‌کانی ئیئتیلافی ئه‌یاد عه‌لاوی له پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردن دوورخرانه‌وه‌و ئه‌یاد عه‌لاویش به‌رده‌وام له‌هه‌مبه‌ر ئه‌گه‌ره‌کانی ساخته‌کاری‌و ته‌زویر له هه‌ڵبژاردنه‌کان هۆشداری ده‌دا، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که شانه‌ی ئه‌لقاعیده له عێراق هه‌ڕه‌شه‌ی کردبوو که ده‌نگده‌ره سوننه‌کان تووشی مه‌ترسی ده‌بنه‌وه، سوننه‌کان پێشوازیه‌کی بێوێنه‌یان له هه‌ڵبژاردنه‌کاندا کرد: له پارێزگای ئه‌نبار که مه‌ترسیدارترین ناوچه‌ی عێراق‌و شوێنی سه‌ره‌کی ئه‌لقاعیده‌یه‌و زۆربه‌ی دانیشتووانه‌که‌شی سوننه‌ن، ٦٤ له سه‌دا به‌شداریان کردو له پارێزگای سه‌ڵاحه‌دینیش که شوێنی له‌دایکبوونی سه‌دامه‌و تائێستاش لایه‌نگریکردن له ده‌سه‌ڵاتی پێشووی تێیدا ده‌بیندرێ، ڕاده‌ی به‌شداریکردنی خه‌ڵک له هه‌ڵبژاردنه‌کان ٦٢ له سه‌دا بووه. له ڕۆژی هه‌ڵبژاردنه‌کاندا له‌م پارێزگایه دوو ته‌قینه‌وه له شاره‌کانی یه‌سرب‌و تکریت ڕوویداو ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراویش له شاری تکریت له لایه‌ن پۆلیسه‌وه پوچه‌ڵکرایه‌وه.

له‌به‌رامبه‌ردا له پارێزگا شیعه‌نشینه‌کان که له‌هه‌لومه‌رجێکی ئه‌منی باشدا هه‌ڵبژاردنه‌کان تێیدا به‌ڕێوه‌چوو، ڕاده‌ی به‌شداریکردنی خه‌ڵک له نێوان ٤٦ تا ٦٠ له‌سه‌دابووه‌و ئه‌مه‌ش له‌کاتێکدایه که ئایه‌توڵڵا سیستانی گه‌وره‌ترین مه‌رجه‌عی شیعه، هۆشداری به خه‌ڵک دابوو که ئه‌گه‌ر له هه‌ڵبژاردنه‌کاندا به‌شداری نه‌که‌ن چاره‌نووسی خۆتان به که‌سی دیکه ده‌ده‌ن، تابلۆی گه‌وره‌ی ئه‌م په‌یامه‌ی سیستانی ته‌نانه‌ت له هه‌موو شوێنێکی شه‌قامه‌کانی شاره‌کان‌و گه‌ڕه‌که‌کانی سوننه‌نشین هه‌ڵواسرابوو.

ده‌کرێ پێشوازی گشتی له هه‌ڵبژاردنه‌کانی عێراق‌و سه‌رکه‌وتنی سیکۆلاره‌کان وه‌ک هێمایه‌ک بۆ لاوازبوونی گروپه توندڕه‌وه‌کان له‌قه‌ڵه‌م بده‌ین‌و ده‌کرێ به به‌رپابوونی ئاسایشی زیاتر له‌م وڵاته گه‌شبین بین.

ئه‌وه‌ی که ده‌توانێ ئه‌م گه‌شبینییه بڕوشێنێ‌و خه‌وشداری بکا، پێکنه‌هاتنی زۆرینه‌ی په‌رله‌مانی له سه‌ر ده‌ستی ته‌نها باڵێکه له په‌رله‌مانی داهاتوو هه‌روه‌ها دژواربوونی ڕێککه‌وتن بۆ پێکهێنانی ده‌وڵه‌تی داهاتوو له لایه‌ن ئه‌و ئیئتیلافانه‌وه ده‌بێ که زۆرترین کورسی له هه‌ڵبژاردنه‌کاندا به‌ده‌ستدێنن.

### داهاتووی پێگه‌ی ئێران له عێراق

له‌و ماوه‌ی که فه‌زای هه‌ڵبژاردن له عێراقدا حاکم بوو، به‌رده‌وام ناوی ئێران وه‌ک ده‌وڵه‌تێکی ده‌ستێوه‌رده‌ر له پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کانی ئه‌و وڵاته‌دا ده‌بیسترا، ته‌نانه‌ت باڵیۆزی ئه‌مریکا له عێراق‌و فه‌رمانده‌ی هێزه‌کانی ئه‌مریکا له‌و وڵاته به فه‌رمی ڕایانگه‌یاند که ئێران له ڕێگه‌ی لایه‌نگران‌و ده‌ستوپێوه‌نده‌کانی خۆیه‌وه ده‌وری نواند بۆ دوورخستنه‌وه‌ی ئه‌و کاندیدانه‌ی که نه‌یاری ئێران بوون.

به‌ڵام جیا له تۆمه‌ته سیاسییه‌کان، ئێران له په‌رله‌مانی داهاتووی عێراق به‌ره‌و ڕووی ڕاستیه‌ک به‌ناوی دابه‌زینی پێگه‌ی ئه‌نجوومه‌نی باڵای ئیسلامی ده‌بێته‌وه، که پارێزه‌ری سه‌ره‌کیی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئێران له عێراق بووه، ئێران ناچار ده‌بێ ته‌حه‌مولی که‌سانێک له ده‌وڵه‌تی داهاتووی عێراق بکا که به ڕاده‌ی پیاوانی ده‌وڵه‌تی پێشوو ڕووی خۆش به به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئێران ناده‌ن.

ئه‌ڵبه‌ت له ئه‌گه‌ری دروستبوونی کێشه له نێوان ڕه‌وته شیعه‌کان له‌سه‌ر پێکهێنانی ئیئتیلاف‌و دیاریکردنی پۆسته‌کانی ده‌وڵه‌ت، ئێران ئه‌و چانسه‌ی هه‌یه که بتوانێ وه‌ک ناوبژیوانێک بێته مه‌یدان‌و له ئه‌گه‌ری به‌ده‌ستهێنانی سه‌رکه‌وتن له‌م بواره‌دا، ده‌توانێ به‌ربگرێ به هاتنه‌خواره‌وه‌ی نفوزی خۆی له عێراق.

# قه‌یرانی ئێران درێژه‌ی هه‌یه

## ئه‌مجاره‌یان له چوارچێوه‌ی یاده کلتوریه‌کاندا

میوا سه‌لیمی

دوایین ناڕه‌زایه‌تییه‌کانی خه‌ڵکی ئێران له چوارچێوه‌ی یاده کلتوریه‌کاندا خۆی نواند، به‌م جیاوازیه‌وه که ئه‌مجاره‌یان کوردیش به‌شداری به‌رچاوتری بوو، ئه‌و دوو یاده، نه‌ورۆزو چوارشه‌ممه سوری بوون‌و دیسانه‌وه خه‌ڵکی ناڕازی ئێران‌و کوردستان وه‌ک دوو بۆنه‌ی مێژوویی که‌ڵکیان لێوه‌رگرت‌و خه‌باتی مه‌ده‌نیان درێژه پێدا.

### نه‌ورۆزی ئه‌مساڵ جیاوازتر بوو

ئێواره‌ی ڕۆژی شه‌ممه وه‌ک نه‌ریتێکی مێژوویی هه‌موو پارچه‌کانی کوردستان، خه‌ڵکی کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات ئاگری نه‌ورۆزیان کرده‌وه‌و به هه‌ڵپه‌ڕین‌و خۆشی له ده‌وری ئاگردا ئه‌م بۆنه نه‌ته‌وه‌ییه‌یان به‌سه‌رکرده‌وه. ڕێوڕه‌سمه‌کانی ڕۆژی نه‌ورۆز له‌ناوچه جیاجیاکانی کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات له ژێر چاودێریکردنی توندی ئه‌منیه‌تی هێزه چه‌کداره‌کانی حکومه‌تی ئێران به‌ڕێوه‌چوو، گه‌رمو گوڕتر له سه‌رجه‌می نه‌ورۆزه‌کانی ساڵه‌کانی ڕابردوو، یادی هاتنی ساڵی تازه‌ی کوردی کرایه‌وه. سه‌رچاوه‌کانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی باس له بڵاوکردنه‌وه‌ی به‌رفراوانی تراکت‌و ڕاگه‌یاندنی حیزبه سیاسییه‌کانی کوردستان له شاره‌کانی کوردستانی ئێران ده‌که‌ن، به‌بڕوای ئه‌وان ئه‌م نه‌ورۆزه ڕه‌نگو بۆنێکی ته‌واو سیاسیی به‌خۆیه‌وه گرت، خاڵێکی جێگه‌ی سه‌رنجی نه‌ورۆزی ئه‌مساڵی کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات، ئاگرکردنه‌وه له زۆربه‌ی هه‌ره‌زۆری به‌رزاییه‌کانی شاخه‌کانی کوردستان بووه‌و که‌م کێوی کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات به تایبه‌ت ده‌وروبه‌ری شاره‌کان هه‌یه که ئاگری نه‌ورۆزی ئه‌مساڵی تێدا به‌رپا نه‌بووبێت.

بابان سه‌رده‌شتی مامۆستای زانسته سیاسییه‌کان له وڵاتی که‌نه‌دا، پێشوازیکردنی به‌رچاوی خه‌ڵکی کوردستان له نه‌ورۆزو چوارشه‌ممه سوری بۆ بابه‌تێک به‌ناوی ڕووداوه سیاسییه‌کانی ناوخۆی ئێران ده‌گێڕێته‌وه، له مباره‌وه بۆ ده‌ستوور ده‌دوێت "ڕاسته هه‌موو ساڵێک خه‌ڵکی کوردستان له نه‌ورۆزدا ئاگر ده‌که‌نه‌وه، به‌ڵام ئاگرکردنه‌وه‌ی نه‌ورۆزی ئه‌مساڵ کۆمه‌ڵێک جیاوازی له‌گه‌ڵ ساڵه‌کانی پێشووتر بووه، بۆ وێنه هیچ نه‌ورۆزێک به ڕاده‌ی نه‌ورۆزی ئه‌مساڵ، ئاگر له به‌رزاییه‌کان نه‌کراوه‌ته‌وه، که ئه‌مه‌ش هه‌ڵگری په‌یامێکی زۆر گرنگه، ئاگر له‌سه‌ر چیاکان جیا له‌باره مێژووییه‌که‌ی، به‌چه‌شنێکیش له فه‌رهه‌نگی نوێی کوردی له‌کوردستان، وه‌بیرهێنه‌ره‌وه‌ی واتایه‌ک به‌ناوی پێشمه‌رگه‌یه، به‌رزکردنه‌وه‌ی ئه‌م واتایه له ڕه‌وشی سیاسیی نوێی ئێران ده‌توانێ مژده‌به‌خشی ڕاپه‌ڕین‌و هه‌ستانه‌وه‌ی سه‌رله‌نوێ بێت، که ئه‌م بابه‌ته‌ش به ناره‌زایه‌تییه گشتییه‌کانی ناوخۆی ئێرانه‌وه هه‌ڵپێکراوه. هه‌ر بۆیه به‌بڕوای من نه‌ورۆزی ئه‌مساڵ جیاوازتر له هه‌موو نه‌ورۆزه‌کانی ئه‌م سی ساڵه بووه."

### چوارشه‌ممه سوری

چه‌ند ڕۆژ پێش له هاتنی دوایین چوارشه‌ممه‌ی ساڵی ئێرانی، لایه‌نگرانی بزووتنه‌وه‌ی سه‌وزی ئێران باسیان له به‌رپاکردنی چوارشه‌ممه سورییه‌کی مێژوویی له‌م ڕۆژه‌دا کرد، حکومه‌تی ئێران نیگه‌رانییه‌کانی نه‌شارده‌وه‌و زۆربه‌ی مه‌رجه‌عه شیعه‌کان‌و له‌وانه ئایه‌توڵڵا خامنه‌یی ڕابه‌ری کۆماری ئیسلامی ئاگرکردنه‌وه له‌م ڕۆژه‌ی به حه‌رام ناودێر کرد، سه‌ره‌ڕای هه‌موو هه‌ڕه‌شه‌کان به‌شێوازێکی زۆر به‌ربڵاو ئاگر کرایه‌وه، ته‌نانه‌ت له چه‌ندین شاری ئێران شه‌ڕو تێکهه‌ڵچوونی توندی خه‌ڵک له‌گه‌ڵ هێزه‌کانی ئێران هاته‌ئاراوه، هێزه ئه‌منیه‌تییه‌کانی ئێران ڕایانگه‌یاندوه که له‌و ڕۆژه‌دا ٥٠ که‌س ده‌ستگیرکراون‌و ئه‌و که‌سانه تۆمه‌تی ئاژاوه‌گێریان پاڵ خراوه.

که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندنی جیهان گرنگییه‌کی زۆریان به‌م ڕۆژه داو ڕۆژنامه‌ی لۆفیگارۆی فه‌ره‌نسا له ڕاپۆرتێکدا له‌مباره‌وه باس له‌وه‌ده‌کات که ئاگر گیانێکی تازه‌ی به‌ناره‌زایه‌تییه‌کانی ناوخۆی ئێران به‌خشی.

له ساڵانی ڕابردوو خه‌ڵکی کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات گرنگییه‌کی ئه‌وتۆیان به چوارشه‌ممه سوری نه‌ده‌دا، زۆر به ده‌گمه‌ن ئاگر له‌م ڕۆژه‌دا ده‌کرایه‌وه، که‌چی ئه‌مساڵ له‌ژێر ڕۆشنایی هه‌لومه‌رجی سیاسیی نوێی ئێران به‌شێوه‌یه‌کی زۆر به‌ربڵاو، ئاگر له ناوچه جیاجیاکانی کوردستان کرایه‌وه‌و ته‌نانه‌ت ئاگرکردنه‌وه‌و شه‌ڕو تێکهه‌ڵچوونی خه‌ڵک له‌گه‌ڵ هێزه ئه‌منیه‌تییه‌کانی کۆماری ئیسلامی کوژراوو برینداری لێکه‌وته‌وه.

هه‌واڵنێرییه‌کانی ناوخۆی ئێران باسیان له بریندار‌بوونی ١٦ که‌س له شاری سنه کردو ته‌نانه‌ت چه‌ندین که‌ناڵیش له‌وانه ئه‌لعه‌ره‌بیه هه‌واڵی کوژرانی که‌سێکی له شاری بۆکان ڕاگه‌یاند، هه‌واڵنێری ڕه‌وانیوز له ڕاپۆرتێک ده‌رباره‌ی به‌ڕێوه‌چوونی ڕێوڕه‌سمی چوارشه‌ممه سوری له شاره‌کانی کوردستان باسی له‌وه‌کردوه که خه‌ڵکی زیاتر له ١٠ شاری کوردستان ئه‌م ڕیوڕه‌سمه‌یان به‌شێوه‌یه‌کی به‌ربڵاو به‌رپاکردووه.

ئه‌بووبه‌کری موده‌ڕسی ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسیی کۆمه‌ڵه ئه‌م هه‌نگاوه‌ی کورده‌کان بۆ ڕۆژی چوارشه‌ممه سوری به ئامڕازێک بۆ ده‌ربڕینی زیندوبوون‌و هه‌بوونی سیاسیی کورد له ئێران ناوزه‌د ده‌کات، له‌مباره‌وه به ده‌ستوور ده‌ڵێت "له مێژووی کورده‌کانی ئێران ئه‌مه یه‌که‌مجاره که به‌مشێوه ڕێوڕه‌سم بۆ چوارشه‌ممه سوری به‌ڕێوه‌ده‌چێت، به‌بڕوای من گه‌لی کورد بۆ ده‌رفه‌تێک ده‌گه‌ڕا تا بوونی سیاسیی خۆی له‌م هه‌لومه‌رجه نوێیه ده‌رببڕێ، بۆنه ده‌وڵه‌تییه‌کانی وه‌ک ڕۆژی قودس‌و عاشوراو هه‌تادواتر که بوونه ده‌رفه‌ت بۆ بزووتنه‌وه‌ی سه‌وز، هیچ په‌یوه‌ندییه‌کی به خه‌ڵکی کوردستانه‌وه نه‌بووه، هه‌ر بۆیه ده‌رفه‌تی چوارشه‌ممه سوری‌و نه‌ورۆز که پێشینه‌یه‌کی مێژووییان هه‌یه‌و په‌یوه‌ندی به حکومه‌تی ئێرانه‌وه نییه، بووه مه‌یدانێک بۆ نیشاندانی هاوخه‌باتی له‌گه‌ڵ سه‌رجه‌م نه‌ته‌وه‌کانی دیکه‌ی ئێران."

موده‌ڕسی ئه‌م گه‌رموگوڕییه‌ی چوارشه‌ممه سوری، وه‌ڵامدانه‌وه‌ی نا به‌ویلایه‌تی فه‌قیه گرێده‌داته‌وه، ده‌ڵێت "خاڵێکیتر که گرنگی هه‌یه، مه‌سه‌له‌ی به حه‌رام ناودێرکردنی ئه‌م ڕۆژه له لایه‌ن ڕابه‌ری کۆماری ئیسلامی ئێرانه‌وه بوو، خه‌ڵکی کوردستان‌و ئێران به‌م ڕه‌فتاره‌یان فتواکه‌ی خامنه‌یان به گاڵته گرت‌و له ڕاستیدا له ریفراندۆمێکی ڕانه‌گه‌یه‌ندراودا به‌شداریانکرد."

دوایین چوارشه‌ممه‌ی کۆتایی ساڵی هه‌تاوی به چوارشه‌ممه سوری ناوبانگی ده‌رکردوه‌و ئه‌م جه‌ژنه زۆرتر له ناوچه فارسنشین‌و تورکنشینه‌کانی ئێراندا ڕێزی لێده‌گیرێت، له‌م ڕۆژه‌دا خه‌ڵک ئاگر ده‌که‌نه‌وه، به‌سه‌ر ئاگره‌که‌دا بازده‌ده‌ن‌و خه‌م‌و ئازاره‌کانی ساڵی ڕابردوو به ئاگر ده‌سپێرن، مێژووی ئاگرکردنه‌وه له چوارشه‌ممه سوری بۆ پێش له هاتنی ئیسلام ده‌گه‌ڕێته‌وه‌و ئه‌م بۆنه‌یه وه‌ک هێمایه‌کی زه‌رته‌شتیه‌کانیش پێناسه ده‌کرێت.



# شەماڵ محەمەد کلیپ دەکات



**دەستوور:** گۆرانیبێژی شاری سلێمانی شەماڵ محەمەد کە لەم ماوەیەی پێشوودا ئەلبومێکی گۆرانی بەناوی (پەیمان) بڵاوکردەوە، لەئێستادا بەنیازە سێ گۆرانی لەئەلبومەکەی کلیپ بکات.لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، شەماڵ محەمەد ئاشکرایکرد کەکاری وێنەگرتنی بۆ گۆرانی سوێند کردووە کەئاوازو هۆنراوەی فۆلکلۆرەو هونەرمەند دلێر حسێن کاری دابەشکردنی بۆ ئەنجام داوە. هەروەها کاری وێنەگرتنی بۆ گۆرانی (تۆران) کردووە کەئاوازو هۆنراوەی خالید دلێرەو دواتریش کاری وێنەگرتنی بۆ گۆرانی (پەریزادە) ئەنجامداوە، کە لەئاوازی گۆران ئیبراهیم خەیاتو هۆنراوەی (رەزا حەمە)ەیەو هەرسێ گۆرانییەکەی لەسەر ئەرکی خۆی کلیپکردووە.

شەماڵ محەمەد ئاماژەی بۆئەوەشکرد کاری تۆمارکردنی گۆرانییەکانی لەهەردوو ستۆدیۆی لانە لەشاری سلێمانیو میلۆدی لەشاری هەولێر ئەنجامداوە.

گۆرانیبێژ شەماڵ محەمەد لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گلەیی لەکەناڵی کوردسات کرد کەپێشتر گۆرانییەکی لەسەر ئەرکی خۆی کلیپکردووەو پارەیەکی زۆری تێدا خەرجکردووەو بردوویەتی بۆ کەناڵی ناوبراو، بەڵام دواتر کلیپەکەیان رەفزکردووەو هۆکاری رەفزکردنەکەشیان پێنەوتووە.




# ئیڤا هانی هێتلەری داوە خۆی بکوژێت



**دەستوور:** دۆستەکەی ئەدۆلف هێتلەری رابەری نازی تەنیا کچێکی قژزەردی جوان نەبووە، بەڵکو کاریگەریی زۆری بەسەرەوە هەبووەو ئەویش هانیداوە بۆئەوەی ساڵی ١٩٤٥ خۆی بکوژێت.

بەگوێرەی نووسەرێکی ئەڵمانی بەناوی هایکە جورتمیکەر کە کتێبێکی لەبارەی ئیڤا براونی دۆستو خۆشەویستی هێتلەرەوە نووسیوە، ئیڤا تەمەنی ١٧ ساڵ بووە کاتێک هێتلەر لەساڵی ١٩٢٩ لەشاری میونیخ بینیویەتیو دوو رۆژیش بەرلەوەی خۆی بکوژێت شووی پێکردووە.

هایکە نووسیویەتی: "ئیڤا تەمەنی ٣٣ ساڵ بووە کاتێک لەپاڵ هێتلەرو لەژێرزەمینەکەیدا لەمانگی نیسانی ١٩٤٥ خۆی کوشتووە.. تەنیا کچێکی قژزەرد نەبووە، بەڵکو بەشداریی لەبڕیارەکانی کردووەو کاریگەریی هەبووە بەسەر رابەری نازییەوە".



# هاوسەرەکەی ساندرا بولوک داوای لێبوردن دەکات



**دەستوور:** جیسی جیمسی هاوسەری ساندرا بولوکی ئەستێری هۆڵیودو خاوەنی خەڵاتی ئۆسکاری ئەمساڵ داوای لێبوردن لەژنەکەی دەکات.

ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردەوە، جیمس کە ماوەی پێنج ساڵە بولوکی خواستووە، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری بیبولی ئەمریکی باسی لەوەکردوە باش مامەڵەی لەگەڵ بولوک نەکردوە کاتێک رۆژی چوارشەممەی رابردوو ئامادەی نمایشی یەکەمی فیلمەکەی (The Blind Side)ی نەبووەو ئێستا داوای لێبوردنی لێدەکات.

هەر دوای ئاشکرابوونی ئامادەنەبوونی جیمس، گۆڤاری تاچی ئەمریکی بڵاویکردەوە "ساڵی رابردوو جیمس کاری سێکسی لەگەڵ کچە نمایشکارێکی جلوبەرگ کردووە".

هاوسەرەکەی بولوک کەکارگەیەکی دروستکردنی مۆتۆڕسکیلی هەیەو ئەستێرەیەکی تەلەفزیۆنێکی ریەڵە، بە گۆڤاری بیبولی وتووە: "بەهۆی خراپ مامەڵەکردنیەوە شایەنی هەموو شتێکی خراپە کەبێتە رێگایو ئێستا هەست بەشەرمەزارییەکی زۆر دەکات بەرامبەر بەژنەکەیو منداڵەکەی، هەروەها دڵگرانە لەبەرئەوەی خستوونیەتە رەوشێکی دژوارەوەو داوای لێبوردن لەبولوک دەکات".

رۆیتەرز ئاماژەی بەوەداوە، بولوک ئەو خانووەی بەجێهێشتووە کە لەگەڵ جیمیس تیایدا بەیەکەوە دەژیانو بەوهۆیەوە ئێستا بووەتە ژمارە یەکی ئەو لیستە دوورودرێژەی ژنە هونەرمەندەکان کە دوای وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار بەماوەیەکی کەم کۆتایی بەژیانی هاوسەرگیرییان هاتووە.

جێی ئاماژەیە کە هەریەک لەهیلاری سوانک، هال بیری، وریسی ویزەرسبون، جۆلیا رۆبەرتسو کینت وینسلتی خاوەنی خەڵاتی ئۆسکاری ساڵی رابردوو، دوای وەرگرتنی ئەو خەڵاتە دەستبەرداری هاوسەرەکانیان بوون.

# حەنان تورك: هیچ خەڵاتێكی جەژنی دایك وەرناگرێت

**دەستوور:** ژنە ئەکتەری میسری حەنان تورک ئاشکرایکرد، بەبۆنەی جەژنی دایکەوە ئامادەنییە هیچ خەڵاتێک لەمنداڵەکانی وەربگرێتو ئاهەنگگێڕانیشی بەو بۆنەیەوە بە تاوان لەقەڵەمدا.

کەناڵی MBC ی لەزاری حەنانەوە بڵاویکردەوە "نابێت خۆشەویستی دایک تەنیا لە رۆژێکدا بێتو رۆژانی تری ساڵیش سوکایەتی پێبکرێت".

وتیشی: "ئەوە شتێکی دروستکراوەو دوورە لەئایینی ئیسلامەوە، بۆیە هیچ دیارییەک لەو رۆژەدا لەمنداڵەکانی وەرناگرێتو سەریشی سوڕماوە لەوەی کەناڵە ئاسمانییەکان تەنیا لەو رۆژەدا باس لەخۆشەویستی دایک دەکەنو ئەو گۆرانییانەیشی تایبەتن بەو خۆشەویستییەوە تەنیا لەو رۆژەدا پەخش دەکەن".

ئاشکراشیکردووە کە هیچ رۆژێک مەراسیمی بەبۆنەی جەژنی دایکەوە رەتنەکردووەتەوەو کاتێک لەقوتابخانە بووە، ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە رێکخراوەو خەڵاتیان پێشکەشکردووە بەدایکیانو بەمامۆستاکانیان، بەڵام کاتێک گەورەبووە بۆی دەرکەوتووە ئەو مەسەلەیە لەقورئانو سونەدا نییە بۆیە بیدعەیەکی گەورەیەو بڕوای پێی نییە، دوو ساڵ لەمەوبەریش کاتێک منداڵەکانی دیارییان بەو بۆنەیەوە بۆ هێناوە، ئاگاداری کردوونەتەوە کەئەو رۆژە بەو شێوەیە نییەو دیارییەکانیشی لێوەرنەگرتوون.



# شوان قەرەداغی: هێشتا بیرم لەهاوسەرگیری نەکردووەتەوە

سازدانی: موحسین یاسین

**شوان قەرەداغی، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی دەستوور دەڵێت "هێشتا بڕیاری ئەوەم نەداوە کەژیانی هاوسەری پێکەوە بنێم، بەڵام لەگەڵئەوەشدا داوای خۆشەویستیان لێکردووم". شوان لەم چاوپێکەوتنەدا قسە لەسەر چەند لایەنێکی ژیانیو کارە هونەرییەکانی دەکات.**



**دەستوور:** ژیانی منداڵیت چۆن بەسەربردووەو منداڵێکی چۆن بویت؟

**شوان:** وەکو هەموو منداڵێکی تر، ژیانێکی سادە ژیاومو لەقوتابخانە زۆر زیرەک بووم، هەمیشە لەچالاکی قوتابخانەکەمدا رۆڵی بەرچاوم هەبووەو هەموو رۆژانێکی پێنجشەممان لەگۆرەپانی قوتابخانە مامۆستا دەیهێنامە دەرەوەو گۆرانیم دەوت، ئیتر هەر لەتەمەنی منداڵییەوە خولیای هونەر لەسەرمدابوو.

**دەستوور:** دەسپێکی کاری هونەریت دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێک؟

**شوان:** سەرەتای دەرکەوتنم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٩٥ وەکو ژەنیاری ئامێری دەف لەگەڵ تیپی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی بەشداربووم.

**دەستوور:** ساڵی چەند یەکەم گۆرانیت تۆمارکرد؟

**شوان:** یەکەم گۆرانیم لەساڵی١٩٩٧ لەگەڵ تیپی مۆسیقای بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی تۆمارکرد، هەر ئەوکاتەش کەناڵی خاک کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجامداو بڵاوکرایەوە، بەڵام بەگۆرانی "هەی نار" کە لەساڵی (٢٠٠٠) تۆمارمکردو پاشان لەساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن tv گەلی کوردستانەوە کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجامدراو دەرکەوتم، دواتریش لەساڵی٢٠٠٥ بەگۆرانی شاییە زەماوەندە، زیاتر ناسرام.

**دەستوور:** بابزانین کاریگەری چ هونەرمەندێکت بەسەرەوەیە؟

**شوان:** کاریگەری هەموو هونەرمەندێکی رەسەنم بەسەرەوەیە، بەتایبەتی هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا (مەزهەری خالقی)، کەهەر لەمنداڵیەوە خولیای دەنگی ئەو هونەرمەندە مەزنەبووم، من هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازمو خۆشحاڵم کە لەکارەکانم رازییە.

**دەستوور:** ئەی حەزت لەدەنگی چ گۆرانیبێژێکە؟

**شوان:** وەکو حەز حەزم لەهەموو دەنگێکی رەسەنە، بەتایبەتی دەنگی مامۆستایان (حەسەن زیرەک، خاڵە تایەر، ماملێ، بەهجەت یەحیا، عەدنان کەریم).

**دەستوور:** تاچەند لەگەڵ دڵنیای خوشکت لەبواری کاری هونەریدا هاوکاری یەکتر دەکەن؟

**شوان:** بەپێی توانا هاوکاری یەکدەکەینو بیرورِا دەگۆڕینەوە لەکارو پرۆژە هونەرییەکاندا، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

**دەستوور:** بیرت لەژیانی هاوسەرگیری کردووەتەوە؟

**شوان:** نەخێر هێشتا بیرم لێنەکردووەتەوە.

**دەستوور:** حەزدەکەیت یەکەم منداڵتان کە لەدایکبوو، ناوی بنێن چی؟

**شوان:** خونچە لەبەرئەوەی ناوێکی زۆر خۆشە.

**دەستوور:** لەکاتی گۆرانی وتندا چ خویەکت هەیە؟

**شوان:** لەکاتی گۆرانی وتندا بۆئەوەی هەست بەوشەکانی ناو گۆرانییەکە بکەم چاو دادەخەم.

**دەستوور:** کچان داوای خۆشەویستیان لێنەکردوویت؟

**شوان:** دیارە هەموو لاوێک دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە، داوای پەیوەندی خۆشەویستیت لێدەکرێتو لەوبارەیەشەوە بەدڵنیاییەوە داوای خۆشەویستیم لێکراوە.

**دەستوور:** هەوڵتنەداوە ستایلی کاری هونەریت بگۆڕیت؟

**شوان:** دیارە من بەدوو شێواز کاردەکەم ئەوانیش شێوازی فۆلکلۆرو شێوازی نوێ، سوپاس بۆ خوا لەهەردوو شێوازەکەدا سەرکەوتوبوومو لەهەمانکاتیشدا بەردەوامدەبم.

**دەستوور:** دیارترین ئەو کۆنسێرتانەی کەبەشداریت تیاداکردووە لەگەڵ گروپی (نالی)، کامانەن؟

**شوان:** دیارە بەشداری زۆر کۆنسێرتم کردووە، لەگەڵ گروپی"نالی" بەڵام دیارترین کۆنسێرت، ئەو کۆنسێرتەی وڵاتی (نەمسا) بوو، کە لەشاری (ڤیەننا) لەساڵی ٢٠٠٦پێشکەشمان کرد.

**دەستوور:** دوا پرۆژەی هونەریت؟

**شوان:** دوایین بەرهەمم کلیپکردنی گۆرانی (رۆژانێ بوو)، کەیەکێکە لەگۆرانییەکانی ئەلبومی نیگاو بەشێوازی ئەنیمەیشن کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجامدراوەو لەوێنەگرتنی کامیار جەمیلو مۆنتاژو دەرهێنانی گۆران سەلاحەو بەرهەمی کەناڵی سلێمانی زاگرۆس tvیە، جگەلەوەش پرۆژەی زۆرم هەیە کەهیوادارم لەئایندەدا جێبەجێیان بکەم.



گۆرانیبێژی لاو، شوان حسێن، کەناسراوە بە شوان قەرەداغی، لەساڵی ١٩٧٩ لەگەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایکبووەو لەساڵی ١٩٩٥ەوە دەستیکردووە بەکاری هونەری.

## کوێستانی قەندیل دەچێتە بەرلین

**دەستوور:** فیلمی کوێستانی قەندیل بڕیارە بەشداری لەفیستیڤاڵی فیلمی سینەمایی بەرلین بکات، کەبڕیارە لەرۆژانی ٤ تا ٨ مانگی ئایار لەوڵاتی ئەڵمانیا ساز بکرێت.

فیلمی کوێستانی قەندیلی دەرهێنەر تەها کەریمی کەفیلمێکی رەخنەییەو باس لەکێشەو ململانێ ناوخۆییەکانو شەڕی ناوخۆ دەکات، بڕیارە بەشداری لەفیستیڤاڵی فیلمی سینەمایی بەرلین بکات کە لەرۆژانی ٤ تا ٨ مانگی ئایار لەوڵاتی ئەڵمانیا سازدەکرێت.

هەروەها لەگەڵ بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵەکەدا بڕیارە چەند ۆرکشۆپو سیمینارێکیش لەبارەی سینەماو کاری فیلمسازییەوە سازبکرێت.

فیلمی کوێستانی قەندیل بەرهەمی بەڕێوەبەرێتی هونەری سینەمای سلێمانییەو سێ هونەرمەندی ناوداری کورد کەبریتین لەهونەرمەندان (د. قوتبەدین سادقیو عەینەدین مەریوانیو جومەرد) رۆڵی سەرەکییان تیادا بینووە.

## من دیت، دەچێتە سینەما




**دەستوور:** فیلمی کوردی (من دیت)ی دەرهێنەر (مراز بێزار) کەباس لەدوو منداڵی شاری دیاربەکری باکووری کوردستان دەکات، بڕیارە بەمزووانە لەسینەماکاندا نمایش بکرێت.

ئەو دوو منداڵە وەک لەفیلمەکەدا نیشاندەدرێت لەشەڕێکی گراندا بەرامبەر بەژیان باوکیان لەدەست دەدەنو دەکەونە سەر شەقامەکان، بڕیارە ئەم فیلمە لەرۆژی ٢ی مانگی نیسان لەسینەماکانی ئەو شارە نمایش بکرێت.

ئەم فیلمە لەچەند فیستیڤاڵێکی دەرەوەدا بەشداری کردووەو خەڵاتی بەدەستهێناوە، لەوانەش فیستیڤاڵەکانی (پرتەقاڵی زێڕین لەئەنتالیاو سان سابیستان لەوڵاتی ئیسپانیا)، هەروەها پێشتر لەسینەماکانی وڵاتی ئەڵمانیا نمایشکراوە.

## پشیلە ئێرانییەکان بردیانەوە

**دەستوور:** فیلمی کەس لەپشیلە ئێرانییەکان خەبەری نییە، لە٢٧ەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی مەیامی لەوڵاتی ئەمریکا، خەڵاتی بینەرانی فیستیڤاڵەکەی بەدەستهێنا.

ئەو فیلمە لەدەرهێنانی سینەماکاری کوردی رۆژهەڵات بەهمەنی قوبادییەو لەم فیستیڤاڵەدا بەگشتی ١١٥ فیلم لەهەموو جیهاندا بەشدارییان تیادا کردووە.

ئەو فیلمە لەسێ کاتی جیاواز لەو فیستیڤاڵەدا نمایشکراوە، لەلایەن بینەری ئەو وڵاتەوە پێشوازییەکی بێوێنەی لێکرا، بەشێوەیەک لەدوایین نمایشی خۆیدا، ژمارەیەکی زۆر لەبینەرانی ئەو وڵاتە لەپشت دەرگاکانی هۆڵی سینەماکان مانەوەو نەیانتوانی فیلمەکە ببینن.



## محەمەد پاکژی شاعیر خەڵات باران دەکرێت



**دەستوور:** لەماوەی شەش مانگی رابردوودا شاعیر محەمەد پاکژ، سێ خەڵات وەردەگرێت، ئەو خەڵاتانەش لەلایەن کەناڵە ناوخۆییەکانو کەناڵە لۆکاڵییەکانەوە پێیدراوە.

لەلێدوانێکیدا بۆ سایتی دەستوور، ناوبراو ئاشکرایکرد "خەڵاتەکان بریتین لەخەڵاتی وەزارەتی پەروەردە بۆ داهێنان لەبواری منداڵانو خەڵاتی خانەی سمۆرە بۆ داهێنانی ئەدەبی منداڵانو خەڵاتی ئاشتیو خێرخوازی رێکخراوی ئاشتیو خێرخوازی عێراقییە کەدوایین خەڵاتە وەرمگرتووە".

پاکژ لەبارەی ئەو رێکخراوەوە وتی"ئەو رێکخراوە رێکخراوێکی ئاشتیو خێرخوازییەو لەسەرتاسەری عێراق کاردەکات، منیش بەهۆی ئەو نووسینو هەڵوێستە ئاشتیو خێرخوازییانەی کە لەبابەتەکانمدا هەبووە، لەگەڵ هەڵبژاردنی هۆنراوەیەکم بۆ مارشی ئەو رێکخراوە ئەوخەڵاتەم وەرگرتووە".



وەرزی جلوبەرگی کوردی هاتەوە
لاپەڕە ١٧

# خوێندکارانی خانەقین خەون بەبەشی ناوخۆییەوە دەبینن

فەرمان خێلانی لەخانەقین

ماوەی چوار ساڵە کەمپی بەشە ناوخۆیی خوێندکارانی کۆلێژی ئادابی خانەقین دابەش نەکراوە، مانگانە ٢٥ ملیۆن دینار دەدەن بەخانوو ئوتێل لەجیاتی بەشەناوخۆیی، راگری کۆلێژەکەش ئاماژە بەوە دەکات بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری ئاوو ئاوەڕۆو ڕێگاوبانو کارەباو چەند کەموکورتییەکی ناوەوەی ئەو کەمپانە، دابەشی ناکەن.

کۆلێژی ئادابی خانەقین کۆلێژێکی سەر بەزانکۆی سلێمانییەو لەساڵی ٢٠٠٤دا لەخانەقین کرایەوەو هەریەکە لەبەشەکانی (دەروونناسی، جوگرافیا، ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی، مێژوو)ی تێدایە.

کۆلێژەکە ئێستا خاوەنی زیاد لە٢٠٠٠ خوێندکارەو زۆرینەی خوێندکارەکانی لەشارەکانی تری کوردستانەوە هێنراونەتە کۆلێژەکە، لەبەشی ناوخۆیی دەمێننەوە، جگە لەخوێندکارانی کەلارو کفریو باوەنورو سەعدیەو جەلەولا نەبێت رۆژانە هاتوچۆ دەکەن.

گەورەترین کێشە کە چوار ساڵە بەرۆکی خوێندکارانی کۆلێژی ئاداب بەرنادات دابەشنەکردنی کەمپی بەشی ناوخۆیی تایبەت بەخوێندکارانی ئەو کۆلێژەیە، بۆیە راگرایەتی ئەم کۆلێژە ١٧ خانووی ماڵانو ئوتێلێکیان بەکرێ گرتووەو ٤٠٠ خوێندکاری کوڕو کچی کۆلێژەکەیان تێدا نیشتەجێ کردووە.

رۆژین کچە خوێندکارێکی یەکێک لەو بەشەناوخۆییانەیە بەدەستووری وت "ئێمە ٤ خوێندکارین لەژوورێکی بچوکداین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەشەناوخۆییانە خانووی ماڵانو هیچ مەرجێکی بەشەناوخۆیی تێدانییەو بێ خزمەتگوزارییە".

سیروان خوێندکارێکی تری بەشەناوخۆییەکانی خانەقینەو باس لەوە دەکات بەهۆی ئەوەی کە شاری خانەقین تا ئێستا ئاوەڕۆی نییەو ئەم بەشەناوخۆییانەی ئێمەش لەناو ماڵاندایە، بۆیە زۆرجار کە لەکۆلێژ دەگەڕێینەوە دەبینین پیسایی ناو تەوالێتەکانی هاتۆتە ناو ژوورەکانمانەوە، بەبەردەوامی بۆنێکی ناخۆشی لێوەدێتو هەراسانی کردووین.

سیروان وتی "ئەگەر ئەو کەمپانەمان بدەنێ، لەخراپیو بۆنی ناخۆشی تەوالێتو گەرماو رزگارمان دەبێت".

ئەژین خالید یەکێکە لەو خوێندکارانەی کە رۆژانە لەکفرییەوە هاتوچۆ دەکاتو ئاماژەی بەوەدا هەموو رۆژێک نزیکەی سێ کاتژمێر لەناو ئۆتۆمبێلدا دەبین، ئەوەش هیلاکی کردوون، دەڵێت بەدەر لەوەی کە هەندێک جار کێشەیان بۆ دروستدەبێت وەک پەککەوتنی ئۆتۆمبێلەکان، وتی "هەر رۆژێکیش لەوانەکان دوابکەوین مامۆستاکانی ئەو وانەیە بەنەهاتوومان دەنووسن".

ئەژین وتی "ئەگەر بەشێکەناوخۆیی گونجاوو تایبەت بەکچان هەبووایە لەخانەقین ئەوکات منو هاوڕێکانیشم رۆژانە هاتوچۆمان نەدەکرد".

عادل حسێن بەرپرسی کاروباری خوێندکارانی کۆلێژی ئادابی خانەقین بەدەستووری راگەیاند "مانگانە ٢٥ بیستو پێنج ملیۆن دینار دەدەین بەکرێی ئوتێلو خانوو بۆ بەشەناوخۆیی".

د.محەمەد زەهاوی راگری کۆلێژی ئادابی خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری ئاوو ئاوەڕۆو ڕێگاوبانو کارەباو چەند کەموکورتییەکی ناوەوەی ئەو کەمپانە کە تایبەتن بەبەشەناوخۆیی دابەشی ناکەین، ئەو کەموکورتیانەش لەئەستۆی کۆمپانیا تورکیەکە دایە کە دروستیکردووەو کێشەی لەگەڵ زانکۆی سلێمانیدا دروستکرد، بۆیە بەکەموکورتیەوە بەجێیهێشت".

راگری کۆلێژی ئادابی خانەقین ئاماژەی بەوەدا بۆئەوەی بتوانن کەمپەکان دابەش بکەن دەبێت ئەو کەموکورتیانە چارەسەربکرێت کە پێویستی بەشەش سەدو چلو یەک ملیۆن دینار هەیە کەلەرێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە داوایان کردووە، بەڵام وەزارەتی داراییو ئابووری تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان نەداونەتەوە.

سەرچاوەیەک لەکۆلێژی ئادابی خانەقین کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت تایبەت بەدەستووری راگەیاند "هۆی سەرەکی دابەش نەکردنی ئەو بەشەناوخۆییانە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەبەشێکی زۆر لەشتومەکەکانی لەلایەن راگرایەتی کۆلێژەوە هێنراوەتە ناو کۆلێژەوەو سودی لێوەردەگیرێت، بۆیە باوەڕ ناکەم بەچەند ساڵێکی تریش ئەو کەمپانە دابەش بکرێن".

د.محەمەد زەهاوی ئەوەی نەشاردەوە کە بەشێک لەشتومەکەکانی ئەو دوو کەمپەیان هێناوەتە ناو کۆلێژەکەیان، وتی "ئێمە بەشێک لەو شتومەکانەمان هێناوەتە ناو کۆلێژو سودی لێوەردەگرین، بەڵام هەرکاتێک کێشەی ئەو کەمپانە چارەسەربکرێتو دابەش بکرێت ئەوا دەیگەڕێنینەوە بۆکەمپەکان".

**تێبینی: ناوی سەرجەم خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی خوازراون، لەبەرئەوەی پێشتر لێکۆڵینەوە لەگەڵ چەند خوێندکارێکدا کراوە لەسەر لێدوانیان بۆ راگەیاندنەکان لەبارەی کێشەکانیانەوە.**



کەی کەمپی بەشەناوخۆیی خانەقین تەواو دەبێت؟ فۆتۆ: فەرمان خێلانی

## جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

# خۆکوژی لەبیرکردنەوەی منداڵاندا

خۆکوژی منداڵان دیاردەیەکی بەربڵاوەو هۆکارەکانیشی بەهەمان ئەندازە زۆرو بەربڵاون کەمن لێرەدا هەوڵدەدەم بەشێکیان بخەمە بەرباس.

سیماکانی ئەم دیاردەیە بریتین لەدەرکەوتنی ترس، نیگەرانی، شپرزەیی، خەمۆکی، گۆشەگیری، پەراوێزبوون، رەشبینی، تێڕوانینی نەرێنیانە بۆ دیارەکان، دەرکەوتنی وێنەی ترسناکو رەشبینانە لەجیهانبینی ئەواندا.. هتد.

مەحاڵە مردن بەشێوەیەک لەشێوەکان لەلای منداڵ بوونی نەبێت، ئەگەرنا منداڵ هەرگیز یاری مردنو کوشتن لەگەڵ یەکتردا ناکات، شێوەی مردن یا تێگەیشتن لەفۆرمەکانو ماناکانی مەرگ، پەیوەندییان بەگەشەسەندنی مەعریفی منداڵەوە هەیە، بۆیە تێگەیشتنی منداڵ بۆ مەرگ لەلای پیاژێ دەکرێ لەبەر رۆشنایی قۆناغەکانی گەشەسەندنی منداڵاندا شیبکرێتەوە، بۆنمونە منداڵ لەتەمەنی ٢-٧ ساڵاندا وا تێدەگات کەهەر کەسێک مرد دەتوانێت زیندووبێتەوە، ئەم منداڵانە بۆ وێناکردنی مەرگ لەیاریو حیکایەتەکانی خۆیاندا زیاتر پشت بەفەنتازیاو خەیاڵی خۆیان دەبەستن، بەپێی تیۆرییەکەی ڤیگۆچیسکیش یادەوەرییەکان رۆڵی سەرەکی لەدروستکردنی فەنتازیای منداڵاندا دەبینێت.

لەفەزای منداڵاندا هەندێجار مردن بەرگی جۆراوجۆر دەپۆشێو هەندێجاریش لایەنی ناوەوەو دەرەوەی مردن تێکەڵ بەیەک دەبن، لەلایەکی تریشەوە منداڵ هەندێجار بەشێوەیەکی زۆر سەیر گوزارشت لەمردن دەکات، چونکە خۆی بەباشی لێی تێنەگەیشتووە.

منداڵە وردەکان زۆرجار بەبێ مەبەست دەست دەدەنە کاری خۆکوژی بەبێئەوەی پلانیان بۆ داڕشتبێت یا لەوە تێگەیشتبن کەچی دەکەن، مردن بۆ ئەوان لەتەمەنێکی وردا جیهانێکە ناروونو فەزایەکە تەماوی، چونکە ئەوان لەرەهەندەکانی مردن نەگەیشتوونو ناشزانن هەر کەس دەست بداتە کاری خۆکوژی دەرەنجامەکەی چی دەبێت.

یەکێک لەهۆکارەکان رەنگە ئەوەبێت منداڵ بوونەوەرێکی خودبینەو دەیەوێ هەموو رووناکییەکان بخرێنە سەر ئەوو هەموو دەوروبەریشی تەنها بایەخ بەو بدەن، ئەم خەسڵەتەی منداڵ کەبەیەکێک لەکۆنسێپتە سەرەکییەکانی پیاژێ دەژمێردرێت کارێکی وادەکات کەمنداڵ زۆرجار تەنها لەگەڵ خۆیدا بیربکاتەوەو کار بکات بەبێئەوەی گوێ بەوانی دیکە بدات، ئەمەش هەندێجار دەبێتە هۆی جۆرە دابڕانێک لەگەڵ جیهانی دەوروپشتدا، بۆیە دەکرێ ئەم خاڵە واتە بێتوانایی منداڵ لەبەرجەستەکردنی کۆمۆنیکاسیۆنێکی تەواو لەگەڵ گەورەکاندا، بەشێوەیەک لەشێوەکان ببێتە هۆکارێکی ئەم دیاردەیە، بەڵام منداڵ لەتەمەنی ١٠ ساڵاندا لەوە دەگات کەدەشێ مەرگ لەئەنجامی فاکتەرێکی ناوەکییەوە یا جەستەییەوەش بێت بۆنمونە راوەستانی دڵ، نەخۆشی .. هتد، ئەم قۆناغە بەندە بەبیرکردنەوەی کۆنکرێتییانەی منداڵەوە. شتێکی روونە کەمنداڵی یەکساڵە ناتوانێت لەمردن بەشێوە واقعیەکەی تێبگات، بەڵام بەبۆچوونی بۆلبی کاتێک ئەم منداڵە لەساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا لەیەکێک لەدایبابەکانی جیادەبێتەوەو ئەم جیابوونەوەیەش باڵ بەسەر ژیانیدا دەکێشێت، منداڵ ئەم جیابوونەوەیە یا دوورکەوتنەوەیە لەدایبابەکانی بەشێوەیەک لەشێوەکانی مردن لەقەڵەمدەدات یا بەشێوەیەکی دیکە رەنگە ئەمە یەکەم تێگەیشتنی منداڵ بێت لەبارەی مردنەوە، هەرکات ئەم جیابوونەوەیەش ماوەیەکی دوورودرێژی خایاند ئەوە منداڵ واتێدەگات کەدایبابەکەی مردووە بەبێئەوەی لەمردن وەکو کۆنسێپتێک تێبگات، چونکە منداڵ بۆلبی گوتەنی (بنەما سەقامگیر)ەکەی لەدەستدەدات.

بەبۆچوونی پرۆفیسۆر ئۆکەرمان منداڵ هەر لەسێ ساڵییەوە لەبەر هەندێ هۆی نادیار خۆیان دەکوژن، بەڵام لەتەمەنی پێنج شەش ساڵیدا دەتوانن بەشێوەیەکی کۆنکرێتیتر بیر لەخۆکوژی بکەنەوە، لێرەدا دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کەمنداڵ تا ٨-٩ ساڵی ناتوانن پلان بۆ خۆکوشتن بۆ خۆیان دابڕێژن، بەڵکو زۆربەی جارەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئەو کارە ئەنجامدەدەن، بەشێوەیەکی دی ئەو منداڵانە تێڕوانینێکی ناواقیعیانەیان بۆ خۆکوژی هەیە، واتە حەزدەکەن خۆیان بکوژنو پاش ماوەیەک زیندووببنەوە.

لێرەوە دەگەینە ئەو سەرەنجامەی کەئەوان لەکاریگەرییەکانی مەرگ تێناگەن، بەڵام وەکو ئامرازێک بۆ گەیشتن بەشتێکی دیاریکراو بەکاریدێنن، هەندێجار منداڵی سێ ساڵە لەرێگەی خواردنی حەپێکی زۆرەوە یا غاز بەردانەوە .. هتد کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئەم منداڵانە پلانیان بۆ ئەو کارە داڕشتووە، بەڵکو بەئەگەری زۆر چاویان لەیەکێکی تر کردووە یا لەفلیمێکدا ئەوەیان بینیوە یا دایبابو براو خوشکە گەورەکانی خۆیان باسی شتێکی وایان بۆ کردوون، هەموو منداڵێکی نۆ ساڵە خۆی لەناو قەیرانێکدا دەبینێتەوە کەلەبواری پەروەردەییدا "قەیرانی نۆساڵە"ی پێ دەڵێن، گرفتەکانی منداڵ لەم تەمەنەدا بەبەراورد لەگەڵ رابردوودا رووی لەزیادبوونە، پاش تێپەڕبوونی ئەم قۆناغەش وردە وردە منداڵ توانای بەسەر پلان دارشتنی کاری خۆکوژی زیاتر دەبێ، بۆیە نۆ ساڵەکان پێویستیان بەئامۆژگارییو پەروەردەیەکی میهرەبانتر هەیە.

> لەفەزای منداڵاندا هەندێجار مردن بەرگی جۆراوجۆر دەپۆشێو هەندێجاریش لایەنی ناوەوەو دەرەوەی مردن تێکەڵ بەیەک دەبن

# زەوی بۆ دروستکردنی قوتابخانە نەماوە!

## بەهۆی دیاری نەکردنی پارچەیەک زەوی لەلایەن دانیشتووانی گوندی سنورەوە، پرۆژەی دروستکردنی خوێندنگەیەکی ناوەندی رادەوەستێت

زانیار لەداقوق

بەهۆی دیاری نەکردنی پارچەیەک زەوی لەلایەن دانیشتووانی گوندی سنورەوە، پرۆژەی دروستکردنی خوێندنگەیەکی ناوەندی پەکیدەکەوێت کەلەلایەن ئەنجومەنی قەزای داقوقەوە بڕیاری لەسەر دراوە.

لەسەر داوای دانیشتووانی گوندی سنور ئەنجومەنی قەزای داقوق لەپارێزگای کەرکوکو پەروەردەی گشتی شارەکە رەزامەندی لەسەر دروستکردنی قوتابخانەیەکی ناوەندی دەربڕی، بەڵام خەڵکی ئەو گوندە لەسەر پارچە زەوییەک بۆ تەرخانکردنی ئەو قوتابخانەیە ناکۆکن.

گوندی سنور دەکەوێتە خوارووی قەزای داقوقەوە، رێژەی قوتابیانی ئەو گوندە نزیکەی ٣٠٠ قوتابی دەبێت، پێویستیان خوێندنگەیەکی ناوەندی هەیە بۆ گوندەکەیان.

شاکر حەسەن دانیشتووی گوندی سنور بەدەستووری وت "من داوادەکەم لەسەرجەم دانیشتووی گوندی سنور پارە کۆبکەنەوە تاکو ئەو پرۆژەیە لەدەستمان نەچێت"، شاکر باوکی ٢ قوتابییە دەڵێت مانگانە ٧٠ هەزار دینار خەرج دەکات بۆ هاتوچۆی منداڵەکانی.

فاتیح قادر شەریف وتارخوێنو پێشنوێژی مزگەوتی گوندی سنور دەڵێت لەنوێژی هەینیدا لەرۆژی ٣/١٩دا داوایەکی ئاراستەی خەڵکی گوندی سنور کرد بۆ بەرژەوەندی گشتی کە هەوڵی جدی بدەن بەمەبەستی تەرخانکردنی پارچە زەوییەک بۆ دروستکردنی خوێندنگەیەکی ناوەندی لەگوندەکە.

ئەمیر خواکەرەم سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند "ئەنجومەنی قەزای داقوق رازییە لەسەر دروستکردنی قوتابخانەیەکی ناوەندی بۆ گوندی سنور، ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا رازیبێت لەسەر بودجەی ٢٠١٠ دەست دەکەین بەتەرخانکردنی".

خوداکەرەم وتی "هەرچەند ئێمە لەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی قەزاکە تۆمارمان نەکردوە، بەڵام دەیخەینە ئامادەباشییەوە".

پەروین محەمەد ئەمین سەرۆکی لیژنەی پەروەردە لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت گەر گوندی سنور نووسراوی فەرمی لەلایەن ئەنجومەنی قەزاوە ببەن بۆ لیژنەکەیان ئەوانیش رەزامەندی لەسەردەدەن، وتی "بەڵام بەمەرجێک پەروەردەی کەرکوک رازیبێت ئێمەش دەیخەینە ژێر دەستی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تاکو بیخەنە پرۆژەکانی ئەمساڵەوە".

فەوزیە عەبدوڵڵا جێگری پەروەردەی گشتی کەرکوک بەدەستووری وت "ئێمە هیچ رێگرییێک ناکەین لەسەر دروستکردنی خوێندنگەیەک بۆ گوندی سنور".

سەباح غایب دانیشتووی گوندی سنورە بەدەستووری وت من خاوەن ٢ خوێندکاری ناوەندیم، مانگانەی رێگاوبانی کرێی ئۆتۆمبێل ٦٥ بۆ ٧٠ هەزار دینار خەرجدەکەن. سەباح وتی "گوندەکەمان پێویستی بەخوێندنگەی ناوەندی هەیە".

ئەگەر ناکۆکییەکانی دانیشتووانی گوندی سنور بەردەوامبێتو هیچ پارچە زەوییەک بۆ قوتابخانەکە دیاری نەکرێت، ئەگەری ئەوە هەیە پرۆژەکە لەناوچەیەکی تردا جێبەجێبکرێت.

زاهیر بەکر ئەندامی ئەنجومەنی قەزای داقوقو بەرپرسی لیژنەی پرۆژەکان بەدەستووری راگەیاند "ئەگەر خەڵکی گوندەکە ئامادە نەبن بۆ دابینکردنی زەوی، ئەوا ناچار دەبین ئەو پرۆژەیە دوابخەینو لەشوێنکی دیکە پرۆژەکە ئەنجامدەدەین".



بازاڕی کوردستان بەسنورەکانەوە بەندە فۆتۆ: ئاکۆ محەمەد

# لەهەولێر گرانییە

## "ناوێریت دەست ببەیت بۆ هیچ شتێک وەک مار پێتەوە دەدات"

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بازاڕەکانی هەولێر لەماوەی یەک هەفتەدا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو لەنرخی شمەکو پێداویستییە ڕۆژانەییەکان بەخۆیەوە دەبینێت، ئەمەش نیگەرانی لای هاووڵاتیان دروستکردووە، پسپۆڕانی بواری ئابووریش ئاماژە بەوە دەکەن داخستنی سنورەکان بەرزبوونەوەی نرخەکانی بەدوادا دێت.

بەبۆنەی هاتنی وەرزی سەیرانو گەشتکردنو نەورۆزەوە خاوەن دوکانەکانی هەولێر نرخی زۆربەی پێداویستییەکان زیاد دەکەن، هاووڵاتیانیش وەک جاران پێداویستییەکان ناکڕنو خۆیان بۆ کاتی نزمبوونەوەی نرخەکان ئامادەکردوە.

خاوەن کۆگاکانی فرۆشتن لەهەولێر ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەری داخستنی سنورەکان هەیە لەلایەن دراوسێکانەوە بەتایبەت ئێران، هاووڵاتیانیش دەڵێن هەمیشە هەولێر شتی گرانبووە لەچاو شارەکانی تردا، شارەزایانی بواری ئابووریش باس لەوە دەکەن لەبەرئەوەی کوردستان بەبەردەوامی پشتی بەدەرەوە بەستووە، داخستنی سنورەکان بەرزبوونەوەی نرخەکانی بەدوادا دێت.

ساڵح ڕەزا دانیشتوی شاری هەولێر پێیوایە هەولێر هەمیشە بەرهەمەکانی گرانتر بووە لەچاو شارەکانی تردا، بەهاتنی نەورۆز پێداویستییەکان دوو قات زیاددەکەنو شت نییە پارەی زیادەی نەچێتە سەر.

ساڵح وتی "ناوێریت دەست ببەیت بۆ هەرشتێک وەک مار پێتەوە دەدات".

کێشەکان زیاتر لەکاتی داخستنی سنورەکانی کوردستاندا ڕوودەدات، لەگەڵ داخستنی هەرسنورێکدا نرخی شمەک لەبچوکترینەوە بۆ گەورەترین بەروبوم نرخەکەیان زیاددەکات.

سەرچاوەیەک لەسنوری پێنجوێن بەدەستووری ڕاگەیاند دەنگۆی ئەوە هەبووە ئەو سنورە لەلایەن ئێرانەوە دابخرێت، بەڵام تائێستا ئەوە تەنها قسەیە.

ئەو سەرچاوەیە وتی "لەکاتی هاتنی نەورۆزدا کە لەئێران بە١٣بەدەر ناسراوە زۆربەی سنورەکان لەلایەن ئەو وڵاتەوە دادەخرێت، بەڵام سنوری تەوێڵە داناخرێت کە ئەویش لەلایەن ئێرانو کوردستانەوە کراوەتەوە".

بەرپرسانی حکومەت ڕایانگەیاند لەنەورۆزی ئەمساڵدا مەرزی باشماخ تەنها بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر دادەخرێت.

خاوەن کۆگاکانی فرۆشتن بۆچوونیانوایە بەداخستنی هەر سنورێک دەبێت ئەوانیش نرخەکان زیاد بکەن، چونکە وەک خۆیان دەڵێن توشی زیان دەبن.

لوقمان شەریف خاوەن کۆگای هەولێر بۆ فرۆشتنی پێداویستییە سەرەکییەکان ئاماژە بەوە دەکات ئەوان سەرجەم ئەو پێداویستییانەی کە دەیفرۆشن لەئێرانەوە بۆیان دێت، ئەگەر ئێران سنوور دابخات ئەوا ناچارن نرخەکان زیاد بکەن لەسەر هاووڵاتیان.

لوقمان بەدەستووری وت "هەمیشە ئێمە توشی کێشە دەبین لەگەڵ کڕیارەکانماندا، چونکە بەدەقەو سەعات نرخەکان دەگۆڕێن هەر وڵاتێک بچوکترین کێشەی هەبێت لەگەڵ کوردستاندا سنور دادەخات".

شارەزایانی بواری ئابووری لەکوردستان داخستنی هەر سنورێک بەرووی کوردستاندا بەکارێکی خراپ دەزاننو پێیانوایە لەسەدا سەد کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخەکان دەبێت.

بەختیار سادق سەرۆکی بەشی ئابووری کۆلێژی ئێوارانی زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت "داخستنی هەر سنورێک بەڕووی کوردستاندا لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە کاریگەری نەرێنی دەبێت، چونکە کوردستان پشت بەدەرەوە دەبەستێت".

سەرۆکی بەشی ئابووری کۆلێژی ئێوارانی زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت دەبێت پیشەسازی بچوک هانبدرێت بۆئەوەی بەرهەم دابینبکات، لەمەودوا پێداویستی هاووڵاتیان بکەوێتە ئەستۆی کوردستان نەک دەرەوە.

د.بەختیار وتی "بەرهەمی ناوخۆ بەشمان ناکاتو ناچارین پەنا بۆ دەرەوە ببەین، بەداخستنی ئەو سنورانە دوو هێندە نرخەکان زیادەکات".

# زەڵمو ئەحمەدئاوا نەگۆڕاون!

مەعاز فەرحان لەهەورامان

نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەسەیرانگاکانی ناوچەی هەوراماندا گەشتیارانو خەڵکی ناوچەی هەورامانی نیگەران کردووە، بەرپرسانی حکومی ناوچەکەش دان بەوەدا دەنێن کە خزمەتگوزارییەکان لەچاو جوانییەکانی ناوچەکەدا زۆرکەمن.

ناوچەی هەورامان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە بەدرێژایی سنوری عێراق ئێران، سروشتی جوگرافی هەورامان ناوچەیەکی شاخاوییە کە ئەمەش جوانییەکی لەڕووی گەشتو گوزراییەوە بەو ناوچەیە بەخشیوە.

لەهەوراماندا چەندین ناوچەی گەشتیاری هەن، لەسنوری ناحیەی خورماڵ هاوینە هەواری ئەحمەدئاواو گەنجان، لەناحیەی بیارە کە زۆرترین سەیرانگاکانی هەورامان دەگرێتەخۆ ئەوانیش (ئاوێسەر، وەزەنێ، مێشلە، هەمەشوانە، هاوینە هەوارەکانی نێو بیارە)یە.

نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەڕووی گەشتوگوزارییەوە بۆ سەیرانگاکانی هەورامان سەرەڕای ئەوەی کەخەڵکی ناوچەکەی نیگەرانکردوە، لەهەمان کاتدا لەڕووی ئابوورییەوە زیانی بەخەڵکی گەیاندوە کە کەمترین سود لەسەیرانگاکانیان دەبینن.

هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا کەمترین خزمەتگوزاری بۆ ئەنجامدراوە کە تائێستا گەشتیاران بەجادەی خۆڵدا لەئەحمەدئاواوە دەگەنە سەرچاوەی ئاوی زەڵم.

ئادەم حەمەکەریم ئەنجومەنی گوندی زەڵم کە سەرچاوەی ئاوی زەڵمو سەیرانگای ئەحمەدئاوا لەناو سنوری گوندەکەیدایە بەدەستووری وت "سەرەڕای ئەوەی کە پێویستمان بەچاککردنی ڕێگاکە هەیە، لەهەمانکاتدا تەوالێتو پردمان بۆ نێوباخەکان پێویستە".

ئادەم حەمەکەریم وتی "بەدڵنیاییەوە لەڕووی ئابوورییەوە نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست زیانی بەخەڵکی گەیاندووە، چونکە کە گەشتیاران دێنە هاوینەهەوارەکە کە دەبینن خزمەتگوزاری نییە ڕەنگە جارێکی دیکە نەیەنەوە".

مەجید محەمەد هاووڵاتیەکی دانیشتووی تەوێڵەیە بەدەستووری وت "بەداخەوە هاوینەهەوارەکانی هەورامان خۆشترین هاوینەهەواری ناوچەکەن، بەڵام بێ خزمەتگوزارین، دەبینین ئەو هاوینەهەوارانەی کەماڵی بەرپرسانیان تێدایە لەناوچەکانی تردا خزمەتگوزاری تەواویان بۆ کراوە کەچی هیچ بۆ هاوینەهەوارەکانی ئێمە نەکراوە".

هاوینەهەوارەکانی هەورامان هیچ ئوتێلێکو کابینەو ئەو پێداویستیانەی کەگەشتیاران پێویستیانن تێدانییە، هەتا ئێستاش جوانییەکانی سروشت دیمەنی سەیرانگاکانیان بەجوانی هێشتوەتەوە، گەر گەشتیاران لەناوچە دوورەکانەوە بۆ ئەو هاوینەهەوارانە گەشت بکەن شەوان ناتوانن بمێننەوە.

دیار یاسین لەهەولێرەوە هاتبوو بۆ سەیران وتی "نیوەی جوانییەکانی سروشت لەم ناوچەیەدا کۆبوونەتەوە، بەڵام هیچ خزمەتگوزارییەک نابینم".

دیار لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەنیازی مانەوەبوون لەهەوراماندا وتی "هیچ کابینەیەکو ئوتێلێک نابینم تا لەگەڵ هاوڕێکانمدا تیایدا شەوێک لەناو جوانییەکانی هەوراماندا بمێنینەوە، ناچارین بگەڕێینەوە".



هاوینەهەوارەکانی هەورامان پشتگوێخراون

کازم محێدین لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاری هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا ئاماژەی بەوەکرد کە هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕووی تێدەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە.

کازم وتی "ساڵانە زیاتر لەیەک ملیۆن گەشتیار ڕوو لەم هاوینەهەوارە دەکەن، بەڵام کۆمەڵێک خزمەتگوزاری هەن حکومەت خۆی لێیان بەدوور دەگرێتو تائێستا بۆ ئەو ناوچەیەی نەکردوە، ڕێگاوبان کە سەرەتایترین خزمەتگوزارییە ئەم هاوینەهەوارە لێی بێبەشە، تەنیا کۆمەڵێک ڕێنمایی گەشتیاریمان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دێن، هەموو مانگێک ٣٠ تەن خۆڵو خاشاک فڕێدەدەین بەتەنها حەوت کرێکارمان هەیەو ئەو هەموو ئەرکە بەجێدەهێنن".


کازم پێیوایە پێویستە ئەم هاوینەهەوارە بکرێتە سەیرانگایەکی نێودەوڵەتی، وتی "هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا یەکێکە لەخۆشترین هاوینەهەوارەکان، سێ ساڵە پێشنیارمان کردوە کە بکرێتە سەیرانگایەکی نێودەوڵەتی، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکمان نەدراوەتەوە".

لێپرسراوانی حکومی ناوچەی هەورامان دان بەوەدا دەنێن کە تا ئێستا ئاوڕی جدی لەهاوینەهەوارەکانی ناوچەی هەورامان نەدراوەتەوە.

نوخشە ناسیح بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە بەدەستووری ڕاگەیاند "هاوینەهەوارەکانی ناحیەی بیارە بەداخەوە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، بەبەردەوامی ئێمە داوامان لەلایەنە پەیوەندیدارەکان کردوە بۆئەوەی ئاوڕ لەم هاوینەهەوارانە بدرێتەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ سودی نەبووە، ئەوەی لەدەسەڵاتی ئێمەدا بێت درێغیمان نەکردوەو ئەنجاممان داوە".

سمکۆ سالار بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بەدەستووری وت "بەداخەوە هەموو ساڵێک داوامان لەوەزارەتی گەشتوگوزار کردوە بۆ باشترکردنی هاوینەهەوارەکان، بەڵام بێسود بووە بەڕاستی منیش لەئاستی خزمەتگوزارییەکان ناڕازیم".

بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ وتی "ئەم ساڵ سێ ملیار دینار بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکان تەرخانکراوە، هیوادراین ئەم ناوچەیەش بێبەش نەکرێت، لەڕاستیدا کێشەو گرفتمان هەیە ئەویش سەختی ڕێگەوبانە، بەزەحمەت چاک دەکرێتو هاووڵاتیانیش پێویستیان بەقەرەبوو هەیە لەکاتی ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەکدا لەناوچەکە".



# وەرزی جلوبەرگی کوردی هاتەوە

## بەهارو نەورۆز رۆح بەجلوبەرگی کوردی دەبەخشینەوەو بازاڕی بەرگدرووەکان گەرم دەکەین

سەربەست سالّح لەسلێمانی

زانا بەدەم دوورینی جلوبەرگەوە، وەڵامی هەندێ لەکڕیارەکانیشی دەدایەوەو ناوبەناو لەسەر مەکینەی بەرگدرووەکەی هەڵدەستا، بۆئەوەی یارمەتی هاوکارەکەشی بکات لەپێشوازیکردنی ئەو کڕیارە زۆرەی رووی تێکردبوو.

زانا بەهۆی زۆری خواست لەسەر جلوبەرگی کوردی لە٢/٢٥وە، قوماشی وەرنەگرتووە بۆئەوەی دڵی ئەو کەسانە لەخۆی رازی بکات کە بۆ نەورۆز دەبێت جلە کوردییەکانیان بۆ تەواو بکات.

زانا وتی "ئەمساڵ بازاڕی جلی کوردی چەندقات زیادی کردوە".

بەهۆی دەستپێکردنی وەرزی بەهارو گەشتکردنەوە، کوڕانو کچانو ژنو پیاو روودەکەنە کڕینی جلوبەرگی کوردیو بەگدرووەکانیش بازاڕیان بەرناکەوێ، ئاماژە بەوەدەکەن ئەمساڵ زیاتر لەساڵانی رابردوو خواست لەسەر جلوبەرگی کوردی زیادی کردووە.

ئاسۆ کەمال تەمەن ١٨ساڵ وەک خۆی دەڵێت بەردەوام چاکەتو پانتۆڵو پانتۆڵی کابۆ لەبەردەکات، ماوەی ٢ ساڵە لەبەهاراندا بۆ ئاهەنگو بۆنەکان جلی کوردی لەبەردەکات.

ئاسۆ وتی "جلی کوردی بۆتە مۆدێلو گەنجان بەگشتی ئارەزووی دەکەن".

دوکانی جلوبەرگی کوردیو بەرگدرووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەهارو زۆربوونی بۆنەو یادەکاندا بازاڕیان بەرناکەوێ.

حسێن هاوکاری زانا باس لەوە دەکات لەسەرەتای مانگی ٢ەوە رۆژانە ١٥ بۆ ٢٠ قاتی ئامادەکراومان فرۆشتوە، جگەلەوەی لەم هەفتەیەدا کەنزیک بووینەتەوە لەنەورۆز رۆژانە نزیکەی ٣٠ قات دەفرۆشین.

حسێن ئاماژەی بەوەشکرد کە لەبازاڕەکەیان مەزەندە دەکرێت رۆژانە ٨٠٠ بۆ ١٠٠٠ قاتی کوردی بفرۆشرێت.

بەبێ جیاوازی تەمەن لەمنداڵو گەنجو بەتەمەنەکان بازاڕەکانی تایبەت بەجلوبەرگی کوردی دوکانەکانیان بەرەنگی ئاڵووالاّ رازاندۆتەوە.

گرنگترین شێوازەکانی جلوبەرگی کوردی پیاوان کەئێستا لەبازاڕەکاندا خواستی لەسەرە بریتین لە (ستارخانی، موڕادخانی، کراسی، هێلەکی، دەستوری مهابادی، مەریوانی، نێچیری وەک مۆدێلێکی تازە) هەروەها لەجلوبەرگی کوردی ئافرەتانیشدا شێوازەکانی (سلێمانی، ئێرانی، بانەیی، هەولێریو بادینانی).

بەرگدرووەکان ئاماژە بەوە دەکەن لەگەڵ زۆری ئەو شێوازە جلوبەرگە کوردیانەدا گۆڕانکاری لەو جلوبەرگانەشدا کراوە.

بەهرە عەلی خاوەنی بەرگدرووی ناز بۆ دوورینی جلوبەرگی کوردی ئافرەتان ئاماژەی بەوە کرد گۆڕان بەسەر دوورینەکانی جلوبەرگی کوردی ئافرەتاندا هاتووە وەک بوونی فەتحە لەسەر قۆڵەکانی، کورتبوونەوەی پارچەکانی جلی کوردی ئافرەتانو تەسکبوونەوەی کراسەکەی، زۆرینەی کچان هێلەکی لەگەڵدا دەپۆشنو هەندێکیش کەوا.

زانای بەرگدرووش ئاماژەی بەگۆڕانکارییانە کرد کە لەجلوبەرگی کوردی پیاواندا کراوە، وتی "ئێستا شەڕواڵی تەسکو دەرقاچی پانو شێوەی سەرەوە بۆدی" بەتایبەت لەناو گەنجاندا خواستی لەسەرە.

سدیق سەلام خاوەنی پێشانگای راستی بۆ فرۆشتنی جلوبەرگی ئامادەکراو دەڵێ ساڵانە لەوەرزی بەهاردا بازاڕەکەیان گەرموگوڕی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێ، بەتایبەت ساڵانێکە گەنجان روویان کردۆتە لەبەرکردنی جلی کوردی، یادەکانی ئادارو نەورۆز هۆکاری گەرمبوونی بازاری جلی کوردیە، وتی "ئێستا رۆژانە زیاتر لە٢٠ قات دەفرۆشین جگە لەوەش ژمارەیەک لەکڕیارەکان کڵاوو جامانەو مشکیو کڵاش دەکڕن".

خاوەنی پێشانگای راستی وتی "زۆرترین خواست لەسەر قاتی قوماشە، چونکە نرخەکەی لەنێوان ٤٠ تا ٩٠ هەزار دینار دایە بەبەراورد بەقاتی شاڵ کە نرخەکەی لەنێوان ٢٠٠ تا ٥٠٠ هەزار دینار دایە کە بەهەموو کەس ناکڕێت".

بەبۆچوونی بەهرە عەلی هۆکاری زۆربوونی ژمارەی ئەو کەسانەی جلی کوردی دەپۆشن بۆ باشبوونی باری ئابووریو بەمۆدێلبوونی جلی کوردی دەگەڕێتەوە.

خەڵات جەزا تەمەن ٢٠ ساڵو خوێندکاری پەیمانگا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ساڵانە لەگەڵ دەستە خوشکەکانی جلی کوردی دەپۆشن، وتی "زۆرێک لەهاوڕێکانمو خۆشەویستەکەم بەکچە کورد بانگم دەکەن، چونکە بۆ زۆربەی یادو بۆنەکان جلی کوردی لەبەردەکەم".

خەڵات وتی "هیوادارم رۆژێک دابێت جلی کوردی وەک جلێکی فەرمی بناسێنرێتو بۆ دەزگاکانیش لەبەربکرێت".

رۆژبەرۆژ خواست لەسەر جلوبەرگی کوردی زیاتر دەبێت. فۆتۆ: ئاکۆ محەمەد

# نێرگەلە بەرەو چایخانەکان

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بۆ گەرمکردنی بازاڕیان، چایخانەکان نێرگەلە دادەنێن، دەڵێن لای میوانەکانمان نێرگەلە لەچا رەواجی زیاترە.

لەماوەی چەند ساڵێکدا هەزاران نێرەگەلە لەڕێگەی مەرزە نێودەوڵەتییەکانەوە رەوانەی ناوخۆی کوردستان دەکرێتو بەهۆی هێنانی ئەو نێرگەلانەوە رۆژبەرۆژ بەکارهێنەرانی نێرگەلە لەزیادبووندایە.

گەنجانی کوردستان بەلێشاو روودەکەنە کێشانی نێرگەلە دەکەن، هەندێکیان لەجیاتی جگەرە نێرگەلە دەکێشنو ژمارەکیشیان تەنها وەک چاولێکەریو مۆدێک نێرگەلە دەکێشن.

لەئێستا بێجگە لەیانەو کافتریاکان نێرگەلە لەناو چایخانەکانیشدا دادەنرێت، گەنجان بەکۆمەڵ لەماڵانو چایخانەکاندا نێرگەلە دەکێشن.

گەنجان پێیانوایە کێشانی نێرگەلە خۆشی لەجگەرە زیاترەو وەک مۆدێلی لێهاتووە کەئێستا گەنجان خۆیان بەنێرگەلە کێشانەوە خەریک دەکەن، نێرگەلە فرۆشەکانو خاوەن چایخانەکان دەڵێن رۆژبەرۆژ نێرگەلەکێشان زیاددەکات، پسپۆڕانی نەخۆشییە هەناوییەکانیش کێشانی نێرگەلە بەکارێکی خراپ بۆ مرۆڤی دەزانن.

سەروەت مەسعود گەنجێکی شاری هەولێرە دەڵێت کێشانی نێرگەلە بێ لەوەی خۆشترە لەجگەرە وەک مۆدێکی لێهاتووە لەناو گەنجاندا.

سەروەت وتی "ئێستا گەنجان فێربوون بەکۆمەڵ نێرگەلە دەکێشن لەماڵانو چایخانەکاندا، بەچەندین گەنج تەنها یەک نێرگەلە بەکاردەهێنن، چونکە خەرجی نێرگەلە لەجگەرە زیاترە".

پسپۆڕانی نەخۆشییە هەناوییەکان کێشانی نێرگەلە لەجگەرە بەخراپتر دەزانن، دەڵێن نێرگەلەکێشان گەنجان گیرۆدەی چەندین نەخۆشی دەکات.

دکتۆر زانا نوری پسپۆڕی نەخۆشییە هەناوییەکان بەدەستووری وت "یەک نێرگەلە بەرامبەر بە١٠جگەرە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە، چونکە نێرگەلە دوکەڵێکی زۆری لێدێتە دەرەوە لەکاتی کێشانداو ماوەیەکی زۆریشی دەوێت تا تەواو دەبێت".

نێرگەلە فرۆشەکان باس لەوە دەکەن بەهۆی فرۆشتنی زۆری نێرگەلەوە لەم چەند ساڵەدا، ئەوان بەلێشاو لەمەرزەکانەوە نێرگەلەیان بۆدێتو لەبازاڕەکان ساغی دەکەنەوە.

شیراز مەجید یەکێکە لەنێرگەلە فرۆشەکانی هەولێر دەڵێت "گەنجان بەتاسەوە بۆ نێرگەلە دەپرسنو رەواجێکی باشی هەیە لای ئێمە کە نێرگەلە پەیدابوو باوی جگەرە لای گەنجان نەما".

شیراز باس لەوە دەکات هەر شتێک سەرەتا پەیدابوو خەڵکی زۆر رووی تێدەکەنو دوایی وردەوردە واز لەو شتە دەهێنن، بەس "نێرگەلە لەجگەرە خراپترە بۆ وازلێهێنان".

خاوەن چایخانەکان لەپاڵ چا فرۆشتندا ئێستا بەهۆی دانانی نێرگەلەوە دوکانەکانیان سەرفیاتێکی باشی پەیدا کردوە، کۆمەڵێک گەنج لەنێرگەلەوە فێری چەندین شتیتر دەبن.

سەردار فەرزاد خاوەن چایخانەی فەهمی لەهەولێر، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەگەڵ ئەوەی کێشانی نێرگەلە کارێکی باش نییە، بەڵام ئەوان کە دوکانێکیان داناوەو گەنجانیش بۆ نێرگەلە دەپرسن.

سەردار وتی "ناچارین نێرگەلە بهێنین".

ئەو چایچیە ئەوەشی روونکردەوە گەنجانی هەولێر ماوەی دوو ساڵە زیاتر فێری نێرگەلەکێشان بوون، ئەگەر پێشتر ئەو کارەت بکردایە ئەوا بەچاوێکی خراپ سەیر دەکرایت.

سەردار وتی "لەدوکانەکەی ئێمەدا کاتی واهەیە فرۆشی نێرگەلە لەچا زیاترە".

# سەرتاشین بەگەنمو جۆ!

زانیار لەداقوق

ئەحمەد عەلی بەربەر پیاوێکی تورکمانە لەناو شارۆچکەی داقوق کاری سەرتاشی دەکات، ئەحمەد کارەکەی لەباپیرە گەورەیەوە بۆ ماوەتەوە، بەکۆنترین سەرتاش لەقەزای داقوقدا دادەنرێت.

ئەحمەد چیرۆکی ئەم پیشەیە لەسەردەمی باوکیو باپیری دەگێڕێتەوەو دەڵێت لەو سەردەمەدا بەرەشەولاخ دەچوونە گوندەکان بۆ کاری سەرتاشین، بەرامبەر بەسەرتاشین لەخەڵکی گەنمو جۆی وەردەگرت، مام عەلی کاکەیی لەگوندی زەنقرەوە بەرەشەولاخ دەهاتە داقوق بۆ سەرتاشین کەیەک رۆژی دەخایاند.

ئەحمەد بەربەر وتی لەجیاتی سەرتاشین جوتیاران ساڵانە بەرهەمی گەنمو جۆیان بۆ کۆدەکرایەوە، باسی لەوەشکرد کە لەجیاتی کارەکەیان ساڵانە بەقەدەر ١٠ جوتیار بەرهەمی کشتوکاڵیمان کۆدەکردەوە.

بەربەر لەچوار پشتەوە ئەو کارەی بۆ ماوەتەوەو ئێستاش بەردەوامە لەسەریو بۆ نەوەکانی خۆی گواستۆتەوە، ئێستا عەلی کوڕی تەمەنی ٢٠ ساڵەو لەسەرتاشخانەکە بەردەوامە لەکارکردن.

بەپێی قسەکانی ئەحمەد ئەم پیشەیە بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو وتی "لەم بنەماڵەیەدا لەکاتی عوسمانییەکانەوە لەداقوق تاکو ئێستا بەردەوامە، ئەم بنەماڵەیە جگە لەکاری سەرتاشین کاری تر ناکەن".

مام عەلی کاکەیی خەڵکی داقوقە وتی "ئێمە کە لەگوندەکەمانەوە دەهاتین بۆ داقوق بەرامبەر بەسەرتاشین پارەمان دەدا، بەڵام خۆی بەهاتایە بۆ گوندەکان بەبەرهەمی کشتوکاڵی سەری گەنجان یاخود پیاوانی بەتەمەنی دەتاشی".

ئەحمەد ئێستا تەمەنی ٦٠ ساڵە، ئەحمەد وتی "من لەتەمەنی ١٢ ساڵییەوە خەریکی ئەم کارەم، تاکو ئێستا ئەم پیاوە لەداقوق دوکانی سەرتاشینی هەیە"، ئەو سەرتاشە روونیکردوە عەرەبەکانی سنوری داقوق بۆ سەرتاشین پۆلپۆل دەهاتن بۆ داقوق کە هەرچەندە ئەو گوندانە دووربوون، بەڵام بەشەو لەداقوق دەمانەوەو خەڵکی گوندنشینەکانی داقوق رێگای شەوو رۆژی دەبڕی تا دەهاتنە لای ئەو سەرتاشە بۆ ئەوێ تاوەکو سەریان بتاشن.

مەجید عەتیە خەڵکی گوندی سنور لەقەزای داقوق بەدەستووری وت "ئێمە وەک گەنجانی گوندەکە هەموومان کۆدەبووینەوە هەرکاتێک ئەو سەرتاشە روویبکردایە گوندەکەمان بۆ کاری سەرتاشین.

مەجید وتی "ئێمە لەئەندامی خێزانەکەمان سێ برا بووین، ساڵانە ٦ قەرناغ جۆو گەنممان بۆ کۆدەکردەوە".





# لەماوەی سێ ساڵدا زیاتر لە ٢٠٠٠ حاڵەتی نەخۆشیی سیل لەکوردستاندا تۆمارکراوە

بێستون فەتاح لەسلێمانی

لەماوەی سێ ساڵدا زیاتر لە٢٠٠٠ حاڵەتی نەخۆشی سیل لەکوردستاندا تۆمارکراوە، پسپۆڕانی بواری پزیشکیش ئاماژە بەوە دەکەن نەخۆشی سیل چارەسەری هەیە، ئەگەر نەخۆشەکە پابەندی ڕێنماییە پزیشکییەکان بێت.

**(٤/٢٤) بۆئەوەی لەهەناسەدان بەردەوامبین**

هەموو ساڵێک لەژێر دروشمی (بۆئەوەی لەهەناسەدان بەردەوام بین، بابەیەکەوە کاربکەین لەپێناو قەڵاچۆکردنی سیل) ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە٤/٢٤دا بۆنەی ئەو ڕۆژە ڕێکدەخات، بەمەبەستی بەرەو ڕووبوونەوەی نەخۆشی سیلو زیاتر چالاککردنی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی، لەگەڵ ئەوەی نەخۆشی سیل لەکۆنداو تاکۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا نەخۆشییەکی مەترسیداربوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەو نەخۆشییە پاش دەستنیشانکردنی چارەسەردەکرێت.

**سیل لەجیهاندا**

نەخۆشی سیل بەشێوەیەکی گشتی بەپێی ئەو ئامارە جیهانییانە یەک لەسەر سێی هەموو جیهان ئەگەری ئەوە هەیە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو میکرۆبە چووبێتە لەشییەوە، بەڵام توشی سیل نەبووە، ساڵانە لەهەموو دنیادا هەشت تا نۆ ملیۆن حاڵەتی تازە تۆمار دەکرێ کە لەوانە ژمارەیەکی زۆریان کەدەگاتە لەسەدا دەیان گیان لەدەستدەدەن.

**سیل لەکوردستان**

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم لەماوەی سێ ساڵدا زیاتر لە٢٠٠٠ حاڵەتی نەخۆشی سیل لەکوردستاندا تۆمارکراوە.

لەساڵی ٢٠٠٧دا لەپارێزگای هەولێر ١٦٤ حاڵەتو لەپارێزگای دهۆک ١٨٥ حاڵەتو لەپارێزگای سلێمانی ١٥٣ حاڵەت بووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٨دا لەهەولێر ٣٩٠ حاڵەتو لەسلێمانی ٤٧٥ حاڵەتو لەدهۆک ١٦٢ حاڵەت بووە، ساڵی ٢٠٠٩دا لەپارێزگای هەولێر ٢٢٤ حاڵەتو لەسلێمانی ١٣٦ حاڵەتو لەدهۆک ١١٦ حاڵەت بووە.

**نەخۆشی سیل لەکۆندا**

د.فەرەیدون ئیبراهیم بەڕێوەبەری ڕاوێژکاری نەخۆشییەکانی سنگ لەسلێمانی ئاماژەی بەوەدا ئەم نەخۆشییە جاران پێیان دەوت نەخۆشی (دەردە باریکە)، چونکە بەراستی ئەم نەخۆشییە ئەوکاتە چارەسەری نەبوو، لەبەرئەوە ئەو کەسانەی کە توشی نەخۆشییەکە دەبوون زۆربەی زۆریان باری تەندروستیان تێکدەچوو، باریک دەبوونەوە تاوای لێدەهات گیانی لەدەستدەدا، بۆیە پێیان دەوت دەردە باریکە، ئێستاش لەهەندێک شوێن هەروای پێدەڵێن، بەڵام بەزۆری ئێستا پێیدەڵێن سیل، لەناوچەی بادینان پێیدەڵێن (ئێشە زراع).

**سروشتی نەخۆشی سیل**

د.فەرەیدون ئیبراهیم دەربارەی سروشتی نەخۆشی سیل وتی "نەخۆشی سیل نەخۆشییەکی بەکتریایی پەتایی درێژخایەنە کە بەکتریایەک دروستی دەکات پێیدەڵێن (مایکۆ بەکتریا) کە چەند جۆرێکی هەیە، پەتایی هەیە واتا لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگوێزرێتەوە، درێژخایەنە کە نەخۆشییەکە بۆماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە لەلەشی نەخۆشەکەداو ماوەیەکی زۆریشی دەوێت بۆ چارەسەری، واتە ئەو کەسەی کەتوشی دەبێت لەکاتی دەستنیشانکردنییەوە تا ئەو کاتەی کە چاک دەبێتەوە کەمترین ماوە شەش مانگە کەهەندێکیان بۆ نۆ مانگ درێژدەبێتەوە، هەندێک نەخۆش هەیە بۆ ماوەی چەند ساڵێک چارەسەر بەکاردێنێت، ئەگەر نەخۆشییەکە نەخۆشییەکی ئاسایی بێت، واتە نەخۆشییەکە بەرگری نەبێت، بەڵام ئێستا جۆرێک پەیدا بووە کە بەرگرە واتا سێ ساڵ زیاتر دەخایەنێت کە ئەم جۆرەی ترسناکە".

**هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشی سیل**

د.فەرەیدون وتی ئەم بەکتریایەی کەدەبێتە هۆی ئەم نەخۆشییە بەزۆری لەڕێگەی هەواوە دەچێتە لەشی مرۆڤەوەو دەڕوات بەرەو بۆرییەکانی هەوا، لەسییەکاندا زۆربەی کات جێگیر دەبێو لەوێ زیاددەکات، هەندێجار بەرگری لەش بەکتریاکە لەناودەباتو لەوکاتەدا نەخۆشییەکە کۆتاییدێت، بەڵام هەندێ جاریتر هەیە نەخۆشییەکە زیاتر پەرەدەستێنێو لیمفە گرێکان دەگرێتەوە، بەڵام هەردیسانەوە هەندێکجار لەدوای ئەم قۆناغەش بەرگری لەش دەتوانێ نەخۆشییەکە لەناوبەرێت هەندێکجاریتریش هەیە میکرۆبەکە دەتوانێت لەناو سییەکاندا گەشەبکاتو زۆر ببێتو زاڵ ببێت بەسەر بەرگری لەشدا، واتا بەرگری لەش ناتوانێت زاڵبێت بەسەریداو دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی، جۆرێکی تریان لەڕێگەی خواردنەوە توشمان دەبێ بەتایبەتی شیری پیس بوو بەمیکرۆبەکە، واتە ئەگەر شیر لەئاژەڵێکی توشبوو بەو میکرۆبە وەربگیرێ، لەوانەیە ببێتە هۆی توشبوونی ئەو کەسەی کە دەیخواتو تووشی نەخۆشی سیل دەبێ.



سیل نەخۆشییەکی بۆماوەیی نییە. فۆتۆ: بێستون فەتاح

**سیل لەناو بەندیخانەو شوێنە ساردەکاندا زۆرە**

پسپۆڕانی بواری پزیشکی ئاماژە بەوە دەدەن میکرۆبی سیل توانای ئەوەی هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو شوێنە ساردەکاندا بمێنێتەوە، بۆیە زیاتر لەبەندیخانەو شوێنە ساردو سەر داپۆشراوەکاندا زۆرن.

**جۆرەکانی سیل**

د. فەرەیدون دەڵێت نەخۆشی سیل یەک جۆری نییە، تەنها سییەکان تووشی سیل نابن، بەڵکو هەموو ئەندامەکانی تری لەش تووش دەبنو هەموو کەسێک ئەگەری ئەوەی هەیە تووشی نەخۆشی سیل بێت، ئەویش دەکەوێتە سەر توانای بەرگریکردنی لەشی کەسەکە، بۆنمونە ئەگەر کەسێک بەردەوام میکرۆبەکە وەرگرێتو زاڵ بێت بەسەر بەرگری لەشیدا ئەوا توشی نەخۆشی سیل دەبێ، واتە ئەم میکرۆبە تووشی زۆربەی بەشەکانی لەش دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەم میکرۆبە لەهەر شوێنێکی لەشدا جێگیربوو، گەشەی کرد ئەو بەشە تووشی سیل دەبێت.

**نیشانە سەرەکییەکانی سیل**

ئەو کەسانەی کە توشی نەخۆشی سیل دەبن دوو جۆر نیشانە لەسەریان دەردەکەوێت کەیەکێکیان نیشانەی گشتییە کەبەشێوەیەکی گشتی توشی لەش داهێزرانو کەم خۆراکیو بێهێزیو دابەزینی کێشو تووشی تا بەتایبەتی تای شەوان دەبێت، ئەم نیشانانە پێیان دەوترێت نیشانە گشتییەکانی نەخۆشی سیل، بەڵام هەندێک نیشانە هەیە پێیان دەوترێت نیشانە تایبەتییەکانی نەخۆشی سیل، واتە ئەم نیشانانە پەیوەندی بەو شوێنانەی لەشەوە هەیە کە میکرۆبەکەی هەڵگرتووە، بۆنمونە ئەو کەسانەی کە سنگیان تووشی نەخۆشی سیل دەبێت تووشی کۆکەو بریندارابوونی بۆری هەوا دەبنو خوێن لەگەڵ کۆکەکانیاندا دێتە دەرەوە، ئەو کەسانەی کەلیمفە گرێکانیان تووشی سیل دەبێت جگە لەنیشانە گشتییەکانیان دەبێتە هۆی دراڕنی لیمفە گرێکانو هاتنە دەرەوەی کێمو جەراعەتێک کە تایبەتە بەنەخۆشی سیل، ئەو کەسانەی نەخۆشی سیل تووشی پەردەی سیەکانیان دەبێت جگە لەو نیشانانەی کەباسکران ئاو لەسییەکانیاندا کۆدەبێتەوە.

**چارەسەری سیل**

د.فەرەیدون ئاماژەی بەوە کرد هەموو ئەو کەسانەی کە نەخۆشی سیلیان هەیە بەرنامەیەکی تایبەتیان بۆ دادەنرێت ئەویش ئەوەیە کە نەخۆشی سیل دەبێت ڕەوانەی کلینکی ڕاوێژکاری سنگ بکرێت کەتایبەتە بەو کەسانەی کە تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن، واتە هەر یەکێک لەمانە فایلێکی تایبەتیان دەبێتو بەپێی ئەم فایلە دەبێت ماوەی پشکنینو چارەسەرکردنیان بۆ دیاری بکرێتو دەبێت ئەوەش بزانین کەنەخۆشی سیل نەخۆشیەکی چارەسەرکراوە، واتە ئەو کەسەی کە تووش دەبێت دەتوانرێت چارەسەربکرێت بەشێوەیەکی لەسەدا سەد بەمەرجێک نەخۆشەکە پابەند بێت بەوەرگرتنی ئەو دەرمانو چارەسەرانەی کە پزیشک بۆی دیاری دەکات لەکاتو ماوەی تایبەتی خۆیدا بەکاریبهێنێت هەروەک لەسەرەتادا باسمانکرد، بەلایەنی کەمەوە پێویستیان بەچارەسەرە بۆ ماوەی شەش مانگ، واتە لەم ماوەیەدا ئەگەر ئەو نەخۆشە بەتەواوەتی پابەندبێت بەبەکارهێنانی دەرمانەکانییەوە ئەوا بێگومان چاکدەبێتەوەو پێویستە ئەوەش بزانین کەنەخۆشی سیل نەخۆشیەکی بۆماوەیی نییە، واتە مەرج نییە کەدایکو باوک تووشبووبن بەو نەخۆشییە پێویستە منداڵەکانیشیان تووشبن، بەپێچەوانەوە ئەم نەخۆشییە نەخۆشیەکی میکرۆبییە، ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەم نەخۆشیە لەلایەن پزیشکەکانەوە دیاری دەکرێتو ڕۆژانە چەندین نەخۆش دەرمان بەکاردەهێنێنو چاک دەبنەوە، ئێستا لەکوردستاندا بەرنامەیەکی تایبەتی هەیە کە پێی دەوترێت بەرنامەی دۆت کە لەهەموو شارەکانی عێراقدا پەیڕەوی دەکرێت کەبەهاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەرمان دابینکراوە بۆ نەخۆشەکان.

# کلسی ددان.. هۆکار.. چارەسەر

## چاوپێکەوتنێک لەگەڵ د. دیار عەبدولکەریم پسپۆڕ لەبواری نەخۆشییەکانی پوکو ددان

سازدانی: ئیلهام عەبدوڵڵا

**کلسی ددان یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە زۆرکەس تووشی دەبێت، دکتۆر دیار عەبدولکەریم حسێن پسپۆڕ لەبواری نەخۆشییەکانی پوکو ددان لەم دیمانەیەی دەستووردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بۆ خۆپارستن لەکلسی ددان پێویستە ڕۆژانە بەلایەنی کەمەوە دووجار ددان بشۆردرێت.**

**دەستوور:** دەکرێت بۆمان ڕوونکەیتەوە کلسی ددان چییە؟

**د. دیار:** کلسی ددان پێکهاتەیەکە لەکۆبوونەوەی پاشماوەی خواردنو بەکتریاو دەرهاویشتەی بەکتریای مردوو کەبەهۆی کالسیۆمی ناو لیکەوە بووە بەکلسو لەسەر ددانەکان دەنیشێت کە بەپێی شوێنی کلسەکەو پەیوەندی لەگەڵ پوکدا دەکرێت بەدوو جۆرەوە:

١. ئەو کلسەی کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی پوکەکە.

٢. ئەو کلسەی کە دەکەوێتە ژێر پوکەوە.

دەستوور: هۆکارەکانی دروستبوونی کلسی ددان چییە؟

**د. دیار:** هۆکارەکانی کلسی ددان بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە:

١. باش نەشۆردنی ددانەکان کەبەلایەنی کەمەوە دەبێت لەڕۆژێکدا دووجار بشۆردرێت بەیانیان دوای نان خواردنو شەویش پێش نووستن.

٢. بەکارهێنانی پەتی ددان (Dental floss) بۆ پاککردنەوەی نێوانی ددانەکان، چونکە فڵچەی ددان ناکەوێتە نێوانی ددانەکانەوە.

٣. لەهەندێک کەسدا کەتوانای جەستەیان کەمە یان توانای عەقڵیان کەمەو ناتوانن ددانەکانیان بەباشی بشۆن.

٤. لەهەندێک کەسدا کەشێوەی ڕیزبوونی ددانەکانیان ئاسایی نییەو خوارو نارێکە کە بەهۆی ئەوەوە ناتوانرێت بەباشی ددانەکان پاکبکرێتەوە لەگەڵ شووشتنی ددانەکاندا.

٥. زۆری ڕێژەی لیک لەهەندێک کەسدا هۆکارێکی دیکەیە بۆ زووتر دروستبوونی کلسو نیشتنی لەسەر ددانەکان بەتایبەتی لەو شوێنانەی کەلیکە ڕژێنەکان کەناڵەکانی دەگرێتەوە بۆنمونە ڕووی ناوەوەی بەشی پێشەوەی ددانەکانی خوارەوە.

٦. بەکارهێنانی یەک لای ددانەکان بۆ نانخواردن، بۆنمونە هەندێک کەس تەنها لایەکی بەکاردێنێت بۆ نانخواردن بۆنمونە لای چەپ کە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونو نیشتنی کلس لەلای ڕاست بەهۆی نەبوونی یان کەمی ئەو هۆکارە سروشتیانەی کەدەبێتە هۆی پاککردنەوەی ئەولایەی کەنانی پێدەخورێت.

٧. جۆری خواردن، بۆنمونە هەندێک خواردن یاریدەدەرە لەپاککردنەوەی ددانەکان وەکو سێو، ئەو خواردنانەی کە بەددانەکانەوە دەنووسێتو دەبێتە هۆی دروستبوونی کلس وەک بنێشت.

٨. کلۆری ددانیش هۆکارێکی دیکەی یاریدەدەری دروستبوونی کلسە لەسەر ددانەکان بەهۆی کۆبوونەوەی خواردن لەناو کلۆری ددانەکانداو کەمتر پاکبوونەوەیان لەکاتی شۆردندا.

٩. هەندێک هۆکاری دەرەکیش هەیە کەدەبێتە هۆی زیاتر دروستبوونی کلس وەکو جگەرە کێشانو ئەو کەسانەی کەنەخۆشی شەکرەیان هەیە.

**دەستوور:** نەخۆشی کلسی ددان زیاتر لەچ تەمەنێکدا دروستدەبێت؟

**د. دیار:** دروستبوونی کلسی ددان لەسەرەتای تەمەنەوە دروستدەبێت، بەڵام بەڕێژەیەکی ئێجگار کەم، ڕێژەی دروستبوونی کلسی ددان دەگاتە ئەوپەڕی لەنێوان تەمەنی (٢٥-٣٠) ساڵیدا.

**دەستوور:** چۆن خۆمان بپارێزین لەنەخۆشی کلسی ددان؟

**د. دیار:** لەڕێگەی:

١. باش شووشتنی ددانەکان کەبەلایەنی کەمەوە لەڕۆژێکدا دووجار دەبێت بشۆردرێت (لەبەیانیان دوای نانخواردنو شەوانیش پێش نووستن) بۆماوە (٣-٥) خولەک بۆ هەرجارێک.

٢. بەکارهێنانی پەتی ددان بۆ پاککردنەوەی نێوانی ددانەکانی هەموو شەوێک پێش نووستن.

٣. بەکارهێنانی دەرمانی غەرغەرە کە ناهێڵێت خواردن بنووسێت بەڕووی ددانەکانەوەو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەیو دروستبوونی کلس.

٤. ڕێککردنەوەی ددانەکان لەو کەسانەدا ددانەکانیان نارێکە کە ئەمەش لەلایەن پزیشکی تایبەتمەند دەبێت بەڕاستکردنەوە.

٥. زیاترو باشتر شووشتنی ددانەکان لەو جێگایانەی کە کەناڵی لیکەڕژێنەکانی تیادا دەکرێتەوە وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بەنمونەیەک کرد.

٦. پڕکردنەوەی ئەو ددانانەی کە کلۆر بوونو بۆ نەهێشتنی هۆکاری یاریدەدەری دروستبوونی.

٧. نەهێشتن یان چارەسەرکردنی هۆکارە دەرەکییەکانی وەکو جگەرەکێشانو نەخۆشی شەکرە.

**دەستوور:** چارەسەری کلسی ددان چییە؟

**د. دیار:** چارەسەری بریتییە لە:

یەکەم: لابردنی کلسی ددان لەلای پزیشکی ددانی تایبەت بەو بوارە کەئەمەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت کە کاتو ماوەی سەردان کردنی بۆ لای پزیشکی ددان بەمەبەستی پاککردنەوەی ددانەکان بەپێی بوونو نەبوونی ئەو هۆکارانەی کەلەپێشەوە باسمان کرد بۆنمونە هەندێک کەس پێویست دەکات هەموو ٣ مانگ جارێک پاککردنەوەی ددانی بکات لەهەندێکی دیکەدا پێویست دەکات هەموو ٦ مانگ جارێک پاککردنەوەی ددان بکات، لەهەندێکی تردا پێویست دەکات لەساڵێکدا تەنها جارێک پاککردنەوەی ددان بکات.


دووەم: پاککردنەوەی ڕووی ددانەکان بۆ لابردنی ڕەنگی سەر ددانەکانو ڕێکخستنەوەی ڕووی ددانەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێگەدان بەدروستبوونو نیشتنی کلس لەسەر ڕووی ددانەکان لەداهاتوودا.



# شاعیرێکی نوێترخوازم! وتووێژێک لەگەڵ سالْح سووزەنی

ئامادەکردنی: هەرێم عوسمان

**سالْح سووزەنی شاعیرو رەخنەگری ئەدەبی ساڵی ١٩٥٩ لەشاری سەقز لەدایک بووە، لەساڵی ١٩٨٤ەوە سەرقاڵی کاری ئەدەبیەو یەکێکە لەدەنگە ناسراوەکانی ئەدەبی کوردی.**


سالْح سووزەنی

**دەستوور:** ئایا تا چەند توانیوتانە لەبواری نووسینی شیعردا تازەگەری بکەن، بەجۆرێ خۆتان لەدووبارە بوونەوەی شێوازی نەوەی پێشوو بپارێزن؟ ئایا ئەو دەنگە نوێیانەی ئێستا لەرۆژهەڵاتی کوردستان شیعر دەنووسن، چەند توانیویانە خوێنەر لەبەرهەمەکانیان نزیک بکەنەوە؟

**سالْح سووزەنی:** سەرەتا لەبەستێنی سازکردنی وێنەی نوێو کورتبێژیدا هەوڵمداو (دیوانگەلی سەمفۆنیاو دیاری) ئینجا هەوڵمدا شیعرو فەلسەفە لێک نزیک بکەمەوە (دیوانی درۆکانی موقەدەس) دواجار لەبەستێنی لادان لەنۆرمی زمان (سینتاکس شکێنی)، چەند دەنگیکردنی شیعرو گرنگیدان بەنەستی جەماوەری لەرێگەی هاتنەئارای لەناکاوی بەیتو گۆرانیو سێڵاوی هۆشو ...دا نوێخوازبووم (بروانە دیوانی شیعرەسات)، لە"بەژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم"دا زمانی سەردەمانەو چەند زمانیم هەڵبژاردو زۆر بواری دیکە.. بەکورتی لای هاورێیانو ناهاورێیان شیعری سالْح سووزەنی شیعرێکی جیاوازو نوێترخوازبووەو ئەگەر (وەک لەزۆر وتارو وتوێژدا ئاماژەم کردوە) خوێنەرانی ئەدەب بەئاسایی‌و مامناوەندو چالاک دابەش کەین شیعری نوێترخواز سەرنجی خوێنەرانی چالاکی بەباشی راکێشاوەو لەگەڵ خوێنەرانی مامناوەند لەدیالۆگو رەخنەکارییو شەرەقەڵەم دایە، هیوادارم خوێنەرانی شیعر بەچاوی رەخنەییەوە لەم دیوانانە بروانن‌و خۆیان سەرپشک بن"

١- سەمفۆنیا. ٢- دیاری. ٣- هەزار دیوانی کەڵەگەت لەپرسەدا. ٤- درۆ موقەدەسەکان. ٥- شیعرەسات. ٦- بەژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم. ٧- حەبێکی هەنگوینی دادەنێی مەترسە٣.

**دەستوور:** هەندێک شاعیرمان هەیە کە زمانێکی ئاڵۆز بەکاردەهێنن، بەبۆچوونی ئێوە نووسینی شیعر بەزمانی ئاڵۆز خوێنەر ناتۆرێنێت؟ یان نووسینی شیعر بەزمانی سادە توانای دەربرینی گوزارشتو وێنەی شیعریی نییە وا هەندێک نووسەر پەنا بۆ زمانی ئاڵۆز دەبەن، یان ئەمە بۆ خۆ لێڵکردنو خۆ تەماویکردنە؟

**سالْح سووزەنی:** من بەتێرو تەسەلی وەڵامی ئەم پرسیارەم لەوتاری "چەند یاداشتی بێمانا (٣)"١ داوەتەوەو لەبەر حورمەتی پرسیارەکەی جەنابت ناچارم بەکورتی بڵێم کە ئەگەر زمان بەشێوازی نوێ پێناسە بکەین‌و بەهەندێ نیشانەو دال‌و مەدلولی بزانین کە لەرێگەی "لانگو پارۆل"ەوە دێنەئاراو دەبنە نیشانە، ئیتر ناتوانین باسی زمانی ئاڵۆز بکەین، لەم خوێندنەوەدا تەنانەت ورێنەش دەتوانێ ئاماژە بەماناگەل دەروونیو رەوانی مرۆڤ بکا، گرنگ ئەوەیە خوێنەر کێ بێو چۆنو چەند توانای خوێندنەوەو شرۆڤەی زمانی هەبێ، ئاشکرایە "دال"ی pome بۆ کەسێک کەزمانی ئینگلیزی نەزانێ ئاڵۆزو بێمانایە، سەدان وشەی کوردیش بەهۆی تایبەتمەندی هاونشینیو جێنشینی لەشیعردا دەکرێو دەتوانن ماناکان وەدوابخەن یان ئاڵۆزی بنوێنن، زمانی سادەش ئەگەر لەلایەن شاعیرو نووسەری چالاکەوە بنووسرێ دەتوانێ لای هەندێ خوێنەری ئاسایی ئاڵۆزو تەنانەت بێمانابێت‌و هەمان تایبەتمەندی چەند رەهەندی وەخۆ بگرێ، بەگشتی لەرەخنەی نوێدا سنووری نێوان سادەیی‌و ئاڵۆزیی تاڵێکە بەقەدەر پردی سیرات ناسکو باریکو ئەفسانەیی.

**دەستوور:** دەکرێت بزانین دیدی ئێوە سەبارەت بەشیعر چییە؟ دەکرێت بزانین پەیوەندی شیعرت لەگەڵ (فانتازیا-ریالیزم) لەکامیان نزیکترە؟ لەنووسینی شیعردا تا چەند بڕواتان بەپێدانی ئەرکە بەشیعر؟ ئایا پێدانی ئەرک بەشیعر کە ئەفلاتون داوای دەکرد، زیان بەتێکست ناگەیەنێو سەربەستی تێکست ناخاتە مەترسییەوە؟ ئێوە لەنووسینی شیعردا چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونە یەکدەگرنەوە؟

**سالْح سووزەنی:** شیعر زمانێکی نوێو نوێترە کە لەناو زماندا سازدەبێت، تکایە وتاری "دالی شیعر مەدلوولی خۆیەتیو بەس"٢ بخوێننەوە، دڵنیام وەڵامی هەر سێ پرسیارەکەی تێدا دەبینیتەوە، من لەنووسینی شیعردا بیر لەهیچ ناکەمەوە جگە دڵدارییکردن لەگەڵ هەمان شیعرو گەمەکردن لەگەڵی بەزمانو زمان.. ئەفلاتونی بێچارەش باش لەو گەمە گەیشتبوو، بۆیە لەتواناو دەسەڵاتی وانموود (simulacrum) سازیی شیعر دەترساو دەیویست بەواقیع بیخنکێنیو کاتێ دەرەقەت نەهات شیعرو شاعیری بەشەق لەئۆتۆپیاکەی فڕێدایە دەرەوە.

**دەستوور:** ئایا تاچەند بەرهەمەکانتان خوێندنەوەی بۆ کراوەو خراوەتە ژێر تیشکی رەخنە؟ ئایا رەخنەی ئەدەبی کوردی تا چەند توانیویەتی دەنگی خۆی هەبێت؟ ئایا رەخنەی ئەدەبی کوردی هەنووکە لەگەشەکردندایە یان هەر سستو ناچالاکە؟

**سالْح سووزەنی:** ١- براله

> رەخنەگرانی گۆڤاری "مەهاباد" لایانوابوو من بەئاجووری بیانی خەریکم ماڵی ئەدەبی کوردی ساز دەکەمو خەریکی کودەتام لەشیعری کوردی

ئەمە زرنگییە!! سێ چوار پرسیار پێکەوە دەترسم بەهەمان مەبەستی ئەفلاتون هاتبێ بۆ گیان شاعیری بێچارە (گەمە) وەک لەسەرەوە بەکورتی ئاماژەمدا، بەخۆشیەوە دۆستو دوژمن دەقی سالْح سووزەنییان هەڵسەنگاندوەو بەلارێو جیاوازیان لەقەڵەمداوە، رەخنەگرانی گۆڤاری "مەهاباد" لایانوابوو من بەئاجووری بیانی خەریکم ماڵی ئەدەبی کوردی ساز دەکەمو خەریکی کودەتام لەشیعری کوردی (وتارگەلی وەک بناپارتیسم لەشیعری کوردیدا) بەرێزان "میرئەحمەدیو ناسریو موەففەقیو .. لەرەخنەو خوێندنەوەگەلی جیاوازدا دەقی شیعری سووزەنی بەشیعری "جیاواز" دەخوێننەوە، بەرێزان عەزیزی و.. بەشاعیری سیاسی ناویان بردووم، بەرێزان رەزایی و مەحمود زادەو ئەرجوونیو .. بەپێشڕەوو ئاوانگاردو بەرێز محەمەدی باسی هیترزمانی (هیترۆگلۆسیا) دەکا لەشیعری سووزەنیداو.. بەگشتی بەڵێ بەرهەمەکانم خوێندنەوەی بۆ کراوەو کۆڕگەلی تایبەتی بۆ گیراوەو روانگەی جیاوازی زۆریشی لەسەر بووە،

٢- ئەگەر رەخنەی نوێ بەخوێندنەوەی چەند لایەنەی دەقی ئەدەبی پێناسە بکەین، بەداخەوە پێشینەیەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام بەخۆشیەوە لەم دەساڵەی دواییدا چەند رەخنەگرێکی گەنجو خوێندەوار خەریکی خوێندنەوەی نوێکانی سەردەمن لەسەر دەقی کوردی کە ئەوە جێی پێزانینە، لەوانە پێکهاتەی بەیتی کوردی (نووسینی بەرێز رەهبەر مەحمود زادە)، تیشکی بلوورینی دەق (نووسینی عەبدولخالق یەعقوبی) نالیو خوێندنەوە نوێکانی سەردەمو چەند خوێندنەوەکانی ئەم قەڵەمە لەدەقی کوردیو خوێندنەوەی فورمالیستیانەو پێکهاتەخوازانەی دۆستانی دیکە سەرەتای رەوتێکی ئەرێنی لەئەدەبی کوردیدا سازدەکەن کە هیوادارم بەردەوام بێو رەخنەی ئەدەبی بێنێتە قۆناغێکی نوێترەوە.

**دەستوور:** ئایا رەخنەی ئەدەبی کوردی توانیویەتی سوود لەمیتۆدە نوێیەکان وەربگرێ بۆ خوێندنەوەی تێکستەکان؟ ئایا تا چەند دەتوانین بەم میتۆدە نوێیانە تێکستی دێرین بخوێنینەوەو راڤەی بکەین؟ بەنمونە (بونیادگەری)؟

**سالْح سووزەنی:** وەک لەسەرەوە ئاماژەم کرد لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵدراوە دەقەکان بەمیتۆدگەلی نوێی رەخنەیی (زمانو نیشانەناسی، فنۆمنۆلۆژی (دیاردەناسی)، پێکهاتەخوازیی، فیمنیستی، هێرمنۆتیکی (راڤەکارانە)و دەروونناسانەو .. بخوێنرێنەوەو ئەو میتۆدانە وەک تیۆری ئەدەبیو رەخنەیی بەرەبەرە لەناسینو هاتنەئارادایە، من لەنالیو خوێندنەوە نوێکانی سەردەمدا هەوڵمدا تێکستی کراوەی ئەدەبی کلاسیکی لەو روانگانەوە بخوێنمەوەو دڵنیام ئەو چەشنە خوێندنەوانە هەم تێکستی کوردی بەرۆژ (ئاپدەیت) دەکەنەوەو هەم رەخنەی ئەدبی کوردیش دەوڵەمەند دەکا.

**دەستوور:** چۆن لەمیتۆدی بونیادگەری دەڕوانن؟ میتۆدی ناوبراو تا چەند دەتوانێت خزمەتی رەخنەی ئەدەبی بکات؟ ئایا ئەم میتۆدە بۆ خوێندنەوەی هەموو تێکستێکی ئەدەبی دەستدەدات؟ ئایا تا چەند میتۆدی بونیادگەری کە میتۆدێکی نوێیە، بەتایبەت بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی دەتوانێت خزمەتی تێکستو نووسەر بکات بەو پێیەی کە ئەم میتۆدە ناوەوەی دەق دەپشکنێ؟

**سالْح سووزەنی:** دەزانم مەبەستت لەبونیادگەری "ستراکچراڵیسم" (پێکهاتەخوازیی) ە کە بەهەڵە لەودیو بەبونیادگەری وەرگێڕدراوە، نەک هەر پێکهاتە خوازیی، هەموو میتۆدە نوێکانی رەخنەی سەردەم، بەبێ جیاوازییو بەپێی تواناو وزەی ناوەکی دەق دەتوانن خزمەتی ئەدەبی کوردی بکەنو رەخنەی ئەدەبیش بەرنە چەندین قۆناغ سەرترەوە، گرنگ ئەوەیە باوەڕمان بەچەند خوێندنەوەی (لەبری هەڵکێشو داکێشکردنی کەسایەتی نووسەر) هەبێو هیچ کام لەخوێندنەوە نوێکانی سەردەم بەدواقۆناغی رەخنە لەقەڵەم نەدەین، زمانی مرۆڤ لەگەشەدایەو ئەدەبو رەخنەش هەروەتر.

**دەستوور:** ئایا میتۆدی بونیادگەری بەو پێیەی ئاستی خوێنەری بەرزکردۆتەوە، خوێنەری کورد چەند لەگەڵ ئەم پلەپێدانەدا توانیویەتی هەماهەنگی بکات؟ بەواتایەکیتر چەند خوێنەری چالاک دروستبووە یان ئەمە یارمەتیدەر بووە بۆ دروستبوونی رەخنەگری (خوێنەر) چالاک؟

**سالْح سووزەنی:** وەک ئەرزم کرد پێکهاتەخوازیش یەکێکە لەمیتۆدە رەخنەییەکانی سەردەم کە خزمەتی زۆری بەگەشەی خوێندنەوەی ئەدەبی کردوە، بەڵام هێرمنۆتیک (رەخنەی راڤەکارانە)و خوێندنەوەکانی نیشانەناسانەو دیاردەناسانەو ئەفسانەناسانەو دەیان خوێندنەوەی رەخنەیی سەردەمیش بەهەمان ئەندازەی پێکهاتەگەریی گرنگن‌و نابێ لێیان بخافڵێین، خوێنەری چالاک ئەو خوێنەرەیە کە لەهەموو گۆشەنیگاکانو بەزۆربەی میتۆدە رەخنەییەکان (بەپێی وزەی ناوەکی دەق) دەق شرۆڤەبکاو لایەنە نادیارەکانی بەرجەستە بکاتەوە، دیارە لەو حاڵەتەدا هەم دەق دەوڵەمەندتر دەبێو هەم رەخنەو تیۆری رەخنەییو هەم رەخنەی تیۆریو هەم خوێنەریش چالاکو چالاکتر.

**دەستوور:** نووسینی شیعر چی بەئێوە دەبەخشێت؟ ئایا شیعر نووسین چێژ دەدات بەشاعیر یان بەپێچەوانەوە؟ بۆئەوەی لەنووسینی شیعر بەردەوام بن پێویستتان بەچیە؟ بەواتایەکی دی هەندێک بۆچوون هەیە نووسینی شیعر بەئیلهام دەزانێ، وەک پلاتۆن، بۆچوونیش هەیە ئەوە رەتدەکاتەوە، سەرنجی ئێوە لەسەر نووسینی شیعر چییە؟

**سالْح سووزەنی:** شیعر گەورەترین دەسەڵاتی وانوێن (وانمود) سازییە لەزمانداو شاعیریش بەپێی خوێندەوارییو زانیارییو ئەزمون لەژینگەی جیهاندا لەگەڵ هەڵفڕانی وشەو رستەو کێشی دەرەکیو دەروونیو ناوەڕۆکی زمانی شیعرەکەیدا هەست بەهەڵفڕین دەکا، بارت گوتەنی وەک خوێنەر، بەئەوپەڕچێژیش دەگا، لەو گەمەیەدا زۆرجار دەسەڵاتی شیعرو زمان، شاعیر خۆیشی راپێچ دەکەنو دەیخەنە ژێر رکێفی خۆیانو سەرسامی دەکەن، ئەگەر ئەو گەمەیە یان ئەو دەسەڵاتە بەئیلهام بزانین (بەبۆچوونی نوێ) ئەوە دیارە ئیلهام هەموو وەرگرتنەکەیە لە"لانگ"و "پارۆل"ی زمانی شاعیر، بەڵام ئەگەر مەبەست لەئیلهام ئەو دەسەڵاتە دەرەکیەبێ کە شاعیر لەژێر تیشکی مۆمو دووکەڵو تەنیاییدا لەلایەن هێزێکی ژوەر سروشتییەوە پێیدەگا (پێناسەی کۆن) دیارە من نەک باوەڕم پێی نییە، بەڵکو ببێتە بڵندگۆ بۆیشم گوێی لێدەخنم، خوێندنەوەی وتاری "هونەر (شیعر) وەک تەکنیک" نووسینی شکلۆفسکی لاموایە سەرچاوەیەکی باشبێ بۆ خوێندنەوەی زێدەتر سەبارەت بەم پرسیارە، کاتی خۆی شاملۆ (کەڵەشاعیری فارس) دەیگوت چۆن بەبێ فێربوونی مۆزیکا نەک ناتوانین ئامێرێکی مۆزیکا بژەنین، بەڵکو ناتوانین بەشێوەیەکی رەوان لەمۆزیکا تێبگەینو تەنانەت گوێی لێبگرین، شیعریش پێویستی بەخوێندنەوەو فێربوونو ئەزمونی تایبەت هەیە، ئەوەی لەخۆوە لایوایە شیعر دەڵێ، دڵنیام خۆوێژە نەک شاعیر!

**دەستوور:** دەتوانن لەرێی نووسینی شیعرەوە چی بڵێن؟ ئایا توانیوتانە لەرێگەی شیعرەوە ئەو پەیامە بگەیەنن کە خۆتان کارتان بۆ کردوە؟ هۆکاری لاوازی پەیوەندی ئەدەبی لەکوردستان (زیاتر مەبەستم کوردستانی ئێرانو باشووری کوردستانە) بۆچی دەگەڕێنەوە؟ پرۆژەی داهاتووتان چییە لەبڵاوکردنەوەی بەرهەمی شیعرو لێکۆڵینەوەی رەخنەی ئەدەبی؟

**سالْح سووزەنی:** دەتوانین لەرێگەی نووسینی شیعرەوە (یان بەپێچەوانەوە زمانی شیعریی دەتوانێ لەرێگەی قەڵەمی ئێمەوە) ئەو گەمەیەی کە تائێستا بەزمان نەکراوە بیکا، ئەو مۆزیکایەی کە تائێستا بەزمان نەدراوە تێی هاوێ، نەستی تاکو کۆی جەماوەر بنوێنێو ئێمەش وێنەی شیعری لەوەسفو وێکچواندنی ساکار بەرەو خوازەو ئەفیانەسازییو بزاڤی وێنەو چەنددەنگی بەرینو دەروونیاتی سەرکوتکراوی تێدا بێنینە زماناندنو هەڵیانفڕێنین، لای ئێمە پرۆژەی داهاتوو لای کەس ئاشکرا نییە بۆئەوەی من پرۆژەکانی بیست سی ساڵ لەمەوبەرم هێشتا بۆ چاپ نەبووە یان مەودای چاپیان نەبووە، دوایین دیوانە لەچاپنەدراوێک کە بەسەر دەستمەوە ماسیوە ناوی "من تۆترین درۆ، تۆ منترین دەمامک"ە کە هیوادارم تەمەن مەودام بداو رۆژێ بەچاپکراوی بیانبینم، بەو ئاواتەوە

سەرچاوە:

١- ئەو وتارە لەکتێبی "لەژێر تیشکی رەخنەدا" هاتووە، لەئینتەرنێتیش لەزۆر شوێن بڵاوبۆتەوە.


٢- ئەو وتارە لەمدیو لەگۆڤاری زرێبار ژمارە ١١دا بڵاوکرایەوە، لەو دیو (باشوور) لەگۆڤاری هەنار بڵاوبۆتەوەو لەسەرچاوەی سەرەوەشدا هاتووە

٣- هەموو ئەو دیوانانە لەئینتەرنێت بڵاوبوونەتەوەو خوێنەرانی بەرێز دەتوانن بەشێوەیPDF لەکتێبخانەی کوردی (پەرتووک) وەری بگرن.

> ئاشکرایە "دال"ی pome بۆ کەسێک کەزمانی ئینگلیزی نەزانێ ئاڵۆزو بێمانایە سەدان وشەی کوردیش بەهۆی تایبەتمەندی هاونشینی و جێنشینی لەشیعردا دەکرێ و دەتوانن ماناکان وەدوا بخەن یان ئاڵۆزی بنوێنن

> من لەنووسینی شیعردا بیر لەهیچ ناکەمەوە جگە دڵدارییکردن لەگەڵ هەمان شیعرو گەمەکردن لەگەڵی بەزمان و زمان.. ئەفلاتونی بێچارەش باش لەو گەمەیە گەیشتبوو

www.arsivakurd.org



# ئەو پیاوەی بەپەرداخێ ئاو شارێکی خنکاند

ن: مستەفا زاهیدی



**پێشەکی**

لەدەستپێکی چیرۆکێکەوە تا گێڕانەوەی ئەو رووداوەی کە رەنگە رۆژێ لەرۆژان لەکەلێنێکی ئەم جیهانە کە ئێمە خولقاندوومانە، زەمەنێکە کە چیرۆکنووس دەخولقێ، خولقان بەشێکە لەکاری ئێمە، ئێمە وا دەکەین کە چیرۆکو چیرۆکنووس ببن بەلفە دووانە، رەنگە بەزمی ئەم چیرۆکە هەمان بەزم بێ کە تۆ بە دڵت بێو رەنگیشە.

بەر لەنووسینی ئەم چیرۆکە ئێمە-منو گێڕەرەوە کە تۆ لەمەو بەدوا دەمانناسی بەشێک بووین لەم چیرۆکە لەململانێی نووسینەکاندا من بووم بەچیرۆکنووسو ئەوبوو بەو مرۆڤەی کە ئەم چیرۆکەی خولقاند.

تا هەنووکەش ئێمە لەم بەزمە هەر بەردەوامینو خەریکی نووسینێکین کە لەمەو بەدوا ناویدەنێین ئەوپیاوەی بەپەرداخێ ئاو شارێکی خنکاند ئەمە چیرۆکی بەسەرهاتێکە کە بەواقع روویداو هیچ هەواڵنێریەکیش هەواڵەکەی رانەگەیاند.

"رەنگە پێتان سەیر بێ یان من بەدرۆزن بزانن، بەڵام بڕوا بکەن ئێوارەیەکی چوارشەمەی نازانم ساڵی ٢٠٠٠و چەن بوو بەبەرچاوی خۆمەوە شارێ بەپەرداخێ ئاو خنکا، لەئانو ساتێکدا دەیانو بگرە سەدانو رەنگە میلیۆنەها دانیشتووی ئەو شارە بەپەرداخێ ئاو خنکانو تەنانەت بەلەمێکیش نەبوو لەو لافاوە رزگاریان کات."

گێڕەوەر ئەمەی گێڕاوەو ئێمە هەمووومان دامان لەقا...قا... قای پێکەنین، ئاخر شارێ چۆن بەپەرداخێ ئاو قڕی دێ؟

نوح کە زانی هەوا تۆفاتییە هەموو کەسو کاری خۆیو لەهەر گیان لەبەرێ جووتێکی خستە ناو کەشتییەکەیو لەمەرگ رزگاریانی کرد، جگە لەکەنعانی کوڕی کە سەرپێچی باوکی کردو سەرەنجام..

گوێگرە خۆشەویستەکان بەپێی هەواڵێک کە لەسەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە کە نەیویست ناوی بەرین بەرادیۆکەمان گەیشتووە بەهۆی بارینی بارانێکی قورس لەناوچەیەکی دوورکەوتووی وڵاتێکی دوور ٢ کەس گیانیان لەدەستداوە، ئێمە وەک کارگێڕانی رادیۆ باران بارینی ئەم بارانە مەحکوم دەکەینو دەڵێین بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی نەیاران ئێمە لەبارینی ئەم بارانە بێخەبەرین.

باوکم هەر کە بێقسەییم دەکرد دەیگوت "تۆ سەرەنجام وەک کوڕەکەی نوحت پێدێ، دەبێ لەئاوی گوێ رایەڵ نەبوونی خۆتدا نوقمبی"، ئەو دەیگوت "مەلای گەورە دوێنی لەمزگەوتا بەزمانی خوداوە هەڕەشەی لەو کەسانە دەکرد کە بێقسەیی باوکو دایکیان دەکەن."

گێڕەوەر کە من ئێستا خەریکم ئەم چیرۆکە لەزمانی ئەوەوە دەنووسم دەیگوتو باسی ئەو شارەی دەکرد کە بەپەرداخێ ئاو نوقمبوو.

"ئەو شارە نوقمی ئاوبوو، خنکا یان باشتر بڵێم خنکاندم کەچی کەسێ نەبوو بەهانای ئەو شارەوە بچێ، من دیکتاتۆرترین مرۆڤی ئەم سەردەمەم، من ئەو شارەم خنکاند تەنانەت رەحمیشم بەمنداڵی ناو لانکە نەکرد، هەردوێنی بوو.. نا پێرێ ...نا... نازانم کەی بوو من ئەو کارەم کرد، شارێکم بەپەرداخێ ئاو خنکاند، من ئەو کاتە قەهری خودابیم هەڵگرتبوو لەو شارە، چیرۆکنووس بینووسە چیرۆکی دیکتاتۆریەتی منو مەزلومی ئەو شارە."

ئەو بەگریانەوە باسی خنکانی ئەو شارەی دەکردو مەلای گەورەش لەمزگەوتی بەرامبەرەوە باسی کەشتییەکەی نوحو سەرکەشی کوڕەکەیو لافاوەکەو گیانلەبەری ناو کەشتییەکەی دەکرد.

"من بەبەرچاوی خۆمەوە مەرگی هەموو دانیشتوانی ئەو شارەم دی، تەنانەت منداڵێکی بچوکیش لەو شارە دەرنەچوو کە هەواڵی مەرگی ئەو شارە بگەیەنێتە هەواڵنێرییەکان.

**کەلێ گریاوە شارێ بۆ مەزارێ دەبێ شینی چلۆن بێ مەرگی شارێ**

باشە خۆ کەسێ بۆ ئەو شارە نەگریا، کەسیش بەمەرگی نەزانی، تەنانەت منیش کە ئەو کات شاهیدی مەرگی ئەو شارە بووم نەمتوانی بگریم یان نا گریانم نەهات"، دەی بینووسە ئەمەیە دیکتاتۆریەتی منو قەهری خودابیم لەو شارە، من تەنانەت رەحمیشم بەمنداڵی ناو لانکە نەکرد، باشە خۆ ئەو بەستەزمانانە منداڵ بوون هیچیان لەدەست نەدەهات، ئەوان نەیاندەزانی بەرخۆدانو یاخی گەری چییە، بەڵام من ئەو کات بیرم لەوان نەدەکردەوە، کاری گەورەکان وای کردبوو کە من بەس بیر لەمەرگ بکەمەوە، تەنانەت رەنگبێ من ئەوکات هەر نەشمزانیبێ ئەو شارە منداڵی تیایە، من دەمتوانی بەس گەورەکانیان بدەم لەسێدارە یان وەهایان بێسەرو شوێن کەم کە لەکتێبی هیچ مێژوونووسێکدا ناویان لێنەبرێ، من دەمتوانی منداڵانی بێتاوانی ئەو شارە نەکوژم، باشە خۆ ئەوان نەیاندەزانی یاخیگەرێو تروتەڕەماشی لەم چەشنە یانی چی، رەنگە زۆریشیان هێندە منداڵ بووبێتن کە دایکو بابی خۆیان نەناسیبێتەوە، من لەمەرگی گەورەکاندا خۆم بەتاوانبار نازانم، بەڵام ئەوان ... چیرۆکنووس ئەوان دەڵێم، ئەوان تەنانەت ئەو کاتەش کە پەرداخەکەم گرتە دەسمەوە مامە مامە دەهاتن بۆ لامو داوای ئاویان لێدەکردم، ئەوان نەیاندەزانی کە من مامە نیمو تینوو بەخوێنی بابو دایکی ئەوانم، تاوانی ئەوان بوو کە من بەو شێوە قەهری خودایی هەڵبگرم، من دەمتوانی هەر ئەوان بکوژم، بەڵام ئەو کات من عەقڵو هۆشم لەدەستچوو بوو، یانی عەقڵو هۆشیان لێسەندبووم، چیرۆکنووس بینووسە قەهری خودایی منو بێتاوانی منداڵانی ئەو شارە.

نوح چووە بەردەم کوڕەکەیو چۆکی دادا "کوڕم من سەرم لەئاشدا سپی نەکردووە، دەزانم ئەم هەورە رەشە بارانێکی قورسی پێوەیە، دەزانم وەرە بەقسەی بابی خۆت بکە، پێش ئەوەی بارانەکە بکا بەلێزمە ئێمە لێرە دەپەڕینەوە."

گێڕەوەر هەر باسی خنکانی ئەو شارەی دەکردو منو کوڕەکەی مەلای گەورەش بەچیرۆکەکەی ئەوو گێڕانەوەکەی باوکیو ساویلکەیی باوکم پێدەکەنینو باسی ئەو هەواڵە بێ سەرچاوەمان دەکرد کە چوار دەورمان پڕبوو لەمێروولەی خنکاو.

# پیشەم: پێکەنین

هاینریش بۆڵ
وەرگێڕانی: رۆیا جەماڵی



کاتێک سەبارەت بەپیشەم پرسیارم لێدەکەن، دەستو پێی خۆم وندەکەم، سووردەبمەوەو دەکەومە لاڵەپەتە، منێک کە لەحاڵەتەکانی تردا متمانە بەخۆبوونەکەم بەناوبانگە، ئیرەییم بەو خەڵکانە دێت کە لەبەرانبەر ئەو شێوە پرسیارانەدا دەتوانن بڵێن "وەستام"، هەر لەو رووەوە ئیرەییم بەئارایشتگەرەکانو ژمێریارەکانو نووسەرەکانیش دێت کە چییەتی پیشەکەیان دیارەو پێویستی بەروونکردنەوە نییە، بەڵام من ناچارم لەبەرانبەر ئەو پرسیارەدا بڵێم "پیشەی من پێکەنینە"و لەو رووەوە کە لەوەڵامی پرسیاری دووهەمدا کە دەپرسن "لەو رێگەیەوە خۆت دەژیێنی؟" ناچارم وەڵامی ئەرێ بدەمەوە، بەدڵنیایی روونکردنەوەی دیکەش پێویست دەبێت، من بەراستی لەرێگەی پێکەنینەوە خۆم دەژیێنمو کاروبارەکەشم زۆر خراپ نییە، چونکە ئەگەر بەزمانی بازاڕی بیڵێم-پێکەنینەکانم کڕیاریان هەیە، لەو کارەدا زۆر شارەزاو پڕ ئەزمونمو هیچکەس لەوردەکارییەکانی هونەری پێکەنیندا بەمن ناگاتەوە، تا ماوەیەکی زۆر بۆئەوەی خۆم لەروونکردنەوەی بێتامو ماندووکەر بدزمەوە خۆم وەک ئەکتەر دەناساند، بەڵام توانای ئەکتەریو تەکنیکی دەربڕینم هێندە لاوازە کە هەستم دەکرد راستییەکە نالێم: من ئاشقی راستیمو راستیش ئەوەیە کە پیشەی من پێکەنینە، نە گاڵتەجاڕم نە کۆمیدی، خەڵک دڵخۆش ناکەم، بەڵکو رۆڵی دڵخۆشی دەگێڕم: وەک ئیمپراتۆرێکی رۆمی یان مێرمنداڵێکی رۆمانتیک پێدەکەنم، لەپێکەنینی سەدەی شازدەهەمیش هێندەی پێکەنینی سەدەی نۆزدە دەزانمو تەنانەت ئەگەر پێویست بکات بەشێوەی هەموو سەدەکان پێدەکەنم، وەک هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکان یان تەمەنە جیاوازەکان، فێڵی ئەو پیشەیە فێربووم هەروەک چۆن پینەچییەک فێردەبێت پەنجە پینە لەپێڵاو بدات، پێکەنینی ئەمریکایی، ئەفریکایی، سپی پێست، سوور پێست یان زەرد پێست بەباشی لەمندا هەیەو بەپێی هەقدەستەکەم بەهەر شێوەیەک کە دەرهێنەر بیەوێت پێدەکەنم، زۆر بەکاردێم، پێکەنینەکەم لەسەر قاوەنو شریتی کاسێت تۆمار دەکەن، دەرهێنەری بەرنامە تلڤیزیۆنییەکان بەرێزەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکەن، وەک مرۆڤە مالیخۆلیاییەکان، هیستریکەکان یان هێمنو رێکو پێکەکان پێدەکەنم، وەک کارمەندێکی ترامۆ یان فێرخوازێکی مادە خۆراکییەکان.



پێکەنین لەبەیانیو ئێوارەو دوای نیوەشەو، پێکەنین لەبەرەبەیاندا، بەکورتی هی هەر شوێنێکو هەر شێوەیەک کە بیری لێبکەیتەوە من دەرەقەتی دێم، بێگومان هەمووان دان بەوەدا دەنێن کە پیشەیەکی لەو شێوەیە ئاسان نییە، بەتایبەتی کە بەسەر پێکەنینی ئیپیدیمیکیشدا زاڵمو ئەوە لەراستیدا پسپۆڕیی منە، بەم پێیە بوومەتە مۆرەیەکی لەسڕین نەهاتوو، تەنانەت بۆ کۆمیدیە پلە سێو چوارەکان کە بەڕاستی نیگەرانی ئەو قەشمەرییانەیانن کە لەبەرنامەکانیاندا دەریدێننو من نزیکەی هەموو شەوێک وەک هاندەرێکی شارەزاو وردبین لەنمایشەکانیاندا ئامادە دەبمو لەشوێنە لاوازەکانی بەرنامەکەدا قاقای ئیپیدمی دەکێشم، دەبێ تەواو لەجێی خۆی دابێتو قاقا سەرخۆشانەو بزوێنەرەکانم نابێ درەنگتر یان زووتر لەکاتی خۆیان بکێشرێن، بەپێی بەرنامە تەقە لەقاقام دێنمو هەموو بیسەران لەگەڵ خۆم دەخەمە پێکەنینو بەم شێوەیە بەرنامەکە رزگاری دەبێت، بەڵام دواتر کفتو ماندوو بەدزییەوە دەخزێمە شوێنی جل گۆڕینەکەو پاڵتۆکەم لەبەر دەکەمو لەوەیکە سەرەنجام کارەکەم لەو رۆژەدا کۆتاییهات هەست بەبەختەوەری دەکەم، لەماڵەوە زۆربەی کات کۆمەڵێک تێلیگرام چاوەڕێم دەکەن "پێویستییەکی خێرا بەپێکەنینی بەرێزت، بۆ رۆژی سێشەمە"و چەند کاتژمێرێک دواتر لەحاڵێکدا کە لەدڵەوە لەشارەزاییەکەم ناڕازیم، لەشەمەندەفەرێکی گەرمدا ئەژنۆ لەباوەش گرتووە، روونە کە بۆچی دوای تەواو بوونی کار یان لەرۆژانی پشوودا حەزێکی ئەوتۆم بەپێکەنین نییە: شیردۆش لەوەیکە دەتوانێت مانگا لەبیر بکات دڵخۆشەو بەناش بەختەوەرە بەوەی چیمەنتۆ لەمێشکی دەرکات، دەرگاکانی ماڵی دارتاش خراپن، شیرینی ساز ئاشقی خەیاری سوێرکراوەو گۆشتفرۆش ئاشقی شیرینی بادەمی، نانەواش سووسیس لەنان بەباشتر دەزانێت، کابۆیەکان حەزیان لەیاریکردن لەگەڵ کۆترەو بۆکسێرەکانیش کاتێک خوێن بەلووتی منداڵەکەیانەوە دەبینن رەنگ بەروویانەوە نامێنێت، من لەهەموو ئەمانە تێدەگەم، چونکە خۆشم کاتێک کارەکەم تەواو دەبێت هیچکات بزەیەک نایەتە سەر لێوم، من کەسێکی لەڕادەبەدەر جدیمو خەڵکیش رنگە هەقیانە کە من بەکەسێکی رەشبین دەزانن.

لەیەکەم ساڵەکانی هاوسەرگیرییەکەماندا هاوسەرەکەم زۆرجار دەیگوت "تەنانەت بۆ یەک جاریش بێت پێبکەنە!"، بەڵام لەم ماوەیەدا لەوە دڵنیا بووە کە من توانای بەدیهێنانی ئاواتەکەیم نییە، کاتێک ماسوولکە درێژکۆلەکانی رووخسارمو رۆحە ماندووەکەم بەجدیەتێکی قوڵ قەرەبوودەکەمەوە، بەختەوەرم، بەڵێ تەنانەت بەپێکەنینی ئەوانی دیکەش تێکدەچم، چونکە ئەو پێکەنینانە پیشەکەم وەبیر دەهێنێتەوە، هاوسەرەکەشم پێکەنینی لەبیر چۆتەوەو بەو شێوەیە ژیانەکەمان ئارامو بێدەنگو هەرایە، هەندێک جار بەسەر بزەکەیدا دەچمو خۆشم پێدەکەنم، ئێمە بەنزمی لەگەڵ یەکتر قسە دەکەین، چونکە لەدەنگو هەرای بەرنامە نمایشییەکان بێزارین، لەچاوی ئەو کەسانەدا کە بەباشی نامناسن من کەسێکی گەمژەم، رەنگە هەر واش بێت، چونکە ناچارم زۆرجار بەبێ هۆ پێبکەنم، لەژیانی کەسانەمدا رووخسارێکی ساردم هەیە، تەنیا هەندێک جار رێگە بەخۆم دەدەم بزەیەکی کەمڕەنگ بێنمە سەر لێو، زۆر کات بیر لەوە دەکەمەوە کە ئایا تا ئێستا بەڕاستی پێکەنیوم؟ نا، خوشکو براکانم کە دەڵێن لەمنداڵییەوە کەسێکی جدی بووم.

بەکورتی، بەزۆر شێوەی جیاواز پێدەکەنم، بەڵام پێکەنینی خۆم ناناسم!

سەرچاوە: www.iricap.com

www.arsivakurd.org

# پرسی دیموکراسیو ناسنامە

## خوێندنەوەیەکی مێژوویيو سایکۆلۆژیو سۆسیۆلۆژییە بۆ هەردوو چەمکەکە

د. پیرۆز موجتەهد زادە
و: حسەین سەید ئەدهەم

چەمکی دیموکراسی لەکۆمەڵگەی جیهانی سێدا وەکو پێویست نەناسراوە، نەک لەبەرئەوەی کە ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە نەگەیشتوونەتە ئاستی لێپرسراوێتیو پیشەسازیو خوێندەواریو بەفەرمی ناسینی بوونەوەرو مافی کەسانی تر بۆ فەراهەم هێنانی یەکسانی لەکۆمەڵگادا، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەیە کەخەڵکەکەی هێشتا لەواتاو ناوەڕۆکی دیموکراسیو بنەماکانی نەگەیشتونو ئاشنا نین بەم چەمکە، بۆنمونە لەئێراندا هێشتا دیموکراسی لەسەرئاستێکی باڵادا بەواتای ئازادی (نەوەک ئازادی جۆراوجۆر)، بەڵکو تەنها ئازادی سیاسی فۆرمو شێوازێکی هەڵەی وەرگرتووەو بەرچاو دەکەوێت، لەکاتێکدا دیموکراسی لەکەشی ئازاددا چەمکی لێپرسراوێتی بەرزدەکاتەوە، ئەویش لەنێو کاری گروپو کۆمەڵەکاندا، هۆکاری سەرەکی لەم تێگەیشتنە نادروستە لەچەمکی دیموکراسی لەکۆمەڵگای سەردەمی ئێستادا، نەبوونی ئاشنایەتییەکی پێویستو دروستە بەواتاو ناوەڕۆکی دیموکراسی کەبەدیاردەیەکی فیکریو فەرهەنگیش لەقەڵەمدەدرێت، ئەو بەشەی لەکۆمەڵگا کەدیموکراسی لەئاستی ئازادی سیاسی نابینن، بەڵکو لەچوارچێوەی یاسایەکی تایبەتی دەوڵەتدا یان لەسیستمێکی ئیداری تایبەتدا دایدەنێن، ئەوا بەگەڕخستنو کارپێکردنی دیموکراسی دەبێتە مەرجێکو بەشێوەیەکی تایبەتی لەنێو فۆرمی دەسەڵاتی (کۆماری سیکۆلاری) دادەنرێت، لەهەمان کاتدا یاسایەکی پادشاهی یان کۆماری ئایینی بەبەربەستو ئاستەنگی دەزانن لەواقیعو بوونی دیموکراسیدا.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کەیاسای حکومەتەکەی هەموو رۆژێک ئایینیتر دەبێت یان چەند وڵاتێکی تر هەن لەگەڵ ئاشناییيان بەم حەقیقەتە کە نمونەیەکی بەرچاوو بەرجەستەن لەپەیڕەویکردنی دیموکراسیدا لەوانە: وڵاتانی پادشایی کە فەرمانڕەوایەتی یان سیستمی پادشاییە وەکو: دانیمارکو سویدو بەریتانیاو نەرویجو هۆڵەندا هێشتا یاسای پادشایی بەقەرزاری دیموکراسی دەزانن، هەروەها چاوپۆشیش لەو راستییە دەکەن بەشاهیدی مێژوو دیموکراسی یاسایەکی تایبەتی دەوڵەت نییە، بەڵکو کلتورێکە ئەویش کلتوری سیاسییە، بەگەڕخستنی لەواقیعداو لەچوارچێوەی دەسەڵاتێکی رەهای یاساییدا بەدەر لەهەر جۆرە تایبەتمەندییەکی دەوڵەت دیموکراسی رێگایەکی تایبەتییە لەژیانی سیاسیدا، لەبەرئەوەی دەتوانێت لەگەڵ هەموو یاسایەکی دەوڵەتدا خۆی بگونجێنێت، بەدیموکراتی ژیان، زانستی ژیانکردنە.

بوونی بەرنامەی داڕێژراوی مادی لەژیاندا بەم شێوازە نەک تەنها دیموکراسی سنوردار نییە بەناوەڕۆکی ئازادی، بەڵکو ئازادییەکان لەچوارچێوەی دەسەڵاتێکی رەهادا پێناسدەکات، دیموکراسی خاوەن پێناسێکی زانستی تایبەتە، هەرکاتێک لەکۆمەڵگایەکدا پەیڕەوکراو ئاشنایەتییەکی تەواوی پەیداکرد بەچەمکی زانستو پێداویستییەکانییەوە، بەواتایەکی تر کاتێک کە بوویە پێویستییەکی هەنووکەیی ئەوسا خواستی سروشتیو ئاساییو خوازیاری میللەت بۆ دیموکراسی دێتەئاراوە، لەهەمانکاتدا زەرورەتی کۆمەڵگا بۆ دیموکراسی دەردەکەوێت، بەم میکانیزمەوە چەمکی دیموکراسی واقیعییەتی خۆی دەسەپێنێ.

(نیگارندە) لەکتێبی جیۆپۆلۆتیکدا لەبارەی دیموکراسی پراکتیکیو مێژوویيدا دەڵێت: مرۆڤسالاری جۆرە تایبەتمەندییەکە لەڕێگاکانی دەسەڵاتدارێتییەوە بەدیدێت کە باسە فەلسەفییەکەیو لەمپەڕەکانی تری بەردەم حکومەت لەزانستی سیاسیدا باس کراوە، باسە بنەڕەتییەکانیشی پەیوەستن بەجوگرافیای سیاسییەوە لەم نێوەندەدا کارکردن بەپێی سەرنجدان لەدوو چەمکی (حکومەت) و (میللەت) دەبێتە جێی سەرنجو توێژینەوەی ئەو باسەی کە لەبارەی چەمکی مرۆڤسالارییەوە لەجوگرافیای سیاسیدا شەرعییەت وەردەگری، خوێندنەوەی کاریگەر خولقێنەری چوارچێوەی ئەم رەفتارە سیاسییەش خەڵکییە لەڕێگەی جوگرافیای هەڵبژاردنەوە، ئەویش بەکاریگەری بوونی بەرامبەر بەئادەمیزادو دەوروبەرەوە.

دیموکراسیو هەڵبژاردن لەگەڵ چەمکی جوگرافیای سیاسیدا دەگونجێت کە لەبنەڕەتدا پەیوەستە بەسێ دیاردە یان سێ توخمی سەرەکی پێکهێنەری وڵاتدا، ئەوانیش بریتین لە: (میللەت nation)و (حکومەت state) و (خاک territory)، بەدوور لەئەگەری جیابوونەوە بنەماو جیابوونەوەی سێکوچکەی (میللەت، حکومەت، خاک) بەسراوە بەو پەیوەندییەوە کە ئیرادەی گەل دەگوازێتەوە بۆ دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی سەرزەوی، لەهەمان کاتدا ئەم پەیوەندییەش کەشیاوی پەسەندکردن نییە جیابوونەوەیان لەیەکتری زەرورەتی خۆیان دەنوێنن، لەم سۆنگەیەوە یاخود بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوەیە کە گەل ئیرادەی خۆی لەڕێگای میکانیزمی هەڵبژاردنەوە دەگوازێتەوە بۆ دەسەڵات، بەواتایەکی تر دیموکراسیو پرۆسەی هەڵبژاردن باشترین هۆکارو دەرخەرو ئامادەسازی کارن بۆ بەپراکتیزەکردنی ویستی گەل لەچۆنییەتی کاری دەوڵەت لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا، بەهەمان شێوەش پراکتیزەبوونی ئەم میکانیزمەش کڵێشەی چەمکی جوگرافیای سیاسی دەخاتە گەڕو واقعیەتی پێدەبەخشێ، بەکەمتەرخەمی یان فەرامۆشکردنی میکانیزمی هەڵبژاردن چەمکی مرۆڤسالاری لەکاردەخات یان بەواتایەکی تر دەیخاتە مەترسییەوە، لەهەمانکاتدا لەگەڵ سودە نەتەوەییەکانیشدا دژەو پێچەوانەی سودی میللەتە.

لەڕووی مێژووییەوە هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کەدەبێت رەگو ریشەی دیموکراتی لەڕێگای دەوڵەتو شارە تاکەکانی یۆنانی کۆنەوە بەتایبەتی لە (ئەسینا)دا هەڵسەنگێنرێنو لێکبدرێتەوە، هەندێک واگومان دەبەن کە زەمینەی سەرەکی دیموکراسی یۆنان دەبێت لەڕێگەی ئەم راستییەوە بەدواچوونی بۆ بکرێت، گومانو حاشا لەو راستییە ناکرێت کەیەکەمین هەنگاو لەڕێگای بەدەستهێنانی چەمکی دیموکراسی یۆنانییە کۆنەکان بوون، بەپێچەوانەی گومانی نادروستی زۆرێک لەنووسەرە رۆژئاواییو رۆژهەڵاتییەکانو ئێرانییە کۆنەکان کە بەشێکی گەورەو رۆڵێکی فراوانیان هەبوو لەبڵاوبوونەوەو پەروەرشیاری بۆ دیموکراسیو سەرهەڵدانیدا، لەزۆرێک لەشوێنەوارە مێژووییەکاندا بەجوانیو وریاییەوە نیشاندراوە کە دامەزراندنی حکومەتێکی دروست لەئێرانی کۆندا چۆن سەریهەڵداوە، لەگەڵ سەرهەڵدانو دیاریکردنو جێگیرکردنی چەمکەکان دیموکراسیو دەوڵەتداری، گەل، سنور لەسەر زەویدا جێبەجێکراونو کاریگەرییان جێهێشتووە.

نزیکەی سی ساڵە لەسەرەتای کتێبی جوگرافیای مێژوویی خەلیجی فارسدا بەمشێوەیە دەستم پێکردووە:

> کەسێتیو ناسنامەی نەتەوەیی هەموو گەلێکیش کاتێك بوونی خۆی دەسەلمێنێت کەچەمكو لایەنی کلتوریو فەرهەنگیو رۆحی تایبەتمەندی ئەو گەلە بن

لەبارەی جوگرافیاو سیاسەتدا کەبەبنەمایەکی گرنگو شیاوی لێکۆڵینەوە زانراوە، وڵات وەکو مرۆڤێک وایە بەهەموو تایبەتمەندییەکانییەوە لەدایکدەبێتو گەشەدەکاتو کامڵ دەبێت، لەهەمانکاتدا کۆن دەبێت، لەکاتی پەیدابوونی سستیو تەمەڵی لەسوننەتی ژیاندا، ئەویش تووشی هەمان حاڵەت دەبێتو دەپوکێتەوە، ئەگەر خەڵکی نیشتیمان وەکو پێویستی خانەکانی لەشی بیزانێتو لەبەرچاوی بگرێت، بێگومان دەبێتە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیو ئیداری ئۆرگانەکانی جەستەی ئەو وڵاتە، ئەوەشی بەناوی (ناسنامە) و نەتەوەییبوونەوە دەناسین دەچێتە پلەی رۆحەوە، لەبەرامبەر ئەودا ژیانی نەتەوەییو هۆزی پارێزراوەو لەوێوە دەبێتە هۆگری پێشینەی هەموو میللەتێک، واتە: شوناسی نەتەوەیی ئەگەر پارێزرا ئەوا دەبێتە دەستپێکی ناسنامە بۆ ئەو میللەتو هۆزە، ئەم راستییەش لەوێوە بەدەردەکەوێت ئەگەر هاتوو ژیانی نەتەوەیی پارێزراوو پاسەوانی کرا ئەوا رۆحی ئازادو سالمو پارێزراو دەبێت، لەهەمانکاتدا ئەدەبیاتو کلتورو ئادابو سوننەتی ئەو میللەتە کاتێک رەچاو دەکرێتو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە لەناو ئەو میللەتەدا رەگو ریشەی بەناو بنەماکانی هزری ناسیۆنالیزمیدا داکوترا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەهێزبوونی هەریەکێک لەم دیاردەو چەمکانە بەهێزبوونی رۆحی نەتەوەییە.

جێی خۆیەتی کە بڵێین هەرچەندە چەمکی (ناسنامە) و (گەل)و (نیشتیمانپەروەری) پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتریدا هەیەو لەزمانی خەڵکیشەوە وا وێنەکراون، بەڵام لەڕاستیدا لەبواری لێکۆڵینەوەو فەرهەنگیو زانستیدا لەیەکتری جیاوازنو هەریەکەو خاوەن تایبەتمەندیو پێناسی خۆیەتی، ناسنامەو وشەو چەمکێکن جیا لەهاووڵاتیبوونو میللەتپەرستی، بەهەمان شێوەش ئەم دووچەمکە سەربەخۆو جیاوازن لەچەمکی خاکو نیشتیمانپەروەری یاخود (پاتریاتیزم).

مەبەستیش لەجیاکردنەوەی ئەم چەمکانە لێرەدا بەباش یان خراپ خوێندنەوەو سەیرکردنی یەکێکیان نییە لەبەرامبەر ئەوی تریاندا، بەڵکو تەنها ناسینو روونکردنەوەی هەریەک لەم دەستەواژانەیە لەکاتێکدا چەمکی (ناسنامەی میللی)و (نەتەوەخوازی) باسێکی جوگرافییە، مەسەلەی (نەتەوەپەرستیش) یاخود ناسیۆنالیزم باسێکی سیاسییەو بەسراوە بەبابەتو چەمکی حیزبەوە.

### گەڕانەوە بۆ سەرەتا

(من کێم)؟ یەکەمینو لەهەمانکاتدا سەرەکیترین نیازی دەروونی مرۆڤ جێبەجێ دەکات، ئاشکرایە کەنیازی رۆحی مرۆڤ گرنگترە لەنیازە جەستەییەکانی، واقیعەیەتی نیازە دەروونیو رۆحییەکان سەرچاوەی نەبڕاوەو بێپایانی هێزی بیرباوەڕو ئیلهامبەخشنو فاکتەرێکە بۆ سەربەخۆیی کەسێتیو هزریی لەبەردەستی مرۆڤدا، لەسەر بنەمای ئەم هێزە شاراوەیە مرۆڤ رێنمونی دەکات بەرەو کاریگەرێتی بارێکی جێگیری کۆمەڵایەتی.

ئەگەر نیازو خواستەکانی مرۆڤ پەیوەست نەبن بەشتێک یان شوێنێکەوە یان بەواتایەکی تر بێمەبەستو ناوەڕۆک بوونو مرۆڤ لەناسنامەی خۆی بێئاگابوو، ئەوسا دەبێت بەکەسێکی سەرگەردانو بێئامانج لەژیاندا.

کەواتە من بەم شێوەیەی کەهەم دەبێت مەبەستێکو ئامانجێکم هەبێتو خاوەن پەیامێک بم، تەنانەت هەندێک لەزانایانی ئاینی رێگای (خواناسی) بەهۆی خودناسییەوە دەزانن، مرۆڤ تاخۆی نەناسێت ناتوانێت بەرامبەرەکەی بناسێت، ناسنامەیە پێمان دەڵێت کە کێینو چین؟ بەهۆی ناسینو پەیوەندی بەشێک یان شوێنێکەوە مرۆڤ بەنیازە سروشتییەکانی خۆی دەگاتو ئاشنادەبێت، ئەم خواستەش پەیوەندی بەڕیشەیەکی خودی یاخود غەریزەیەکی تایبەتی هەیە لەمرۆڤدا، تێڕامان لەسەر ئەم نیازەش دەبێتە هۆی هۆشیاری تاکەکەسی لەکەسێتی مرۆڤدا، ئەم ئاگا لەخۆبوونەش یان خودناسییەش کاتێک لایەنی نەتەوەیی لەخۆدەگرێت کەبگوازرێتەوەو ئاشنا بێت بەناسنامەی میللەتانی ترەوە.


زۆرێک لەزانایانی کلاسیکی زانستی سیاسیو زانستی کۆمەڵایەتیو جوگرافی چەمکی ناسنامەی نەتەوەییيان بەزەرورەت زانیوە، دەبینین لەجوگرافیادا (خاکی هاوبەش) و لەمێژووشدا (مێژووی هاوبەش) لەم نێوەندەدا بەبنەمایەک ناسراون، لەزانستی سیاسیشدا (سیاسەتی هاوبەش)ی نەتەوەیی لەکۆمەڵگای مەدەنیدا کاریگەری جێدەهێڵن، لەسۆسیۆلۆژیاشدا (زمانی هاوبەش)و (ئادابو ئاین)ی هاوبەش بەتوخمێکی سەرەکی دەژمێردرێن، بێگومان ناسنامە ئاوێتەیەکە لەهەموو ئەم توخمانەی کەباسمان کردن لەکەناری توخمەکانی تری بەنمونە رۆشنبیری وەک: هونەرو ئاینە هاوبەشەکان، هەروەها چەمکی مۆدێرنیزمیش بەمانا گشتییەکەی توخمو بەشێکی ترەو شایەنی سەرنجدانو خوێندنەوەیەکی زۆرە لەسەری.

لەگەڵ یەک پارچەبوونی دیوی دەرەوەی یاخود رواڵەتی ناسنامە چەند پایەیەکی دروستو رێکی هەیە وەک: یەکبوون لەزۆریداو زۆریش لەیەکبووندا، مۆدێرنیزمیش زامنی کۆششێکی پێویستە بۆ بەکۆتاهێنانی ناسنامە، بەکارهێنانی چەمکی نوێ بۆ ناسنامە تایبەتمەندییەکی تری پڕبایەخەو (گۆڕانکاریو بەردەوامی) دەهێنێتەکایەوە، مرۆڤی ناکامڵو پێنەگەیشتو لەڕێگای کامڵدۆستیو کامڵخوازییەوە بەهێزدەبێت، ئەوەشی پەیوەندی هەبێت بەمرۆڤەوە ئەوا ناکامڵەو نیازمەندی پێگەیشتنە، هەر ئەم خواستەشە چەمکو ناوەڕۆکو واتای ناسنامە نوێتر دەکاتەوە وەکو هەموو دیاردەیەکی تری مرۆیی.

بێگومان ناسنامەی گەلێک بەپلەی یەکەم بابەتێکە لەبواری (جیۆپۆلۆتیک)داو لەپێناو پەیوەندی بەستنی لەگەڵ چۆنیەتی دروستبوونو کۆتاییهێنانی میللەتدا، لەبەرئەوەی کاتێک وڵاتێک زیندووەو سەربەخۆیە ئەوا بەپلەی یەکەم کەسایەتی نەتەوەیی سەربەخۆو بەهێزە، واتە سەربەخۆبوونی وڵات بەستراوە بەسەربەخۆبوونی گەلەوە، کەسێتیو ناسنامەی نەتەوەیی هەموو گەلێکیش کاتێک بوونی خۆی دەسەلمێنێت کەچەمکو لایەنی کلتوریو فەرهەنگیو رۆحی تایبەتمەندی ئەو گەلە بن، لێرەشەوە ناسنامەی ئەو گەلەو خاکە روونو ناسراوە، کلتوریش بریتییە لە: ئاین، زمان، مێژوو، هونەر، ئەدەب، ئادابو رێوڕەسمو ئاینی گەلیش لەدامێنی ئەم چەمکو لایەنانە دایەو ناسنامەی نەتەوەیی لەدایکدەبێت کەبەدرێژایی سەدەو سەردەمەکان دروستدەبێتو بووەو پاشان جێگیرو راوەستاو بووە، دواتر نەمر دەبێتو دەمێنێتەوە، پرۆفیسۆر (ژان گاتمن) زانای بەرجەستەی بواری جیۆپۆلۆتیکو خاوەنی تیۆری نوێ لەم بوارەدا دەڵێ: خۆجیاکردنەوە لەبەرامبەر خۆبەرەو پێشبردن لەژیانی تاکەکەسی هەموو کەسێکدا تایبەتمەندی هەموو مرۆڤێکە، ناوبراو پێیوایە مرۆڤ پێش دڵنیابوونەوەی لەنیازە شاراوەکانی ناخی پێویستی بەبوونی ناسنامەیەکی سەربەخۆ هەیە تا لەگەڵ بەرامبەرەکەی جیاببێتەوەو کیانێکی تایبەت بەخۆی هەبێت.

زانایانی بواری فەلسەفەی سیاسەتو جوگرافیای سیاسی رێککەوتوون لەسەر ئەوەی خەڵکی ناوچەیەک بۆ دروستکردنو بونیادنانو بەدەستهێنانی ناسنامەی تایبەتی خۆی پێویستی بەهۆکارو زەمینەیەکی هاوبەشی فەرهەنگیو سیاسیو زمان هەیە، لەم نێوەندەدا دەتوانین بیرمەندی ناسراو (ئەدوارد سەعید) بەنمونە بهێنینەوە، بۆ دروستکردنی ناسنامەی کەسێتی پێویستە مرۆڤ خۆی بخاتە ئاستی بەرامبەرەکەیەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری (اطلاعات سیاسی-اقتصادی) ژمارە (٢٢٢-٢٢٣)




> ئەگەر نیازو خواستەکانی مرۆڤ پەیوەست نەبن بەشتێك یان شوێنێکەوە یان بەواتایەکی تر بێمەبەستو ناوەڕۆك بوونو مرۆڤ لەناسنامەی خۆی بێئاگابوو، ئەوسا دەبێت بەکەسێکی سەرگەردانو بێئامانج لەژیاندا

> مرۆڤ پێش دڵنیابوونەوەی لەنیازە شاراوەکانی ناخی پێویستی بەبوونی ناسنامەیەکی سەربەخۆ هەیە تا لەگەڵ بەرامبەرەکەی جیابێتەوەو کیانێکی تایبەت بەخۆی هەبێت

# هەموو هەناسەیەك بۆ سەپاندنی ئایین لەبەهای ئایین كەمدەكاتەوە

## ئـەبـوبـەكـر عـەلـی بـۆ دەسـتـوور

سازکردنی: نەجمەدین حەمە عەلی
بەشی یەکەم

**بەرمەبنای ئەو ئیشکالیەتەی کە لەنێوان هەریەک لەچەمکی ئایینو دەوڵەتو سیاسەتو سیکۆلاریزمدا هەیەو ئەو گفتوگۆو دیالۆگانەی کە بەردەوام لەسەر ئەم بابەتانە دەخرێنەڕوو، لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم چەمکانە لەچ پانتاییەکدا دەتوانرێ ڕاڤەیەکی تەندروستیان بۆبکرێتو لەکوێدا دەتوانن خۆیان مانیفێست بکەن، لەچوارچێوەی ئەو دۆسیەیەی کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانمان کردوە ڕۆژنامەی دەستوور گفتوگۆیەکی لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی نووسەرو ڕووناکبیرو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سازدا.**

..............................


ئەبوبەکر عەلی

**دەستوور:** ئایین وەک چەمکێکی موقەدەسو باڵاتر لەوەی کەبیرکردنەوەی ئێمە بتوانێت فۆرمێکی گشتگیری پێ بداتو بتوانێت ڕەهایانە تەفسیرەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت، ئایا دەکرێ ئایین کەلێرەدا مەبەست لەئایینی ئیسلامە لەچوارچێوەی حیزبێکی سیاسیدا خۆی مانیفێست بکات؟ حیزبی ئیسلامی بۆ؟

**ئەبوبەکر عەلی:** نەخێر ئایین لەوە گەورەترە لەچوارچێوەی حیزب یاخود هەر دامەزراوەو ئۆرگانێکی تردا خۆی قەتیسو مانیفێست بکات، مامەڵەکردنێکی لەو جۆرەش لەگەڵ (ئاین) ناتەندروستو نامەنهەجیشە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ڕۆحو پەیامی ئاینو ئەرکەکانیشی لەبوونو کۆمەڵگەدا ناکۆکە، ئەم وێناکردنەش دەکرێت بەناوی ئاین پارێزییەوە لای هەندی گروپو دەستەی توندڕەوو پەرگیری ئاینی ئەنجامبدرێت، وەک چۆن پیاوانی ئاینی مەسیحی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئاینی مەسیحیان بەو دەردەبردو لەکەنیسەدا کە دامەزراوەیەک بوو، چڕیان کردەوەو مانیفێستیان کرد کە هەموو دەزانین ئەو دۆخە چەند بەقورسی بەسەر خۆرئاواو ئاینی مەسیحیو هەستی ئایندارێدا شکایەوەو چ ئازارو ژوارێکی ڕۆحیو مادی لی کەوتەوە.

لەدنیای ئیسلامیشدا ئەم بیرکردنەوەیە لای هەندی گروپی تەکفیری بەدی کراوەو بەدی دەکرێت کە تەماهیو تیکەڵاوبوون لەنێوان خۆیانو ئایندا دروستدەکەن، یاخود خۆیان بەو جۆرەو بەتاکە نوێنەری پاکیزەی ئاین نمایشدەکەن کە دیارە لێرەش ئەم تێکەڵکردنو مامەڵەکردنە ناتەندروستو دژی ئیسلامەو ئازاری جەستەی چەندین کۆمەڵگای ئیسلامیداوە، بەڵام هەرچی پەیوەستە بەباسی حیزبی ئیسلامییەوە ئەوا دەبێت لەسەر ئاستێکی تردا قسەبکەین، وشەی (حیزب)یش کە لێرەدا خستمە نێوان دووکەوانەوە مەبەستمە، چونکە (حیزب) وەک چەمکو ڕێکخراوێکی سیاسی مۆدێرن ئاماژە بەدۆخێکی پێشکەوتووی خۆڕێکخستنی سیاسی دەکات، حاڵەتو تەوژمی ئیسلامی لەهەر شوێنی بەمانای وشە گەیشتبێتە ئاستی پێکهێنانی حیزبی سیاسیو تێپەڕاندنی (جەماعەت) بەهەموو سروتو پێوەرو ئەخلاقیاتو پەروەردەو شێوازی ئاراستەکردنەوە، بەڵگەیە لەسەر بنیاتنانی تێڕوانینێکی نوی بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوای سیاسیو پەیوەندی نێوان ئاینو سیاسەتو ئامانجەکانی وەک چالاکیو کارێکی مەدەنی هاوچەرخ لەکۆمەڵگادا، بۆیە کە باسی حیزبی ئیسلامی دەکرێت نابی مەسەلەکە تێکەڵ بەهەندی پرسی تر بکرێت کە لەڕووی واقیعیو مەنهەجیەوە پەیوەندییان بەوەوە نییە، بەواتایەکی تر، بوونی حیزبی ئیسلامی لەژیانی سیاسی کۆمەڵگایەکدا ڕاستەوخۆو خۆبەخۆ ئاماژە نییە بەلافلێدانی مانیفێستکردنی ئایین لەحیزبو تێکەڵاوکردنی ئاینو حیزب گەرچی لەهەندی شوێنو حیزبیشدا هەستێکی لەو جۆرە بەدی بکرێتو هێشتا بکرێتو پاشماوەی مابێت.

حیزبی ئیسلامی بۆ؟ یاخود ئەوەی لێ بخوێندرێتەوە کە ئەم حیزبە بۆ ئەرکی ئاین ڕوون بەدی هاتووەو دەبێت داوای نوێنەرایەتی فەرمی ئاین بکاتو پاساویشی هەر لەمەدایە، لەکاتێکدا مەسەلەکە مەرج نییە بەم شێوەیە بێت، چونکە ڕاستە لەڕابردوو ئێستاشدا هەندی گروپو کۆمەڵی ئیسلامی لەو ڕووەوە دووچاری هەڵەو بەڵکو هەندی جار تاوانیش بوون، دەرهەق بەئیسلامو کۆمەڵگاش، خۆیان وەک نوێنەری ئەو کۆمەڵە ئیسلامیە خستۆتەڕوو کە لەناومێژوودا بە (ئوممەت) گوزارشتی لێدەکرێت، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا نمونەی تر هەیە بەتایبەتیش لەم سالانەی دواییدا کە بەجۆرێکی تر دەڕوانێتە مەسەلەکەو ماناو ناوەڕۆکێکی نوی بەئیسلامی بوونی خۆی دەدات، ئیسلام وەک سەرچاوەی بەها لێوەرگرتنو وزە لی وەرگرتن سەیردەکات، واتە لەکاتێکدا ئیسلام جەخت دەکاتەوە لەسەر بەهاکانی (دادپەروەری، ستەم دژی، برایەتی، کەرامەتپارێزی، هەژارپەروەری، لێبوردەیی)و چەندین بەهای تر، ئەویش لەبەرنامەو پرۆگرامی خۆیدا جەختیان لەسەر دەکاتەوەو لەڕوانگەی ئەوانەوە ستراتیژەکانی دادەڕێژێتو ئەندامانی پەروەردەو گۆشدەکات، لەولاوە لەسۆنگەی ئەم مامەڵە ئەرێنیە لەگەڵ ئیسلامدا وەک بەشێکی گرنگ لەشوناسی کۆمەڵگا، دەخوازێت سیاسەتەکانی بەجۆرێک ئاراستە بکات کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ بیرکردنەوەو ئاراستەی گشتی کۆمەڵگا، بەمانایەکی تر نەک لەگەڵ ئیسلام تەنانەت لەگەڵ (فیکری ئیسلامی) ڕووبەڕوو نابێتەوە، بەڵکو هەوڵدەدا ڕەهەندە موسڵمانێتییەکەی کەسێتی نیشتمانی بکات بەسەرچاوەیەکی تری سازدانی وزەو تواناکانو وەگەڕخستنیان لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی گەشەپێدانو نوێبوونەوەو دیموکراسیو دامەزراندنی پایەکانی حوکمڕانییەکی پێگەیشتوو دادپەروەر، لێرەشەوە حیزبی ئیسلامی بەمانا هاوچەرخو مەدەنیەکەی دەبێتە وەڵامدەرەوەیەکی سروشتی واقیعی کۆمەڵگاو ئاراستەکانی ڕای گشتیو هەندی جاریش پێداویستی تێپەڕاندنی هەندی دوالیزمو فۆرمی چەقبەستوو، گێڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ سەر ڕەوتی گەشەکردنی سروشتی خۆی، ئەم ئەرکەش ڕوونە لەم سەردەمەدا بەحیزبە لیبراڵ ئیسلامییەکان دێتەدی.

هەربۆیە پرسیارکردن دەربارەی ڕەوایەتی حیزبی ئیسلامی دەبێت لەئاستی باسی ڕەوایەتی بوونەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستی پاساوی بوونو ئەرکەکانی لەکۆمەڵگایەکی هاوچەرخدا، پێشموایە ئێستا چەندین کۆمەڵگای ئیسلامیو ڕێکخراوی ئیسلامیش بەدۆخێکی ڕاگوزەری تێکەڵ بەجۆری لەنیگەرانیو ئومێددا تێپەڕدەبنو لەقۆناغی داهاتوودا شایەتی هەڵوەشاندنەوەی هەندی قاڵبو چوارچێوەو گوتار دەبینو نەوەیەکی نوێی پارتە ئیسلامییەکان لەدایک دەبن، لێرەشدا نابێت ناوو ئاوەڵناو زیاد لەپێویست بکرێتە گرفت، چونکە بوونی ناو زۆرگرنگ نییە، هەر چەند من خۆم لەگەڵ لێکردنەوەی ناو، یاخود ئاوەڵناوو پاشگری (ئیسلامی)دام بەحیزبەکانەوە، بۆ ئەوەی سیمایەکی نیشتمانی فراوانتر لەخۆیان نیشاندەنو هەندی لەو هەستیاریو وێنە (نمگ)بییەش کاڵبێتەوە کە ئەو ناوە دروستیکردووە، دیارە دەبێت ناوەڕۆکیش لانیکەم لەهەندی ئاستدا ڕەنگدانەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە بێت، هەر چۆنێک بێت دەبێت ڕووە یاساییو مافییەکەی ئەو پرسیارەشمان لەبیرنەچێت، واتە حیزبی ئیسلامی هەیە، چونکە خەڵکانێک لەناو کۆمەڵگادا هەن کە هەندی جار جەماوەرێکی گەورەش پێکدەهێنن بەو جۆرە بیردەکەنەوەو دەخوازن بەو جۆرە لەڕووی سیاسییەوە خۆیان ڕێکخەن کە ئەوەش دەبێت مافێکی دەستەبەرکراوی دەستووری خۆیان بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕوونە کە تەکفیرو پەنا بردنە بەر توندوتیژیو (استغلال)کردنی ڕۆشنو بێپەردەی ئاین قەدەغەبکرێت، چونکە ئەوانە بەشێ نین لەو ئازادیانەی دەستووروو یاساکان لەکۆمەڵگا ئازادەکاندا دابینیان دەکات.

**دەستوور:** ئیسلام ئاینی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانە، بەڵام دەبینی ئیسلامییەکان لەهەڵبژاردنەکاندا ڕێژەیەکی کەم لەدەنگی هاووڵاتیان بەدەستدەهێنن، پێتوانیە ئەمڕۆ گوتاری سیاسی ئیسلامی شکستی هێناوە لەوەدا کەبتوانێت خۆی وەک نوێنەری ئاین پیشانبدات؟

**ئەبوبەکر عەلی:** ئەوە ئاساییە کە ئیسلامییەکان لەگەڵ ئیسلامیبوونیاندا نەتوانن ڕێژەیەکی زۆرتر لەحیزبەکانی تر لەدەنگی هاووڵاتیان بەدەستبهێنن، ئەمەش هەمووی بەوە لێک نادرێتەوە بوترێت ئیسلامییەکان یاخود گوتاری ئیسلامی شکستی هێناوە، ڕاستە بەشێکی پەیوەستە بەگرفتە ناوخۆییەکانی ئەم گوتارەوە کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە ڕێژەیەکی جەماوەریی بەربڵاو لەڕووی سیاسییەوە باوەڕ پێبکات، لەم ڕووەشەوە دەبێت ڕەخنە لەخۆی بگرێتو گوێ لەڕەخنەی بەرامبەرەکانیش بگرێتو خۆی نوێ بکاتەوەو ئامرازو فۆرمو ناوەڕۆکی خۆی شان بەشانی گۆڕانکارییەکان دەستکاری بکات، بەڵکو بەشێکی تری پەیوەست بووە بەوەی ئەوان لەڕووی مێژووییەوە درەنگ لەسەر گۆڕەپانەکە لەفۆرمی ڕێکخراوی سیاسی کوردستانیدا دەرکەوتوون کە دەریشکەوتوون لەگەڵ دۆخێکی دژواری سیاسیو ئەمنیو ئابووری ڕووبەڕووبوونەوە کە پانتایی کارو جوڵەو (خیار)ەکانیانی سنووردارکردووە، تا ڕادەیەک لەڕێی دەسەڵاتەوە هەوڵی لەقاڵبدرانیان دراوەو دەسەڵاتو پارە بۆ بەحیزبیکردنی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا بەقازانجی حیزبەکانی تر سودی لێوەرگیراوەو دەزگاکانی حکومەت وەک ئامرازی ڕاکێشانی ئەندام بۆ حیزب بەشێوەیەکی نایاسایی بەکارهێنراون، بەڵام لێرەدا پێویستە بوترێت کە کۆتایی پرسیارەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی پرسیاری پێشوو جۆرێ لەدژواریو ناکۆکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە لێرە خۆ بەنوێنەری ئیسلام لەقەڵەمدانو توانای خۆنیشاندان بەو جۆرە، کراوە بەمەرجی گەشەکردنی ئیسلامییەکان، ئەگەر حیزبە ئیسلامییەکان لەکوردستاندا لەبیری ئەوەدا بوون خۆیان وەک نوێنەری (ئاین) نیشانبدەن، بەو ئەندازەی بەو جۆرە بووبنو سەرکەوتوو نەبووبن کارێکی باشە بۆ خۆیانو بۆ کۆمەڵگاش، چونکە ئەوان دەبێت نوێنەرایەتی ئاراستەیەکی سیاسی ئیسلامی لەناو سیاسەتی کوردیو نوێنەرایەتی بەشی لەکۆمەڵگا بکەن، ئاساییشە لەو نێوەندەدا نوێنەرایەتی فۆرمێکی تری کاری سیاسی بکەن لەهەرێمدا کە پێیوابێت دەبێت پەیوەندی نێوان ئیسلامو سیاسەت لەکوردستان چاوی پێبخشێنرێتەوەو حسابێکی زیاتر بۆ شوناسی ئاینی کۆمەڵگاو دەرکەوتەکانی بکرێتو ئیسلام ڕۆڵێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی باشتر بەڕەچاوکردنی پێویستییەکانی بنیاتنانی حوکمڕانییەکی دیموکراسی بگێڕێو تێگەیشتنێکی تر بۆ عەلمانیەت بنیاتبنرێت، هەر چۆنێ بێت دەبێت لێرەدا ئیسلامو تەوژمی ئیسلامیش لەیەکتری جیابکەینەوە، بەو مانایەی تەوژمی ئیسلامی وەک تەوژمێکی سیاسی کۆمەڵایەتی دەکرێت میمبەرو سەکۆو بڵندگۆو نوێنەرو قسەکەری خۆی هەبێت، بەڵام (ئاین) بەتایبەتیش لەڕووی فەرمییەوە نابێت نوێنەری هەبێت، چونکە سروشتی ئایینو بەتایبەتیش ئیسلام قبوڵی ئەوە ناکاتو بەزیان بۆ سەر ئاینو کۆمەڵگاش دەشکێتەوە.

هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی بەها ئاینییە باڵاکان لەکاری سیاسیدا، کارێکی باشە، بەڵکو پێویستیشە، بەدەر لەوە هەموو هەناسەیەک بۆ سەپاندنی (ئاین) لەبەهای ئاین کەمدەکاتەوەو لەقوڵاییدا پێچەوانەی ئەرکی ئەوە لەژیانو گەردوندا.

**دەستوور:** ئەو واقیعەی کە دەبینرێتو دەبیسرێت لەدەرەوەو ناوەوەی حیزبە ئیسلامییەکان لەئێستادا بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە حیزبە ئیسلامییەکان ئایینیان کردوە بەهۆکارێک بۆ گەیشتن بەمەرامو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، ئایا ئەم ئیشکالیەتە واقیعەو هەیە؟ ئایا لێرەدا پیرۆزیەتی ئایین بەرەو ناپیرۆزبوون ناڕوات؟ قسەی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

**ئەبوبەکر عەلی:** ئەوەی لەم ڕووەوە دەوترێت هەندێکی واقیعەو لەناو هەندێ گروپو کۆمەڵی ئیسلامیدا دەبینرێتو هەندێکیشی پڕوپاگەندەی سیاسیو جەنگی دەروونییە، بەمەبەستی بەدناوکردنی ئیسلامییەکان، چونکە (ئاین) هێندەی لەلایەن دەسەڵاتە سیکۆلارو عەلمانییەکانی ناوچەکەوە (استغلال)کراوەو بۆ مەرامی سیاسیو بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەوایەتی بۆ ڕژێمی باوو هەندێ جاریش لێسەندنەوەی ڕەوایەتی لەئیسلامییەکان بەکارهاتووە، بەو ئەندازە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە نەکراوە، پێشموایە مەسەلەکە پەیوەندی بەئیسلامییەکانەوە تا ڕادەیەکی زۆر بەهەڵە تێگەیشتنە لەئاینو خراپ مومارەسەکردنیەتی، بەتایبەتیش لەلایەن گروپە توندڕەوو توندوتیژەکانو ئەوانەی بانگەشەی پیادەکردنی شەریعەت دەکەن بەوجۆرەی کە خۆیان تێگەیشتوونو دەیانەوێت لەڕێی هێزەوە بەسەر کۆمەڵگادا بیسەپێنن!! چونکە ئەوەندەی بەدوای ئەم مەسەلەدا چووین وادەردەکەوێت کە زۆربەیان بەنیازێکی خراپەوە مامەڵە لەگەڵ ئاین ناکەنو خۆشیان بەخزمەتکاری دەزانن! بەڵام دیارە لەم نێوەندەداو لەگەڵ دروستبوونی هەندێ قەیرانی ناوخۆیی هەندێ گروپی ئیسلامیو باڵەکانی ناوی، یاخود لەدەرەوەی خۆیدا لەقۆناغێکی دواتردا بۆ هەندێ هێز جۆرێ لە (استغلال) دێتەکایەوە، هەر چەندە لەوکاتەشدا (استغلال)ەکە بەشێکی هەڵقوڵاوی هەندێ سەرەتای فکریی هەڵەیە، ماوەتەوە بڵێم هەموو هەوڵدانی بۆ (استغلال)کردنی (ئاین) لەلایەن هەر دەسەڵاتو هێزو گروپێکەوە بێت، عەلمانی یاخود ئیسلامی، خیانەتە بەئاینو کۆمەڵگاش، لەهەمانکاتدا لێکدانەوەی هەموو باسکردنی دەربارەی ڕۆڵی سیاسیانەی ئیسلام لەکۆمەڵگادا لەو چوارچێوانەو بەو فۆرمەی لەپرسیارەکانی پێشوتردا باسمان کردو خستمانەڕوو، بە (استغلال)کردنی ئاین، جۆرێکی تری خراپی (استغلال)کردنی یاسایەو ئاماژەشە بەمۆدێلێکی عەلمانیەتی بەئایدۆلۆژیاکراوو سنووردارکردنی تواناکانی کۆمەڵگا بۆ گوزارشت دانەوەیەکی ئازاد لەشوناسو پێکهاتەو ناخو ئاراستەکانی ناو هەناوی.

**دەستوور:** کورتکردنەوەی ئایین لەحیزبێکی سیاسیدا پێتوانیە ئەوەندە فۆرمێکی دنیایی وەردەگرێت، هیچ ئەوەندە فۆرمێکی ڕۆحیو جەوهەریو ئەقڵانی وەرناگرێت؟ ئایا ئەمە لادان نییە لەپرەنسیپە گشتییەکانی ئایینی ئیسلام؟

**ئەبوبەکر عەلی:** هەروەک وتمان ئاینو بەتایبەتیش ئیسلام ڕۆحی یاخی ترە لەوەی لەچوارچێوەی نەک هەر حیزبێکدا، بەڵکو دامەزراوەیەکی زۆر لەوە گەورەتردا قەتیس بدرێتو زیندانی بکرێت، هەر هەوڵێکی لەو جۆرەش پوچو بێمانایە، بەتایبەتیش دەرهەق بەئیسلام کە گیانێکی بزێوی هەیەو ئاینێکی خاکیو میللییەو بەرامبەر بەدەزگاییبوون تاڕادەیەکی بەرچاو یاخییە، لەهەر برگەیەکی مێژووشدا بەپێچەوانەی ئەمەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت، ئازاری گیانو شکۆی دراوە، کۆمەڵگاش ڕۆژی لەڕۆژان ئەو لافەی لەکەس وەرنەگرتووە کە ئیسلام لەودا بەرجەستە دەبێتو ئەوو ئیسلام یەک شتن.

خەواریجەکان کە لەمێژوودا ئەم بۆنو بەرامەیان لێدێت گەرچی زۆر ڕێکخراویش نەبوون، بەڵام لەگەڵئەوەشدا کارەساتێکی زۆریان بەتایبەتیش لەڕووی سیاسییەوە نایەوە.

بەکورتی هەموو هەوڵێکی لەو جۆرەی لەپرسیارەکەدا هاتووە، بەلادانێکی ترسناک لەبنەماو بەهاکانی ئیسلام دادەنرێتو دژ بەگەشانەوەی پشکۆی ئیمانو ڕۆحو عیرفانو عەقڵانیەتی ئیسلامیشە.

هەموو هەوڵدانی بۆ (إستغلال)كردنی (ئایین) لەلایەن هەر دەسەڵاتو هێزو گروپێكەوە بێت، عەلمانی یاخود ئیسلامی، خیانەتە بەئایینو كۆمەڵگاش

من خۆم لەگەڵ لێکردنەوەی ناو، یاخود ئاوەڵناوو پاشگری (ئیسلامی)دام بەحیزبەکانەوە

ئاینو بەتایبەتیش ئیسلام ڕۆحی یاخی ترە لەوەی لەچوارچێوەی نەك هەر حیزبێكدا، بەڵكو دامەزراوەیەكی زۆر لەوە گەورەتردا قەتیس بدرێتو زیندانی بكرێت



# کەیت وینسلێت لەهاوسەرەکەی جیابووەوە




بڕیارە ژنە شۆخو ئەکتەری بەناوبانگ کەیت وینسلتی تەمەن ٣٤ ساڵ لەسام مێندێسی هاوسەری کە دەرهێنەرە جیابێتەوە.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانیش هۆکاری جیابوونەوەی مێندێسو وینسلت نزیکبوونەوەی سام مێندێسە لەرێبێکا هۆلی کچە ئەکتەری تەمەن ٢٧ ساڵ، سەرچاوەیەکی نزیکیش لەکەیت بەرۆژنامەکەی راگەیاندووە وینسلت کە بەپەیوەندی نێوان رێبێکاو سامی زانیوە زۆر خەفەتبار بووەو بڕیاری جیابوونەوەی داوە.

کەیتو سام لەساڵی ٢٠٠٣دا چوونەتە نێو ژیانی هاوسەرگیرییەوەو تەمەنی پێکەوە بوونیشیان تەنها ٧ ساڵ بوو.

# کیڤن کۆستنەر بۆ جاری حەوتەم دەبێتە باوک



کیڤن کۆستنەری ئەستێرەی بەنابانگو خاوەنی خەڵاتی ئۆسکار بۆ جاری حەوتەم دەبێتە باوک، ئەوەش دوای ئەوەی بڕیارە هاوسەرەکەی لەمانگی حوزەیراندا منداڵی ببێت.

هاوسەرەکەی کۆستنەر ناوی کریستین باومگارتنەرەو دیزاینی جانتاو جلوبەرگ دەکات، کۆستنەر تەمەنی ٥٥ ساڵەو تەنها لەباومگارتنەر دوو منداڵی دیکەی هەیە، کیڤن کۆستنەر لەژنی یەکەمی ٣ منداڵو لەپەیوەندی دوای ئەویش کە ماوەیەکی کەمی خایاند منداڵێکی هەیە.

# لەماوەی سێ سەعاتدا دووجار ژنی هێنا!

لەوڵاتی تورکیا کوڕێک لەماوەی سێ سەعاتدا دووجار ژنی لێ مارەکرا، کچی یەکەمیانی لەژێر فشاری خانەوەداکەیدا هێناو لەگەڵ کچی دووەمیشدا ماوەی ساڵێک پەیوەندی خۆشەویستی هەبوو، کوڕەکە کە تەمەنی ٢٨ ساڵە سەعات ٢ی دوای نیوەڕۆ بەشداری ئاهەنگێکی ژن مارەکردنی کردووە، دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکەش رێگەی گرتۆتە بەر بۆ هۆڵی ئاهەنگی دووەمو لەوێ کچی دووەمیشی مارە کردووە، دوای چەند مانگێک ماڵە باوکی خۆشەویستەکەی کە لەئاهەنگی یەکەمدا مارەی کردووە لەدادگا سکاڵا لەدژی کوڕەکە تۆماردەکەن بەوەی ژنی بەسەر کچەکەیان هێناوە، بەبڕیاری دادگاو بەپێی یاسای سزادانی تورکی ژنی دووەم بەکوڕەکە تەڵاق دەدەنو بەوجۆرەش کوڕەکەو خۆشەویستەکەی بۆ یەکتر دەمێننەوە.

# لەماوەی خولەکێکدا ٢٤ کاتژمێر ڤیدیۆ دادەبەزێنێت

سایتی یوتیوبی بەناوبانگ بەدەوڵەمەندی لەڕووی ڤیدیۆوە، لەماوەی هەر خولەکێکدا ٢٤ کاتژمێر گرتەی ڤیدیۆیی دادەبەزێنێ.

یەکێک لەبەرپرسانی ئیدارەی سایتەکەش رایدەگەیەنێ کە بەنیازن ئەو کاتژمێری دابەزاندنی ڤیدیۆیانە لە٢٤ کاتژمێرەوە بکەن بە٣٦، گوگڵ کە خاوەنی یوتیوبە لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا لەخولەکێکدا ١٥ سەعاتو لەمانگی ئایاری هەمان ساڵدا رێژەکەی بۆ ٢٠ سەعات بەرزکردەوە.

سایتی گوگڵ لەساڵی ٢٠٠٦دا یوتیوبی بە١,٦٥ ملیار دۆلار کڕیبوو.



# ئەو دەرزییەی مایكڵ جاكسۆن خۆی پێکوشت دەخرێتە مەزادەوە

سەرچاوەكانی هەواڵ بڵاویانكردەوە لە٢٥ی حوزەیراندا كە ساڵیادی مردنی مایكڵ جاكسۆنە زیادكردنێكی ئاشكرا بۆ فرۆشتنی هەندێک شتی تایبەتی ئەو گۆرانیبێژە رێكدەخرێت.

لەنێو ئەو شتانەشدا ئەو دەرزییەی تێدایە كە مایكڵ پێش مردنی مادەی "پرۆپۆفۆڵ"ی پێ لەخۆی دابوو، هەر ئەو مادەیەش بووە هۆی گیان لەدەستدانی، دەرزییەكە نرخەكەی پێنج ملیۆن دۆلارەو لەلایەن كەسێكی نەناسراوەوە هەڵگیراوە.

# بەرهەمێكی ناوازەی سێ كۆمپانیای زەبەلاح




لەم رۆژانەی دواییدا هەواڵی ئەوە بڵاوبوویەوە كە هەرسێ كۆمپانیای زەبەلاحی گوگڵو ئینتێڵو سۆنی بەنیازن بەرهەمێک دروست بكەن كە جێدەستی هەر سێكیانی لەسەر بێت، بەرهەمەكەشیان ناوبنێن تەلەفزیۆنی گوگڵ. هەروەک كۆمپانیای چوارەم بەشدارە لەدروستكردنی بەرهەمەكەدا، بەڵام بەشێوەیەكی راستەوخۆ نا، بەڵكو بەدروستكردنی ریمۆت كۆنترۆڵەكەی، ئەم قسانە تا ئێستا لەلایەن هیچ یەكێک لەو كۆمپانیایانەوە پشتڕاست نەكراوەتەوە، بەڵام باوەڕوایە لەگوگڵەوە دزەی كردبێتە دەرەوە.

# رۆنی بندوق بۆچی باشە؟



رۆنی بندوق لەبەرئەوەی رێژەیەكی زۆر ڤیتامین ئیو مادەی ئۆمێگا ٩ی تێدایە، زانایان پێیانوایە كە رۆنەكە دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی فشاری خوێنو هەروەک دەبێتە پارێزەرێكی باش بۆ دڵو دەمارەكانی جەستەی ئەو كەسانەی كە دەیخۆن.

مادەی ئۆمێگا ٩ی ناو رۆنەكە دەبێتە رێگر لەبەردەم بەرزبونەوەی رێژەی كۆڵیسترۆڵ لەلەشداو ئاستی شەكری نێو خوێنیش رێكدەخات، لێكۆڵینەوەكان دەریانخستووە بەكارهێنانی رۆنەكە بەبەردەوامی دەبێتە رێگرێک لەپیربوون.

# شانۆنامەیەكی نوێی شكسپیر دۆزرایەوە



لەزانكۆی نۆتینگهامی بەریتانیا مامۆستایەكی زانكۆ بەناوی برێن هامۆند ئاشكرایكرد ئەو شانۆیەی بەناوی "دەبڵ فۆڵس هود"ەوەیە، باوەڕوایە كە هی لویس سیۆباڵدی شانۆنووس بێت، لەبنەڕەتدا هی ولیام شكسپیرە. هامۆند كە لەساڵی ٢٠٠٢ەوە لەبواری شانۆدا كاردەكات رایگەیاند: لەو شانۆیەدا جێپەنجەی شكسپیر بەڕوونی دیارە، شانۆكە لەو بەرهەمەی شكسپیرە كە بەناوی "كاردینیۆ"وەیەو دیارنەماوە، مامۆستاكە ئاماژە بەوە دەدات ئەو شانۆیە سیۆباڵد دوای نووسینی لەلایەن شكسپیرەوە، هاتووە جارێكی دیكە كاری تێدا كردووەو بەناوی خۆیەوە بڵاویكردۆتەوە.

# ئەو خووانەی تووشبوون بەشێرپەنجە لای ژنان زیاددەكەن



لێكۆڵینەوەكان دەریانخستووە هەندێک خوو هەن كە ئەگەری تووشبوون بەشێرپەنجە زیاددەكەنو پێویستە هەموان بیانزانین، ئەوانیش: خواردنەوەی مادە كهولییەكان بەشێوازێک كە رۆژانە لەدوو یان سێ پەرداخ شەراب تێپەڕێت، ئەگەری تووشبوون بەشێرپەنجەی مەمک زیاددەكات، خواردنی ئەو خواردنانەی كە چەوری زۆریان تێدایە ئەگەری تووشبوون بەشێرپەنجە لای ئافرەتان بەڕێژەی لەسەدا ٣٣ زیاددەكات، هەروەک جگەرەكێشانو وەرزش نەكردن دوو هۆكاری دیكەن كە تووشبوون بەشێرپەنجەی مەمک زیاددەكەن.

# فەیس بووک وازی لەدوگمەی "شڵەژان" هێنا

ماڵپەڕی فەیس بووک وازی لەدانانی دوگمەی "پەنیک-شڵەژان" هێنا لەسەر لاپەڕەی سەرەكی سایتەكە كە بەنیازبوو دایبنێو مەبەست لێی بۆ ئاگاداركردنەوەی راستەوخۆی منداڵان دەهات، كاتێک دەستدرێژییان دەكرایە سەر.

بڕیاری دانانی ئەم دوگمەیەش لەدوای ئەوەوە هات كە پیاوێک لەرێی ماڵپەڕەكەوە منداڵێكی ١٧ ساڵ دەناسێتو دوای دەستدرێژی كردنە سەری دەیكوژێت.

بەرپرسانی سایتەكە بۆ رێگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی حاڵەتی لەوجۆرە بەنیازبوون ئەو دوگمەیە دروستبكەن، بەڵام تا ئێستاش نازانرێ كە بۆچی لێی پەشیمان بوونەتەوە.

facebook

---



## كاور

(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

لەلایەنی خۆشەوستییەوە كارەكانت زۆر بەباشی بەڕێوەدەچن، لەم هەفتەیەدا بەختی باشو كامەرانی یاوەرت دەبن، پێویستە خۆت بۆ كەسانی دەوروبەرت بسەلمێنی.



## گا

(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

باشتروایە ئەم هەفتەیە سەری خۆت لەبارەی خۆشەویستییەوە نەیەشێنیت، چونكە بێسوودە، بەپێچەوانەشەوە باشترین كاتە بۆ گەشتكردنو چوونە دەرەوە.



## دووانە

(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

هەسارەكان هەندێک زەحمەتت لەهەندێک كاردا بۆ دروستدەكەن، بواری ناسینی هەندێک كەست بۆ دەڕەخسێت، بەڵام مەرج نییە خۆشەویستیو خۆشبەختی هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵتدا بێت.



## قرژاڵ

(٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز)

وەک زۆرینەی كەس ئێوەش پابەندبوونتان لەكاتێكەوە بۆ كاتێكی تر جیاوازی هەیە، تۆ بەم جۆرە لەخورەوشت راهاتوویت كە بۆت واز لێناهێنرێت.



## شێر

(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

هەندێک شتی كەم لەبارەی تۆوە لەرێشەوە دەگۆڕێن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی واز لەهەندێک خوو بهێنی، هەر لەبەرئەوەشە ئەم هەفتەیە بۆ تۆ هەفتەیەكی زۆرباشە.



## فەریک

(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

حەزە راستەقینەكەت بۆ ناسینی هەموو كەسو شتێک جارێكی دیكە لەم هەفتەیەشدا دەكەوێتە ژێر تاقیكردنەوەوە، ئەوەش دەبێتە هەلێک بۆ ئەزمونو لەپاڵیشیدا خۆشبەختیت بۆ دێنێ.



## تەرازوو

(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەكەم)

ئەم هەفتەیە گونجاو نییە بۆ رۆمانسییەت، ملكەچیت بۆ ئارەزووەكانت بواری هیچت پێنادەن، كەشوهەوای دەوروبەرت زیاتر هەستیاری پێوە دیار دەبێت.



## دووپشک

(٢٣ تشرینی یەكەم - ٢١ تشرینی دووەم)

ئەم هەفتەیە كاتی گونجاوی زۆر تیایە بۆ بەرەوپێشبردنی ژیانی كۆمەڵایەتیت، كارەكانت نابنە ئەولەویەتت، بەڵكو هەستكردن بەئاسوودەیی كە چاوەڕوانی دەكەیت بەرەو پیرت دێت.



## كەوان

(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ كانونی یەكەم)

هەفتەیەک دەبێت پڕ لەسۆز بۆ ئێوە، گریانو پێكەنینتان تێكەڵاوی یەک دەبن، پیاوانی كەوان لەم هەفتەیەدا بواری دەرخستنی هەستی راستەقینەی خۆیان دەبێت.



## گیسک

(٢١ كانونی یەكەم - ١٩ كانونی دووەم)

یەكێک لەكەسە نزیكەكان یان هاوڕێكانت بەشتێک دڵخۆشت دەكات، تۆش دەتوانی هەمان شت بۆ كەسێكی دیكە بكەیت، بیریشت نەچێت تەنها گوڵێک نرخی زۆرە لەهاوڕێیەتی راستەقینەدا.



## سەتڵ

(٢٠ كانونی دووەم - ١٨ شوبات)

ئاگاداری تەندروستیت بە، چونكە ئەم هەفتەیە تۆ كاری زۆر دەكەیتو هەستیش دەكەیت كە بەوجۆرە پێویست دەكات، تۆ توانای ئەوەت هەیە رووبەڕووی هەموو سەختییەكان ببیتەوە.



## نەهەنگ

(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

سەركەوتنی گەورە لەرێتدایە لەبواری پیشەكەتدا، پێویستە ناكات زۆر لەخۆت بكەیت بۆ ئەنجامدانی هەندێک كار، وریای باری سۆزداریت بە.

دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە هەفتانە کۆمپانیای سولی تیلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تیلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شیرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم.
تەلاری میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١

ژمارە (٢٤) ، ساڵی یەکەم
چوارشەممە ٢٠١٠/٣/٢٤
www.destur.net
info@destur.net

## دەلاقە

خالیدی حاجی ئەحمەد

# کوردو سوننە

بەر لە وروژاندنی باسێکی لەم جۆرە دەبێت ئاماژە بە دوو خاڵ بدەین تا لە ئەشکالیەتێکی گەورە بەدوربین، ئەوانیش بریتین لە ١- کورد کەمایەتییەکی شیعەی هەیە کە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ شیعەی عەرەبدا، ئەم کەمایەتییەش لە خۆیدا دیسانەوە لە دوو بەش پێکهاتووە: ئەو بەشەی لە سەر خاکی کوردستاندا دەژیو ئەمڕۆکە زۆربەی کەوتۆتە ئەو ناوچانەی بە کێشە لەسەر دادەنرێن، هەموویان وەک کورد مامەڵە دەکەنو شیعەبوونەکەیان وەک پێکهاتەی عێراقی لێی ناڕوانرێت، بەڵام ئەو بەشەی لە خاکی عەرەبی عیراقدا دەژین، گوزەرانو ژیانو جەنگو ئاوارەییو بێدەرەتانی زۆرینەیانی بەرەو رزگاربوون لە بەرگە ئاینیەکەدا بردووەو گەرچی هێشتاش هیوای گەڕانەوەیان بۆ ناو رەهەندی نەتەوەیی کورد لەدەست نەداوە کە (بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی کەمتر کاری بۆ کردووە) رەنگە رەوتی دیموکراسی گشتیو لیبرالیزمێکی ناوەندی عێراقی زیاتر بەرەو بوژانەوەیان بەرێت تا بتوانن نیمچە سەربەخۆییەک بەدی بێنن لە هەژمونیەتی شیعەگەریی عەرەبی، ٢_ سووننە بوونی کوردە کە دەبێت مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵدا بکرێتو رەهەندی سوونی بوونی کورد بە شێوازێکی سیاسیانە بوروژێنرێت کە بتوانێت ٣ مەبەستی دروست بپێکێت، ئەوانیش بریتین لە

١_ ناوچە کێشە لەسەرەکانمان لە راستیدا لە شەنگارەوە بۆ مەندەلیو بەدرەو جەسان ئەو ناوچانانەن کە پێکهاتوون لە ئاینزاو و بنە ئاینی جیاوازی وەک ئێزدیو شەبەکو کاکەییو شیعە، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرینەی کورد سوونەیە بڕێکی زۆر لەو ئاینزایانە نەهامەتیو چەرمەسەریی زۆریان بەدەست میرە کوردە سوونیەکانەوە بینیوە، بۆیە لەم خاڵەدا دەبێت باسکردن لە رەهەندی سوونی بوونی کورد، گەڕانەوەی ئەو مافو پێگانە بێت بۆ ئەو بەشە لە کورد، بەدەست کوردی سووننەوە چەشتویەتیو پییان بسەلمێنرێت کە رەهەندی سوونی بوونی کورد لە دوای کورد بوونەوەیەو ئەو کوردانەی لە ناوچە جێ ناکۆکەکاندان وەک قەڵغان دژ بە عەرەبیی سوونە بەکارناهێنرێنو لە کوردستاندا جێو رێی شیاوی خۆیان هەیەو ئەو جیاوازیە ئاینیە مایەی شانازیو دەوڵەمەندبوونی بوونی کوردە.

٢_ هێزە ئیسلامیە کوردییەکان کە پێگەکەیان ئیسلامە لەو کەمایەتیە ئاینییانە بە ئاگا بێنەوەو ئەو راستیە بزانن کە کورد پێکهاتەیەکی سوونی رەها نیەو کورد بوونی ئەم هێزانە چەندین پێوەری هەیە کە لەوانە چۆنییەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو مۆزایکەی کە خاکی کوردستان پێک دەهێنێتو زوو یان درەنگ دەبێت بێنە گۆ لەم کێشە پشتگوێخراوانەو بەکردەوە بیسەلمێنن کە کوردێکی شەبەک نزیکترە بۆیان کە شیعەیە لە سونەیەکی عەرەبی شۆڤێنی کە ئیخوانیش بێت.

٣_ خاڵی کۆتایی بریتیە لە بەکارهێنانی ئەو رەهەندە لە سیاسەتی رۆژدا کە بە ئاشکرا دەبینین، سووننەی عەرەب لە هەوڵی بەکارهێنانی کوردایە دژ بە شیعەو دیسانیشەوە بە پێچەوانەوە، لەکاتێکدا بەئاشکرا دەزانین پاڵنەرێکی گەورە بۆ ئینگلیزەکان تا کورد بە عێراقەوە بلکێنن سوونی بوونەکەی بووە تا باڵانسی شیعەی پێڕاگیرێت، بۆیە ئەمڕۆ کوردیش مافی بەکارهێنانی هەمان چەکی هەیە.

سووننەی عەرەب لەمڕۆکەدا دوو خاڵی لەبەرچاوی لەخۆ گرتووە: یەکەم لە خوێندنەوەیەکی گشتیدا نوێنەرایەتی عەلمانیەتی گۆڕەپانی سیاسی دەکەن لە عێراقدا کە لەمڕۆدا سەبارەت بە عێراقێکی مەزهەبی گرنگییەکی زۆری هەیە. دووەم، سەرباری تێکشکانی لەقۆناغی رزگاریی عێراقو لەگۆڕنانی بەعسدا، بەڵام بە جیدیو بە توندی گەڕاونەتەوە ناو گۆڕەپانی عێراقو لە رێی لیستی ئەلعێراقییەوە پێگەیەکی بەهێزیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە، کە توندڕەوە تورکومانەکانیشی لەخۆ گرتووە.

خاڵێکی تری گرنگ لە سوونەی عەرەبدا کە گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە، گەرچی هەواڵەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئەلقاعیدەو فەلوجە زیاتر خەیاڵ بەرەو پارێزگای ئەلئەنبار رادەکێشێت، بەڵام دەبێت بزانین کە پێگەی یەکەمی سووننە شاری موسڵەو لەوشارەدایە کە تێوریسێنو شۆڤێنیزمو کوردکوژەکانیان سەرهەڵئەدەنو لە نوێبونەوەدان، بڕێکی زۆری خاکی کوردستانیش کە مەترسی لەدەستچوونی لەسەرە لە جوغزی جوگرافیای ئەو شارەدایە، لێرەشدا جێی ئاماژەیە کە هەرسێ گەورە عەشیرەتە دەشتنشینەکەی ئەو دەڤەرە کە بریتین لە زێباریو هەرکیو سورچی دانیشتوی ئەو ناوچەیەنو سەرکردایەتی کورد ئەرکێکی گەورەی لەسەرە بۆ ئاشتکردنەوەی ئەو سێ عەشیرەتەو لێبوردنیانو گێڕانەوەیان بۆ باوەشی کوردو کوردستانو ئەویش لە خۆیدا دەبێتە گورزێکی کوشندە لە توندڕەوەکانی سووننە کە لە هەوڵی دابڕکردنو ئاژاوەنانەوەوەو دژایەتیکردنی کوردان بە کورد.

